حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی جوگرافیا

# پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم

(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)

نامەیەکە خوێندکار

صباح لطیف محمد

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا/ مرۆییدا

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د.أحمد رفیق کریم

٢٧٢٣ کوردی ١٤٤٤ کۆچی ٢٠٢٣ زایینی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَ أُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَ قَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾

**صدق الله العظيم**

سورة الحُجُراتْ: الآية (١٣)

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (صباح لطيف محمد) بەناونیشانی: (پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم)، ( لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (جوگرافیا/مرۆیی)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. ئەحمەد ڕەفیق کەریم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/٢٣

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د.سۆران حمەامين احمد

نازناوی زانستی: پرۆفیسۆر

پیشەی ئەکادیمی: سەرۆکی بەشی جوگرافیا

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (صباح لطیف محمد) بە ناونیشانی: (پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم)، (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی) خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکار گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری نامەکە کرد، بڕیارماندا بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (جوگرافیا/ مرۆیی)دا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: پ. د. جەزا تۆفیق تالیب

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٠/٤/٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. د. سلێمان عبداللە اسماعیل

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام

ڕێکەوت: ٤/٧/٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. د. سەفین جلال فتح اللە

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام

ڕێکەوت: ٤/١/٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: د. ئەحمەد ڕەفیق کریم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەشتییار

ڕێکەوت: ٤/١/٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت

ڕێکەوت:

## پێشکەشە

ئەم نامەیە پێشکەشە بە :

- ئەندامانی خانەوادەکەم
- ئەوانەی بەهای زانستیان لایە
- دڵسۆزانی کورد و کوردستان

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ خودای بەخشندە و میهرەبان ئەم دەرفەتەی لە چارە نوسیم و توانا و سەبری پێبەخشیم، یارمەتیدام لە تەواوکردنی ئەم نامەیە.

سوپاس و پێزانین و وەفاداریم هەیە بۆ هەموو ئەو کەس و لایەن و دامودەگازیانەی کە بە کردار یان بە گوفتار، بە پێدانی سەرچاوەی کتێب و داتا و زانیاری و ئاسانکاریکردن، بوون بە هاوکارم لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا بوار نییە ناوی هەموویان بهێنم؛ بە پێوستی دەزانم سوپاسی و پێزانینی تایبەت ئاراستەی ئەم بەڕێزانە بکەم:-

❖ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێز (پ.ی.د.ئەحمەد ڕەفیق کەریم) ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ، لە خۆبووردوانە و ماندوونەناسانە بە ڕێنمای و تێبینی و وردبینییەکانی یارمەتیدام لە دەوڵەمەندکردن و تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

❖ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ڕاگرایەتی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و مامۆستایانی بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی کە ئێمەیان گەیاندە ئەم قۆناغە.

❖ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستایانی کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین.

## لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| (ی.ن.ک) یەکێتی | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| (پ.د.ک) پارتی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| (p.k.k) پەکەکە | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| (ح.س.د.ک) | حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان |
| پ | پارێزگا |
| ت | ترجمة |
| چ | چاپ |
| ژ | ژمارە |
| ز | زاینی |
| ص | صفحة |
| ط | طبعة |
| و | وەرگێران |
| ع | عدد |
| ملم | ملیمەتر |
| سم | سانتیمەتر |
| م | مەتر |
| م$^{٣}$ | مەتر سێ جا |
| کم | کیلۆمەتر |
| کگم | کیلۆگرام |
| پێ$^{٣}$ | پێ سێجا |
| P | paje |
| S | sayfa |

**پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم**
**(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)**


**پوختە**

هەرێمی کوردستان کەوتوتە بەشی باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا لە باکووری دەوڵەتی عێراق، وەک بەشێک لە عێراق هاوسنوورە لەگەڵ سێ دەوڵەتی دراوسێ؛ ئێران لە رۆژهەلات، تورکیا لە باکوور، سووریا لە خۆرئاوا، ناوچەی توێژینەوە هەڵاوێر بە عێراق لە ڕووی کیشوەریەوە شوێنێکی داخراوی هەیە، بەڵام گوێرەی شوێنی جوگرافی دراوسێتی لایەنی باش و خراپی هەیە؛ هەروەها کۆمەڵێک تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی هەیە، لەوانە؛ جۆراوجۆری شێوەی ڕووی زەوییەکەی و ئاوهەواکەی، دەوڵەمەندە بە سامانی کانزایی بە تایبەت نەوت و گازی سروشتی، کە مەزەندە کراوە بە (٤٥) ملیار بەرمیل نەوت و (٢٠٠) تریلۆن پێ[٣] لە گازی سروشتی؛ لە ڕووی تایبەتمەندی دانیشتوانەوە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی گەنجە بەجۆرێک ڕێژەی (٦٠%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، ئەمانەش دەتوانرێت بە قازاجی بەرژەوەندی ئابووری نیشتمانی سوودی لێ وەربگیرێت.

وەک ئاشکرایە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم، یەکەم دەسپێکی ئەو پەیوەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆک کۆماری تورکیا (تورگوت ئۆزال) لە ساڵی (١٩٩١)، بەتایبەت دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (١٩٩٢)، وەک قەوارەیەکی ڕامیاری نیمچە سەربەخۆ، دەستی کرد بە پەیوەندی ڕامیاری و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لە چاوچێوەیەکی تەسکدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ مافە ڕەواکانی گەلی کورد نەبووە، لە ترسی سەربەخۆیی قەوارەی هەرێم و جیابوونەوەی لە عێراق، بۆ ئەو مەبەستە دەستێوەردانی کردووە لە ڕووداوە ناوخۆیەکانی ناوچەی توێژینەوە.

لەم تویژینەوەیەدا جەخت لە پەیوەندییە ئابووریەکانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا کراوەتەوە، بەتایبەت دوای گرتنە دەستی دەسەلات بۆ جاری دووەم لە ساڵی (٢٠٠٧) لە لایەن (پارتی داد و گەشەپێدان)، بە هاتنەکایەی وەبەرهێنان لە کەرتە ئابووریەکانی هەرێم بەتایبەت کەرتی نەوت و گازی سروشتی لە لایەن کۆمپانیا تورکیەکانەوە، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەی ئەو کۆمپانیا تورکیانەی هاتنە ناوچەکە لە ساڵی ٢٠١٣ گەشتە (١٥٠٠) کۆمپانیا، هەروەها قەبارەی ئاڵوگۆڕیە بازرگانییەکانی نێوانیان ڕووی لە هەڵکشان کرد، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٣) بەرزبوویەوە لە (١,٤ بۆ ٨ ملیار دۆلار)، هەر لەو ساڵانەدا ناوچەی تویژینەوە بوو بە گرنگترین ناوەندی چالاکییە بازرگانیەکانی تورکیا، بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشا چونکە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ ڕیفراندۆمی ئەنجامدا پاشەکشەی بە پەیوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانی کرد لەگەڵ تورکیا و تەنانەت ئێرانیش، ئەمە بووە مایەی داخستنی دەروازە سنوریەکانی هەردوو

وڵات بەڕوویدا، بەڵام بەهۆکاری سەرنەگرتنی ڕیفراندۆمەکە، پەیوەندیەکان دەستییان پێکردەوە، هەبوونی بەرژەوەندیەکانی تورکیاش لە ناوچەکە وایکرد پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوانیان بەرەو ئاسایی بوونەوە بچێت.

ئاسۆی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەوەستێتە سەر بەدیهاتنی ئامانجە ڕامیاری و ئاسایشی و ئابوورییەکانی نێوان هەروولایان بە تایبەت بۆ تورکیا، چونکە لایەنی بەهێزە لەم هاوکێشەیەدا؛ گەر بێتو ئەو ئامانجانە بەدی بێت، ئەوا پەیوەندییە ڕامیارییەکانیان بەهێز و توندوتۆڵ دەبێت، بەڵام گەر هاتوو ئەو ئامانجانە بە دی نەیەت و بە زیان لە بەرژوەندی تورکیا بکەوێتەوە ئەوا پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوانیان ساردبوونەوە و گرژی تێدەکەوێت؛ ئاسۆی پەیوەندییە ڕامیارییەکان کاریگەری هەیە لەسەر ئاسۆی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوانییاندا هەیە، باشبوونی پەیوەندییە ڕامیارییەکان دەرفەت دەدات بە وەبەرهێنانی زیاتری تورکیا لە هەرێم وە بە پێچەوانەشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەبەرهێنان دەوەستێتە سەر فەراهەمبوونی ژینگەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و کۆمپانیاکانی، ئەگەر ژینگەیەکی لەبار لە ئارادا هەبێت وەبەرهێنانی تورکیا بەرەو ئاسۆیەکی گەش هەنگاو دەنێت وە بە پێچەوانەشەوە.

لە دیارترین ئەو ئامانجانەی توێژینەوەکە مەبەستیەتی؛ دەرخستنی ڕادەی کاریگەری بوونی دەرامەتە سروشتیەکانی هەرێمە بە تایبەت نەوت و گازی سروشتی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی کۆمپانیا تورکییەکان بەدیار دەخات لە بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە کەرتە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایدا ئەم توێژینەوە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە لە گرنگترینیان؛ پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پەیوەندییەکی هاوسەنگ نەبووە، تورکیا وەک دەسەڵاتێکی خۆجێی مەمەڵەی لەگەڵ کردووە، پاڵنەرەکانی ئەم پەیوەندیانەش زیاتر ئاسایش و ئابووری و ڕامیارین؛ ئەنجامێکی تر ئەوەیە، ئەو نەوتەی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٠) بە بۆری و تەنکەر بۆ بەندەری جەیهانی تورکی هەناردەکراوە زیاترە لە (١) ملیار بەرمیل نەوت، بە بەهای (٤٥,٩ ملیار دۆلار) فرۆشراوە، هەرێم لەو پارەیە (١٥,٥ ملیار دۆلار) ی بۆ ماوەتەوە؛ هەروەها لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٦)، تورکیا (٢٢) پرۆژەی بە شێوەی سەربەخۆ و هاوبەش لە هەرێمی کوردستان بە گوژمەی (١,٤٨٤ ملیار دۆلار) ئەنجامداوە.

## ناوەرۆک (پێڕست)


| ناوەرۆک | ل |
|---|---|
| قورئانی پیرۆز | أ |
| ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ڕەزامەندی سەرۆکی بەش | ب |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| پێشکەشە | ث |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| لیستی کورتکراوەکان | ح |
| پوختە بە زمانی کوردی | خ- د |
| ناوەرۆک (پێڕست) | ذ- س |
| پێشەکی | ١-٤ |
| بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە | ٥-٤٨ |
| باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە | ٥-٢٨ |
| تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێمی کورستان | ٥-٢٠ |
| تەوەری دووەم: تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ٢١-٢٨ |
| باسی دووەم: ڕەهەندی مێژووی و ڕامیاری ناوچەی توێژینەوە | ٢٨-٤٨ |
| تەوەری یەکەم: مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢٨-٣٥ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و توركیا | ٣٥-٤٨ |
| بەشی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانی هەرێم | ٤٩-٨٠ |
| باسی یەکەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بازرگانی)ی هەرێم | ٤٩-٦٤ |
| تەوەری یەکەم: کشتوکاڵ | ٤٩-٥٣ |
| تەوەری دووەم: گەشتوگوزار | ٥٤-٥٧ |
| تەوەری سێیەم: بازرگانی | ٥٧-٦٤ |
| باسی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (پیشەسازی و نەوت و گازی سروشتی)ی هەرێم | ٦٤-٨٠ |
| تەوەری یەکەم: پیشەسازی | ٦٥-٦٧ |
| تەوەری دووەم: نەوت | ٦٧-٧٥ |

| ناوەرۆک | ل |
| --- | --- |
| تەوەری سێیەم: گازی سروشتی | ٧٥-٨٠ |
| بەشی سێیەم: ئاسۆی پەیوەندییەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم | ٨١-١٠٠ |
| باسی یەکەم: ئاسۆی پەیوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا | ٨١-٨٩ |
| باسی دووەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆی ئایندەی | ٨٩-١٠٠ |
| تەوەری یەکەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان | ٨٩-٩٧ |
| تەوەری دووەم: ئاسۆی ئایندەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان | ٩٧-١٠٠ |
| دەرئەنجامەکان | ١٠١-١٠٣ |
| ڕاسپاردەکان | ١٠٤-١٠٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٠٦-١٢٠ |
| پاشکۆکان | ١٢١-١٣١ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | أ- ب |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشان | ل |
| --- | --- | --- |
| ١ | ڕووبارەکان و تایبەتمەندی و داهاتیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق | ١٧ |
| ٢ | تایبەتمەندییەکانی حەوزەکانی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستاندا | ٢٠ |
| ٣ | ژمارە و ڕێژە و گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ - ٢٠٢٠) | ٢٢ |
| ٤ | ڕێژەی ڕەگەز (نێر و مێ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ - ٢٠٢٠) | ٢٣ |
| ٥ | گرووپی تەمەنی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ -٢٠٢٠) | ٢٥ |
| ٦ | دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین و لادێنشین) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ -٢٠٢٠) | ٢٦ |
| ٧ | هاوردەی کەرەستە و ئامێری کشتوکاڵی لە تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٢٠) | ٥٠-٥١ |
| ٨ | هەناردەی تورکیا (بڕ و ڕێژە) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٣) | ٦٢ |
| ٩ | هەناردەی چەند جۆرێکی کاڵا و شمەک لە تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠) | ٦٤ |

| ژ | ناونیشان | ل |
|---|---|---|
| ١٠ | پرۆژە پیشەسازییەکانی تورکیا (سەربەخۆ- هاوبەش) لە پاریزگاکانی هەولێر و دهۆک لەنێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٦) | ٦٦ |
| ١١ | پشکی کۆمپانیاکانی تورکیا لە بلۆکە نەوتییەکان (سەربەخۆ و هاوەڵ)ی ناوچەی توێژینەوە | ٧٠ |
| ١٢ | هەناردەی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی لە رێگەی تەنکەر و سۆمۆ و بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە (بەرمیل) بۆ ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٣) | ٧٢ |
| ١٣ | پوختەی قازانج و زەرەری ساڵانەی پرۆسەکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێون ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٣) | ٧٣ |
| ١٤ | بڕی هەنارده و داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) | ٧٥ |
| ١٥ | بڕی بەرهەی گازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر لەنێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) | ٧٨ |
| ١٦ | پشکی کۆمپانیا تورکییەکان لە کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان | ٨٠ |
| ١٧ | ژمارەی پرۆژە و بڕی سەرمایەی بەگەڕخراوی تورکیا لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥) | ٩٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرۆژە و بڕی سەرمایەی بەگەڕخراوی هاوبەشی (تورکیا-عێراق) لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٦) | ٩٢ |
| ١٩ | ژمارە و ڕێژەی وەبەرهێنانی کۆماری تورکیا لە سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥) | ٩٦ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژ | ناونیشان | ل |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە | ٦ |
| ٢ | شوێنی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی شوێنی دراوسێیەتی و ڕووبەرە وشکانی و ئاوییەکان | ٨ |
| ٣ | بەرزونزمی ڕووی زەوی ناوچەی توێژینەوە | ١١ |
| ٤ | هەرێمە ئاوهەواییەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١٣ |
| ٥ | دابەشبوونی کانزاکان لە ناوچەی توێژینەوە | ١٥ |
| ٦ | ئاوی سەر زەوی ناوچەی توێژینەوە | ١٩ |
| ٧ | هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٢ | ٢٩ |
| ٨ | ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی لە ناوچەی توێژینەوە پێش دروستبوونی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان | ٣٢ |

| ژ | ناونیشان | ل |
| --- | --- | --- |
| ٩ | گرنگترین شوێنی گەشتیاری و بنکە و بارەگاکانی سوپای تورکیا و پەکەکە لە ناوچەی توێژینەوە | ٥٦ |
| ١٠ | دەروازە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا | ٦٠ |
| ١١ | بۆری نەوت و بلۆکە نەوتییە بەرهەمدارەکانی ناوچەی توێژینەوە | ٦٨ |
| ١٢ | بۆری گاز و بلۆکی گازی سروشتی لە ناوچەی توێژینەوە | ٧٧ |
| ١٣ | ڕێژەی سەرمایەی بەگەڕخراوی تورکیا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠١٥) | ٩١ |
| ١٤ | ڕێژەی سەرمایەی بەگەڕخراوی هاوبەش (تورکیا-عێراق) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٨-٢٠١٦) | ٩٣ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشان | ل |
| --- | --- | --- |
| ١ | دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین و لادێنشین)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ساڵی (٢٠٠٩ و٢٠٢٠) | ٢٦ |
| ٢ | ڕێژەی بەشداری دەستی کار لە چالاکییە ئابوورییە جیاوازەکاندا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٢) | ٢٨ |
| ٣ | هەناردەی کۆماری تورکیا (بڕ و ڕێژە) بۆ کۆماری عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٤) | ٦٣ |
| ٤ | ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان لە ناوچەی توێژینەوە لەنیوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠١٣) | ٩٥ |
| ٥ | ڕێژەی وەبەرهێنانی تورکیا لە سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠١٥) | ٩٧ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشان | ل |
| --- | --- | --- |
| ١ | دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی ژینگەیی ( شارنیشین – گوندنشین) و پێکهاتەی ڕەگەزی (نێر-مێ)ی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ١٢١ |
| ٢ | ڕاپۆرتی لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو ناوچانەی بەرکەوتەی بۆردومان و لەشکرکێشییەکانی کۆماری تورکیا و تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون | ١٢٢-١٣١ |

# پێشەکی

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان و تورکیا بە گوێرەی شوێنە جوگرافییەکەیان، کە هاوسنوورن پەیوەندی مێژووی، کلتووری، ئاینی و نەتەوەیی پێکیانەوە دەبەستێ تەنانەت ئاسایشی نیشتمانییان پێکەوە پەیوەستە، چونکە ڕووداو پێشهاتەکانی هەر لایەکیان کاریگەری لەسەر ئەوی تریان هەیە؛ بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە لە ناوچەکە سەریهەڵدا لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەم هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ بوو بە دیفاکتۆ بە وڵاتی عێراقەوە، تورکیا قوتبوونەوەی ئەم قەوارە کوردییەی بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەزانی، ناچار بەو پێشهاتانە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ سەرکردەی حیزبەکانی ئەم بەشەی کوردستان کردووە، ئەمەش زیاتر لە ڕەهەندێکی ئەمنییەوە بووە بە تایبەت مەسەلەی پەکەکە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و شکانی گەمارۆی ئابووری لەسەر هەرێم و کرانەوەی بەڕووی دەرەوە بە تایبەت بە ڕووی وەبەرهێن و کۆمپانیا و تورکییەکاندا ئەم پەیوەندییانە ڕەهەندێکی ئابووریشی لە ئاستێکی فراواندا گرتەوە لەوانە: لە سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، نەوت و گاز، گەشتوگوزار، بازرگانی و وەبەرهێنان)، پەیوەندییە ئابوورییەکان کاریگەری لەسەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانیش دانا، بوو بەهۆی زیاتر نزیکبوونەوەی هەرێم و تورکیا لەیەکتر، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندیانە ناوبەناو قۆناغی گرژیشی بەخۆیەوە دیووە.

### چوارچێوەی شوێنی و کاتی توێژینەوەکە

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە، دەسەڵاتی ڕامیاری و کارگێڕی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە بە ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە؛ چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە، لە دەستپێکی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ٢٠٢٠ دەگرێتەوە.

### کێشەی توێژینەوەکە

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە، تورکیا وەک دەسەڵاتێکی خۆجێی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بۆیە لە زۆر بابەتدا ئەمە بەزیان بۆ هەرێم شکاوەتەوە. گرنگترین کێشەکانی ئەم توێژینەوەش بە چەند پرسیارێک دەخرێتەڕوو:-

١- ئایا شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستان، کاریگەری هەبووە لەسەر لاسەنگبوونی نەرێنی پەیوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ تورکیا؟

٢- ئایا دەرامەتە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا؟

٣- ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پەیوەندییە ڕامیارییەکان لە خزمەتی بەرەوپێشبردن و پەرەسەندنی کەرتی ئابووری وەبەربهێنێت؟
٤- ئایا ئەم پەیوەندییە ڕامیاری و ئابوورییانە، هۆکارە بووە بۆ لەدەستدانی خاکی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی لە لایەن کۆماری تورکیاوە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە**

١- لاسەنگی هەیە لە پەیوەندییە ڕامیاریی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، بەهۆی شوێنی جوگرافیی هەرێم لە نەبوونی دەرچەی ئاوی، پەیوەندییەکان دەچنە خزمەتی تورکیاوە.
٢- دەرامەتە سروشتییەکان بەتایبەتی دەرامەتی وزەی هەرێمی کوردستان، هۆکار بووە بۆ ئەوەی کۆمپانیا تورکییەکان بێنە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا فرە ڕەهەند بێت.
٣- پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا زیاتر چووەتە خزمەتی کەرتی ئابووری تورکیاوە.
٤- پەیوەندییە ڕامیارییەکان و پاشتر دروستبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکان، ڕێخۆشکەر بوون بۆ داگیرکردنی بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن سوپای تورکیاوە.

**گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێک خۆی دەبینێتەوە لەوانە:-

١- ئەم ماستەرنامەیە بە زمانی شیرینی کوردی نوسراوە لەسەر بابەتێکی دانسقە و گرنگی بواری جوگرافیای ڕامیاری، ئەویش پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە و ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە ڕامیارییانە لەسەر دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان.
٢- خستنەڕوو و شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی بابەتگەلێکی زیندو و ڕۆژ، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەندیان وەربگرێت و کاریان لەسەر بکات، لە بەرژەوەندیی ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبێت.
٣- پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچووکی پەرتوکخانەی کوردی و پێشکەشکردنی ماستەرنامەیەکی ئەکادیمی بەپێز لەسەر جوگرافیای ڕامیاری بە توێژەران، نوسەران، پسپۆڕانی ئەم بوارە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوە لە پێناوی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکە لەوانە:-

١- زانینی کاریگەری دەرامەتە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دروستبوونی پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ تورکیا.
٢- زانینی کاریگەری شوێنی هەرێمی کوردستان لە ناهاوسەنگی ئەو پەیوەندییە رامیاری و ئابوورییانەی، کە لەگەڵ تورکیا هەیەتی.
٣- زانینی رۆڵی پەیوەندییە رامیارییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر دروستبوونی پەیوەندییە ئابورییەکانیان.
٤- زانینی رادەی نەرێنی کاریگەری پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیا، لەسەر دۆزی حکومەتی هەرێم و ئەزمونەکەی.
٥- زانینی رادەی کاریگەری تورکیا و کۆمپانیاکانی لە کەرتە ئابووریەکانی حکومەتی هەرێم.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لە خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی بەش و باسەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی چەند میتۆدێکمان کردووە لەوانە:-

١- میتۆدی پەسنی شیکاری (المنهج الوصفي التحليلي): لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا و ژمارە و رێژەی خشتەکانی تایبەت بە بابەتە ئامارییەکان پشت بەم میتودە بەستراوە.
٢- میتۆدی مێژویی (المنهج التاريخي): لەو بابەتانەی کە گەڕاوینەتەوە بۆ مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە رامیارییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا پەیڕەوی ئەم میتۆدە کراوە.
٣- میتۆدی هەرێمی (المنهج الاقليمي): ئەم میتۆدە بەکارهاتووە لە شیکردنەوەی رەگەزە سروشتی و مرۆیی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەر**

لە ماوەی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئاستەنگێکمان بۆ هاتە پێش لەوانە:-

١- هەژاری پەرتوکخانەی کوردی تایبەت بە هەندێک بابەتی ناو توێژینەوەکە، وای کرد بە ناچاری لە هەندێک دۆخدا پەنا ببرێتە بەر سەرچاوەی ئەلیکترۆنی.
٢- کەمی داتا و زانیاری لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەسەر کەرتە ئابوورییەکانی هەرێم.
٣- هاوکاری نەکردنی تورکیا و کونسوڵییەکانیان بە پێدانی داتا و زانیاری تەواو لەسەر قەبارە و جۆر و رێژەی بازرگانی و رێکەوتنە بازرگانییەکانی حکومەتی هەریمی کوردستان لەگەڵ

تورکیا، ئەمەش گرفتیکی سەرەکی بوو لە نوسینی تویژینەوەکەدا. جگە لەوەش زۆرێک لە زانیارییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار نەکرابوون.

٤- نەبوونی داتای تەواوی پێوست لەسەر دانیشتوان و کەرتە ئابووییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی.

**پلانی توێژینەوەکە**

بە مەبەستی گەشتن بە ئەنجامێکی زانستی دروست، توێژنەوەکە دابەشی (٣) بەش و (٦) باس و (١٢) تەوەر کراوە:-

لە بەشی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، ئەمیش دابەش کراوە بۆ دوو باس: باسی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە، کە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێمی کورستان و لە تەوەری دووەمدا تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو؛ باسی دووەم بە ناونیشانی ڕەهەندی مێژووی و ڕامیاری ناوچەی توێژینەوەیە؛ بە هەمان شێوە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەوەری دووەم پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە. ناونیشانی بەشی دووەم بریتییە لە کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانی هەرێم، ئەویش دابەشکراوە بەسەر دوو باسدا:- باسی یەکەم: بە ناونیشانی کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بازرگانی)ی هەرێمە، کە هەریەکێک لەو سێکتەرانە کراوە بە تەوەرێکەوە؛ باسی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (پیشەسازی و نەوت و گازی سروشتی)ی هەرێمە بە هەمان شێوە هەریەکێک لەو سێکتەرانە کراوە بە تەوەرێکەوە؛ ناونیشانی بەشی سێیەم بریتییە لە: ئاسۆی پەیوەندییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری هەرێم، ئەم بەشەش دابەش کراوە بۆ دوو باس: باسی یەکەم پێکهاتووە لە ئاسۆی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و باسی دووەم بریتییە لە وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆی ئایندەی، ئەم باسەش دابەش کراوە بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و لە تەوەری دووەمدا ئاسۆی ئایندەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێمی کورستان

تەوەری دووەم: تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

### باسی دووەم: ڕەهەندی مێژووی و ڕامیاری ناوچەی توێژینەوە

تەوەری یەکەم: مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان

تەوەری دووەم: پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

لەم بەشـەدا بـاس لە ناسـاندنی نـاوچەی تـوێژینەوە (هەرێمـی کوردسـتان) دەکرێـت بە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی (سروشتی و دانیشتوان)، پاشـان لە بارەی ڕەهەندی مێژووی و ڕامیاری ناوچەی توێژینەوە دەدوێین، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە دابەشی دوو باس دەکرێت:-

### باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێم و دانیشتوانی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم باسە دابەشی دوو تەوەر دەکرێت:-

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێمی کورستان

لەم تەوەرەدا کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو:-

**یەکەم: شوێنی جوگرافی**

سەبارەت بە شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستان لە سێ ڕوانگەوە لێی دەدوێین:-

**١- شوێنی ئەسترۆنۆمی (الموقع الفلكي- Astronomical Location)**

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی کۆماری عێراقی فیدراڵ سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ("٤٣ '٢٢ °٣٤ – "٥٣ '٢٢ °٣٧) باکووری گۆی زەوی و نێوان هێڵەکانی درێژی ("٥٦ '١٩ °٤٢ - "٤٢ '٢٠ °٤٦) خۆرهەڵاتی هێڵی گرینویچ، هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) و ئیدارەکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین) دەگرێتە خۆی بە ڕووبەری (٤٦٨٦١ کم$^{٢}$)(١)، کە (٥٧%)ی کۆی گشتی ڕووبەری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؛ سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٧) بەشێک بووە لە سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە نێوان ناوچەی توێژینەوە و کۆماری عێراقی فیدراڵەوە ڕووبەرەکەی (٣٥٧٠٢ کم$^{٢}$) یە، دەگاتە (٤٣%)ی کۆی گشتی ڕووبەری هەرێمی کوردستان، کە (٨٢٥٦٣ کم$^{٢}$)یە(٢). وەک لە (نەخشەی-١) دیارە.

لەم سۆنگەیەوە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیاوە لە نێوان سێ بازنەی پانیدایە، ئەمەش وای کردووە هەر چوار وەرزی ساڵی تێدا دەرکەوێت، کە دەستدەدات بۆ ئەوەی بەروبومی جۆراوجۆری تێدا بەرهەم بهێنرێت، ئەم تایبەتمەندیەش گرنگی لەوەدایە هەرێمی کوردستان لە بەرهەمهێنانی بەربوومەکان بەتایبەت دانەوێڵە، کە خۆراکی

---

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی نیشاندەر، ٢٠٢٠.

(٢)- کاری توێژەر: بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Gis 10, 8).

سەرەکی سەرەکی دانیشتوانە پشت بەخۆی ببەستێت و ئاسایشی خۆراکی دابین بکات، گەر بێتو پەرە بەم کەرتە بدات بە گرتنەبەری پلان و سیاسەتێکی دروست لەم بارەوە؛ ئەم تایبەتمەندییە لە جوگرافیای ڕامیاریدا بە ڕەگەزێکی هێزی دەوڵەت دادەنرێت؛ جگە لە چالاکی کشتوکاڵی شوێنی فەلەکی کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی تری وەک پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار هەیە.

(نەخشەی-١)

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Gis 10, 8)، پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی نەخشە، ٢٠٢٠.

### ٢- شوێنی دراوسێیەتی (موقع الجوار- Vicinal Location)

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی شوێنەوە بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانی گەورەیە[١]، لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری تورکیا بە درێژای (٣٧٥)کم، لە خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەدرێژای (٦٢٠)کم، لە باشوور و باشووری خۆرئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری عێراقی فیدراڵ بەدرێژای (٨٥٣)کم و لە باکوری خۆرئاواوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری عەرەبی سووریا بە درێژرای (٩)کم[٢].

هەریەک لە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و جیۆپۆلەتیکەوە لەو بەهێزترن و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و پێشینەیەکی حوکمڕانی دوورودرێژن بەراورد بە هەرێمی کوردستان، نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان هێندەی تر جیاوازییەکەی زیاتر کردووە، کە بە فاکتەرێکی خراپ بەسەر هەرێمی کوردستاندا شکاوەتەوە[٣]. ناوچەی توێژینەوە پەیوەندی دراوسێیەتی هەیە لەگەڵ (٣) دەوڵەت وەک بەشێک لە عێراق، ئەمەش بژاردەکانی زیاد دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێیەکانیدا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی، چونکە لە ئەگەرەکانی خنکانی کەمدەکاتەوە جۆرێک لە ئازادی پێدەبەخشێت لە هەڵسوکەوت و بازرگانیدا لەگەڵ هەریەک لەو دەوڵەتانە، گەر بێت و هاوهەڵوێست و یەکگرتوو نەبن لە دژی هەرێم بەهۆی بوونی بەشێک لە نەتەوە و خاکی کوردستانی گەورە لە هەریەک لەو دەوڵەتانە؛ بەگشتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئاشتی و باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا کەڵک و سودی ئابووری باشی دیوە، لەوانەش بەمەستی ئاڵوگۆڕی کاڵا و شمەک و بازرگانی لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانیەوە؛ جگە لەوەش لە دوای ڕاپەڕینی ئەم بەشەی کوردستان دژی ڕژێمی بەعس لە کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١)دا، ئێران و تورکیا سنوورەکانییان کردەوە بۆ لە خۆگرتنی ئاوارەکان؛ هەرچەند تورکیا درەنگتر و لە ژێر فشاردا سنوورەکانی کردەوە؛ لەلایەکی ترەوە لە قۆناغی شەڕ و گرژی لە پەیوەندییەکاندا، دراوسێکانی هەرێم ڕۆڵی نەرێنییان بینیوە لەوەی ململانێ و پارسەنگی هێزی خۆیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان تاقیکردوەتەوە، لەوانە لە دەستوەردان لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی پەکەکە، هەرچەند زۆریان بە خواستی لایەنە شەڕکەرەکانی هەرێم بووە، ئەمەش وای کردووە سنوور ببەزێنن بۆ

---

(١)- فیروز حسن حمە عزیز و شیروان عمر رشید، الموقع الجغرافی لاقلیم کردستان العراق و اثره في تکوینه القومي (الاثنی)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ ٨، نیسانی ٢٠١٠، ل١٠٢.

(٢)- کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Gis 10, 8).

(٣)- گەنجۆ خەسرەو محمد گەردی، بایەخی جیوپۆلەتیکی ڕووبەر و شێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠١٦، ل٢١.

ناو خاکی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧ بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە، هەریەک لەو دوو دەوڵەتە سنووری زەمینی و ئاسمانییان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست و مانۆڕی سەربازییان لەسەرسنوور ئەنجام دا.

**٣- شوێن بە گوێرەی وشکانی و ئاو (الموقع بالنسبة اليابس و الماء)**

هەرێمی کوردستانی عێراق لەڕێگەی تورکیاوە دەتوانێت بگات بە دەریاچەی ڕەش و دەریای ناوەڕاست، لە ڕێگەی ئێرانەوە دەگاتە دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەب، لە ڕێگەی سووریاشەوە بە دەریای ناوەڕاست و بەعێراقیشدا دەگات بە کەنداوی عەرەب، وەک لە نەخشەی (٢) دیارە.

(نەخشەی- ٢)

شوێنی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی شوێنی دراوسێیەتی و ڕووبەرە وشکانی و ئاوییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: یادگار عبدالله علی هەمەوەندی، ڕەهەندە سیاسییەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای ڕامیاریدا)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠٠٨، ل٢٧١.

ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی ئەوەی بەشێکە لە عێراق، لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق شوێنێکی داخراو نییە، بەڵام بە تێروانینێکی سەربەخۆیانە بەشوێنێکی کیشوەری داخراو دادەنرێت، چونکە لە هیچ لایەکەوە نەکەوتووەتە سەر دەریا و ڕێڕەوی ئاوی ئازادی نییە؛ پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا تەنیا لەڕێگەی دراوسێیەکانیەوە دەبێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەمڕۆ قەوارەیەکی ڕامیاری سەربەخۆ نییە، بەڵکو دراوسێکانی بە گومانەوە تەماشای ئەزموونەکەی دەکەن، دواجاریش کێشەی ڕامیاری، سەربازی، ئابووری، هاتوچۆ و پەیوەندی لێدەکەویتەوە[1]، بۆیە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی شوێنەوە بە گوێرەی وشکانی و ئاو هەڵکەوتەیەکی خراپی هەیە، ئەمەش لە جوگرافیای ڕامیاریدا بە ڕەگەزێکی لاواز دادەنرێت.

**دووەم: بەرزونزمی (التضاريس- Topography)**

مەبەست لە بەرزونزمی شێوەکانی ڕووی زەوی دەوڵەتە لە چیا، دەشت، بان، دۆڵ... هتد. هەریەک لەم شێوانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر هێز و توانای دەوڵەت، چونکە شێوەکانی ڕووی زەوی شانبەشانی ئاوهەوا تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی دەوڵەت دیاری دەکات[2]. هەرێمی کوردستان بەهۆی مێژووی جیولۆجیەکەی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەری هاتووە، شێوەی ڕووی زەویەکەی جۆراوجۆر بووە، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکراون بۆ:-

١- ناوچەی شاخاوی: ئەم ناوچەیە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی عێراق دەگرێتەوە بە ڕووبەری (٢٤,٤٦١) کم$^{2}$، کە دەکاتە (٥٢,٢%)ی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە؛ بەشێوەیەکی کەوانەی درێژ دەبێتەوە لە باشووری خۆرئاواوە بۆ باکووری خۆرهەڵات بە درێژای (٣٩٠)کم و فراوانترین پانی (١٢٠)کم، بەرزیان لەنێوان (١٠٠٠-٣٦٠٠)م، دایە[3]، سنووری باکووری لەگەڵ تورکیایە، لە باکووری خۆرهەڵاتیەوە ئێرانە و لە باشوور چەند زنجیرە چیایەک جیای دەکاتەوە لە هەرێمی نیمچە شاخاوی، کە بریتین لە چیای بێخێر، ئاکرێ، هەیبەسوڵتان، قەرەداغ و بەمۆ؛ هەرچەند بەرەو باکوور و باکووری خۆرهەڵات بڕۆین ڕووی زەویەکەی بەرز دەبێتەوە و ئاڵۆز دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی لە چەقی پاڵەپەستۆ و شوێنی

(١)- ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٠٢-٢٠٣.

(٢)- سفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١٧.

(٣)- عباس فاضل سعدي، جغرافية العراق ( اطارها الطبيعي- نشاطها الاقتصادي- جانبها البشري)، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٨.

بەیەکگەیشتنی پلێتی عەرەبی لەگەڵ پلێتی ئۆراسی و ئەنادۆڵی (تورکی)[1]. ئەم هەرێمەش دەبێتە دوو بەشی لاوەکی (زنجیرە چیا پێچ ئاڵۆزەکان و زنجیر چیا پێچ سادەکان)، چەند بانێکی تێدایە وەک بانی پێنجوێن و بانی بەرزنجە، چەندین دەشتی بەپیت لەخۆ دەگرێت دیارترین ناوچەی کشتوکاڵی و مەڵبەندی کۆبونەوەی دانیشتوانن وەک دەشتەکانی (شارەزوور، سلێمانی، ڕانیە، بازیان، هەریر، سندی و مەرگە)[2].

٢- ناوچەی نیمچە شاخاوی: بەناوچەیەکی گوازراوە دەژمێردێت لەنێوان چیاکان و دەشتی نیشتەنی، لە باشوور بەرزیان لەنێوان (٢٠٠-١٠٠٠)م، دایە و شێوەیەکی کەوانەییە درێژ دەبێتەوە لە باکووری خۆرئاواوە بۆ باشووری خۆرهەلات[3]، ئەم هەرێمە بە پێچەوانەی ناوچەی شاخاوی زنجیرە چیاکانی نزم و درێژن و دەشتەکانی فراوانن بەهۆی دورکەوتنەوەیان لە ناوچەی سەنتەری پەستان (ناوچەی لێکدانی پلێتەکان)[4]، ڕووبەری ئەم هەرێمە دەگاتە (٢٢,٤٠٠)کم$^{2}$، کە دەکاتە (٤٧,٨%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە، چەند دەشتێک لە خۆ دەگرێت وەک دەشتی هەولێر و دیبەگە. لە (نەخشەی- ٣) خراوەتەڕوو.

شێوەکانی ڕووی زەوی و بەرزونزمی کاریگەی هەیە لەسەر دیاریکردنی سەنگ و قورسایی دەوڵەت لەڕووی ڕامیارییەوە، بەرزونزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان جۆراوجۆرە ئەم جۆراوجۆرییەی وای لێکردووە لە چەندین ڕووەوە بە خاڵی بەهێز دابنرێت لەوانە:-

١- ناوچە شاخاوییەکان دەوڵەمەندە بە بوونی چەندەها جۆر لە سامانی کانزایی و دارستان و ڕووەکی سروشتی، گەر بێت بە تەواوی وەبەربهێنرێت بخرێتە خزمەت کەرتەکانی ترەوە، توانا ئابووریەکانی بەهێز دەکات.

٢- ناوچە شاخاوییەکان لە ڕابردوودا پەناگەیەک بووە بۆ شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، هەروەها لە دێر زەمانەوە هۆکارێک بووە بۆ پاراستنی کلتوور زمان و فۆلکلۆری کوردی و بە زیندووی هێشتویەتیەوە.

٣- ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی، چەندین دەشتی بەپیتی تێدایە بۆ کشتوکاڵ گرنگە، دەبێتە هۆی دابینکردنی بەروبومە خۆراکییەکان بۆ دانیشتوان و دەتوانێت ئاسایشی خۆراکی پێ دابین

---

(١)- کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق سروشتی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٧.

(٢)- هاوڕێ یاسین محەمەد، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٢٢.

(٣)- محمد ازهر سعيد السماک، و اخرون، العراق (دراسة اقليمية)، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جزء الاول، بدون اسم المطبعة، ١٩٨٥، ص٢٢.

(٤)- گەنجۆ خەسرەو محمد گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

بکرێت، ئەمە جگە لەوەی مەڵبەندی کۆبوونەوەی دانیشتوانە و چەندین حەوزی ئاوی ژێر زەوی تێدایە و دەوڵەمەندە بە کانزاکانی نەوت و گازی سروشتی.

٤- بەرزونزمییەکان چەندین دیاردەی جیمۆرفۆلۆجی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، دیمەنی جوانی پێبەخشیوە، ئەمەش وای کردووە سەرەنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بوونەتە بنەمای سروشتی گەشتوگوزاری.

٥- ناوچە شاخاوییەکانی هەرێم لە ئێستاشدا سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی حیزبەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە دژی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەوەیە دۆخێکی نائارامی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروستکردووە و بووەتە هۆی سنووربەزاندنی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێم.

(نەخشەی- ٣)

بەرزونزمی ڕووی زەوی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: هاشم یاسین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠.

**سێیەم: ئاوهەوا (مناخ - climate)**

یەکێکە لە بنەما سروشتییەکان کاریگەری لەسەر مرۆڤ و چالاکییەکانی و ژینگەکەی هەیە، ئەم بنەما سروشتییە چەند ڕەگەزێک دەگرێتەوە لەوانە (پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، با، شێ، دابارین)، لەم باسەدا دوو گرنگترین ڕەگەزیان دەخەینەڕوو:-

١- پلەی گەرما (درجة الحرارة - Temperature): تێکڕای پلەی گەرمایی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تری ساڵ جیاوازی هەیە، چونکە تێکڕای پلەی گەرمی دەشتەکان جیاوازە لە هی چیاکان، هی وەرزی زستان جیاوازە لە وەرزی هاوین، تێکڕای پلەی گەرمی لە هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠١٢-٢٠٢٠)دا، (٢٠,٣ °)یە، بەجۆرێک تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی زستان ( ٩,١°) و تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی هاوین (٣٣,١°) تۆمارکراوە، واتا جیاوازی لە پلە گەرمی ئەم دوو وەرزە بریتییە لە (٢٤°)، تێکڕای گەرمترین مانگ، مانگی تەموزە کە (٣٤,٤°)و تێکڕای ساردترین مانگیش کانوونی دووەمە گەشتووەتە (٧,٨°) بەم پێیە جیاوازییەکەیان (٢٦,٦°)(١) یە.

٢- دابارین (precipitation): هەموو شێوەکانی ئاو کە لە زەوشەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ناودەبرێت بە دابارین، ئەمەش چەند جۆرێکە وەک باران و تەرزە و بەفر(٢). بە گشتی دابارین لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرەتای وەرزی پایز (مانگی ئەیلول) دەست پێ دەکات تا کۆتایی وەرزی بەهار (مانگی مایس) بەردەوام دەبێت، بە دەگمەن لە وەرزی هاوین شێوەکانی دابارین ڕوودەدات، هەروەها بەشێوەیەکی فراوان بەفر لە ناوچە چیاییەکانی هەرێم بە ئەستووری جیاواز دەبارێت(٣)، بارینی تەرزەش لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی بەرە ساردەکانەوە زیاتر لە وەرزی بەهار دەبارێت، تێکڕای دابارین لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠)دا، (٥٨٧,٠٩)ملم و لە وەرزی زستاندا بە تێکڕا (٢٨٤,٩٣)ملم باریوە، لە وەرزی بەهار ئەم تێکڕایە (١٨٦,٤٢)ملم و لە وەرزی پایزدا (١١٤,٩٢)ملم باریوە(٤)، هەرچەندە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی

---

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی کەشوهەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢٠، ل٧-١٤.

(٢)- علی ئەحمەد غانم، جوگرافیای ئاوهەوا، و. گۆران ڕەشید ئیمامی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، ٢٠٠٩، ل٢٤٠.

(٣)- ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ، بایەخی توخمە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی جوگرافیا، ٢٠٠٤، ل٦٧.

(٤)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی کەشوهەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢٠، ل١-٢.

زۆر فراوان نییە کەوتوەتە نێوان سێ بازنەی پانییەوە، بەڵام بەپێی پۆڵێنکاری کۆپن چەند هەرێمی ئاوهەوایی تێدایە وەک لە (نەخشەی- ٤)دا دیارە؛ بە کورتی لێی دەدوێین:-

(نەخشەی- ٤)

هەرێمە ئاوهەواییەکانی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: هاشم یاسین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ ١، کۆمپانیای تینووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٣.

١- هەرێمی ئاوهەوایی دەریای ناوەڕاست، هاوین مامناوەند و وشک (Csb): ڕووبەرێکی بچوکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە نزیکەی (٨٠٤٢)کم٢، دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی، بەرزی شاخەکانی زیاترە لە (٢٨٠٠)م، تێکڕای پلەی گەرمی گەرمترین مانگی بەگوێرەی پۆڵێنی کۆپن (٢٢,٢°)یە، ئەم هەرێمە باران و بەفری زۆر لێدەبارێت لە زستاندا پلەی گەرمی زۆر دادەبەزێت و بارانی ساڵانەی (٨٠٠)ملم کەمتر نییە، هەرچەندە تایبەتمەندی ئەرێنی هەیە لە ڕووی سامانی ئاوی و لایەنی گەشتیاریەوە، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەم ناوچەیە

ئەوەیە پلەکانی گەرما نزمە لە زستاندا و وەرزی گەشەکردن کورتە بە بەراورد بە هەرێمە وهەواییەکانی تری هەرێمی کوردستان[١].

٢- هەرێمی ئاوهەوایی دەریای ناوەڕاست، هاوین گەرم و وشک (Csa): ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشی باشوور و باشووری خۆرئاوای هەرێمی پێشوو، بەشێکی گەورەی ڕووبەری هەرێم داگیر دەکات و بەشێک لە ناوچەی شاخاوی دەگرێتەوە، لەگەڵ ناوچەی نیمچە شاخاوی، بە ڕووبەری (٢١٦٠٤)کم٢، تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی هاوینی لەنێوان (٢٨-٣٠°)دایە و بڕی بارانی ساڵانەی لەنێوان (٥٠٠-٨٠٠)ملم دایە[٢].

٣- هەرێمی ئاوهەوای نیمچە وشک (ستێپس-گەرمەسێر- Bsh): دەکەوێتە بەشی باشووری نیمچە شاخاوی و دەشت و گردەکان دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٧٢١٥)کم٢، لە هاویندا پلەی گەرمی زۆر بەرزە و زستانەکەی زۆر سارد نییە[٣]، تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی کەمتر نییە لە (١٨°)، بڕی بارانی ساڵانەی (٣٠٠)ملم[٤]ە.

**چوارەم: کانزا (المعادن - Mineral)**

هەرێمی کوردستان بە هۆی پێکهاتەی جیولۆجییەکەی خاوەن کانزایەکی زۆرە بە بڕ و جۆری جیاواز دابەشبوون بەسەر ناوچەکانیدا، وەک لە (نەخشەی- ٥) دەردەکەوێت. کانزاکان بە شێوەکی گشتی دەکرێن بە دوو جۆرەوە:-

١- کانزا فلزییەکان: ئەو کانزانەن دەردەهێنرێت کانزای تریان لێ دروست دەکرێت[٥]، ئەم کانزانە لە هەرێمی کوردستان هەن دەکەونە ناوچە شاخاویەکانەوە وەک: ئاسن، مس، کرۆم، قورقوشم، خارسین، مەنگەنیز، نیکل، زێر و زیو).

٢- کانزا نافلزییەکان: ئەمانیش دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش:-

٢-١- ئەو کانزا نافلزیانەی لە پیشەسازی بیناسازیدا بەکاردێن وەک: ئەسبیستۆس، گۆگرد، جبسم، ئەنهایدرایت، بەردی (کلس، دۆلۆمایت، مەڕمەڕ)، خوێ و لم و چەو[٦].

---

(١)- جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومى في اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ص ١٣٧-١٣٨.

(٢)- ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ، بایەخی توخمە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ل٧٢.

(٣)- هاوڕێ یاسین محەمەد، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٤)- جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومى في اقليم كردستان، مصدر سابق، ص١٣٩.

(٥)- کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عێراق سروشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

(٦)- عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٩٩-٢٠٣.

(نەخشەی- ٥)

دابەشبوونی کانزاکان لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- هاشم یاسین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٧.

٢- احمد یاسین علي و یادگار عبدالله علي، التوزیع الجغرافي لحقول نفط في کوردستان العراق، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژ٨، تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، ل٦٠٢.

## ٢-٢- ئەوکانزا نافلزیانەی وەک وزە بەکاردێن وەک:

أ- یورانیوم: لەپارێزگای دهۆک لە چیای گارە و لە پارێزگای سلێمانی (چیاکانی دەوروبەری پێنجوێن، قەڵادزیە، کانی موش، لە چیای کیوە ڕەش لە ڕانیە) هەیە[1].

---

(١)- گەرمیان محمد أحمد، وزە و چەکی ئەتۆم لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٣، ل٨٦.

ب- خەڵوزی بەردین: خەڵوزی بەردین لە هەرێمدا بەکشتی بڕێکی زۆر خڵت و خەوشی تێدایە، ئەمەش بەها ئابوورییەکەی کەمکردوتەوە، ئەم کانزایە لە ناوچەکانی کفری، ئەنجانە، پێنجوێن، هەروەها لە زاخۆ لە گوندی ئیسلامی نزیک شەرانس دەردەهێنرێت[1].

ت- نەوت و گازی سروشتی: هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بەم دوو کانزایە، بە بڕێکی زۆر بوونی هەیە لەژێر زەویەکەیدا[*].

**پێنجەم: دەرامەتی ئاو (الموارد المائیة )**

بوونی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا دەرئەنجامی ئەو دابارینەیە لەسەر خاکەکەی دەبارێت، هەروەها ئەو ڕووبارانەی لە سنوورەکانی دەرەوەی (باکوری کوردستان و خۆرهەڵاتی کوردستان) دێتە ناو خاکەکەیەوە، بە سەرچاوەیەکی هێز و سامانێکی ئابووری چالاک و بنچینەیی لە قەڵەم دەدرێت[2]. هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو بە هۆی شوێنی جوگرافی و ئاوهەواکەیەوە، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست نەتوانراوە سودی لێ وەربگیرێت لە چالاکییە جۆربەجۆرەکاندا، دەرامەتی ئاو بەگشتی دابەش دەبن بۆ سێ جۆر بریتین لە:-

١- ئاوی سەر زەوی: هەموو ئەو ئاوانە دەگریتەوە کە لەسەر ڕووی زەوی بە سروشتی هەن لە هەرێمی کوردستاندا وەک چەم، زێ، ڕووبار، زۆنگاو، فێلاو، گۆم؛ ئەوانەشی دەستکردن وەک حەوز و دەریاچەی دەستکرد و بەنداوەکان.

أ- ڕووبار وزێیەکان: هەرێمی کوردستان پێنج لقی سەرەکی ئاوی تێدایە کە دەڕژێنە دیجلەوە و زۆرینەی ئاوی ڕووباری دیجلە پێکدەهێنن ئەوانیش: ((خابوور، زێی گەورە، زێی بچوک، ڕوخانە(عوزێم) و سیروان (دیالە))، دەگرێتەوە. خابوور لە هەموویان کورتترە، درێژییەکەی (١٦٠)کم ە، ڕووبەری ئاوزێڵەکەی (٦٢٤٠)کم$^{٢}$ یە، بەڕێژەی (٢,٢١%) بەشداری پیکهێنانی ئاوی دیجلە دەکات و (٤٢%) ڕێژەی داهاتی ئاوی دەکەوێتە ناو سنووری هەرێمەوە، زێی گەورە لە هەموویان درێژترە، درێژییەکەی (٤٧٣)کم ە، سیروان گەورەترین ڕووبەری ئاوزێڵی هەیە کە دەگاتە (٣٢٠٠٠)کم$^{٢}$، (٤١%)ی داهاتی ئاوی دەکەوێتە ناو سنووری هەرێم و عێراقەوە، لەناو هەموویاندا تەنها حەوزی ڕووباری عوزێم (ئاوە سپی) بەتەواوی دەکەوێتە عێراقەوە، وەک لە

(١)- عیمادەدین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جێوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٦٧.

(*) لە بەشی سێیەمدا بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

(٢)- هاوڕێ یاسین محمد، جوگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(خشتەی- ١) خراوەتەڕوو. خابوور و زێی گەورە ڕووبەری ئاوزێڵەکەیان دەکەوێتە نێوان عێراق و تورکیاوە، سیروان و زێی بچوک ڕووبەری ئاوزێڵەکەیان دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێرانەوە.

(خشتەی- ١)

ڕووبارەکان و تایبەتمەندی و داهاتیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق

| ڕووبار/ لق | ڕووبەری گشتی ئاوزێڵ (کم٢) | پشکی عێراق لە ئاوزێڵی ڕووبار (%) | درێژی ڕووبار (کم) | لە کۆی ئاوی ڕووباری دیجلە (%) | ڕێژەی داهات | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ناو عێراق (%) | دەرەوەی عێراق (%) |
| خابوور | ٦٢٤٠ | ٤٣ | ١٦٠ | ٢,٢١ | ٤٢ | ٥٨ |
| زێی گەورە | ٢٦٤٧٠ | ٦٤ | ٤٧٣ | ٣٢,٦٤ | ٥٨ | ٤٢ |
| زێی بچووک | ٢٢٢٥٠ | ٧٥ | ٤٥٦ | ١٦,٧١ | ٦٤ | ٣٦ |
| سیروان (دیالە) | ٣٢٠٠٠ | ٤٧ | ٣٨٦ | ١٣,٥٧ | ٤١ | ٥٩ |
| ئاوەسپی (عوزێم) | ١١٦٩٠ | ٦٠ | ٢٢٠ | ١,٦٤ | ١٠٠ | – |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان، ٢٠١٩.

٢- خلیل کریم محمد، کوردستان لە بەردەم هەڕەشەی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژ١١، ساڵی دووەم، سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٢٢.

ب- بەنداوەکان: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی بەنداوەکانی لە هەرێمی کوردستانی بە چوار قۆناغ خستووەتەڕوو ئەوانیش بریتیین لە(١):-

قۆناغی یەکەم (١٩٥٠-١٩٩١): بە نداوی دوکان لەسەر زێی بچووک توانای گلدانەوەی ئاوی (٦,٨) ملیار م٣ و بەنداوی دەربەندیخان لەسەر زێی سیروان (٣) ملیار م٣ و بەنداوی دهۆک لەسەر ڕووباری دهۆک (٥٢) ملیون م٣ هەیە، هەموو بە نداوەکان توانای گلدانەوەی ئاویان (٩,٨٥٢) ملیار م٣ یە؛ بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەم بە نداوانە (٤,١٨) ملیار م٣ ئاویان لەخۆ گرتووە.

(١)- لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ناملیکەی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢، ل٤-٥.

قۆناغی دووەم (٢٠٠٤-٢٠٠٨): لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عیراقەوە چەندین بەنداو لێکۆڵینەوە و دیزاینیان بۆ کرا، وەک بە نداوەکانی (تەق تەق، گۆمەسپان، باسەرە ... هتد) چەند بەنداوێک دروستکران، وەک بە نداوەکانی (ئەڵوەند لە خانەقین) و (خاسەچای و شیرین و پەڵکانە لە کەرکوک)، کە لە ئیستادا لە ژێر دەستی حکومەتی عیراقدان، بەنداوی (هەڕاوە لە چەمچەماڵ) و (سەروچاوە لە سلێمانی) و (کەشکان لە دهۆک).

قۆناغی سێیەم (٢٠٠٨-٢٠١٤): لە سەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی سەرچاوییەکانی حکومەتی هەرێم (١٢) بەنداوی بچووک دروست کران، دیزاینی چەندین بە نداوی تریش ئامادەکران، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی داعش پرۆژەکان وەستان و دەیان ملیار دینار زیانیان بەرکەوت؛ ئەم بەنداوانە بە هەموویان توانای گلدانەوەی (٥١) ملیون م$^{3}$ ئاویان هەیە.

قۆناغی چوارەم (کابینەی نۆیەم): ئەم قۆناغە لەسەر سێ ئاست دەستی بە دروستکردن و تەواوکردنەوەی هەندێک لە بەنداوەکان کردووەتەوە:-

أ- لەسەر بودجەی حکومەت: ژمارەیان (١٧) بەنداوە تەنها یەکێکیان تەواو بووە. نەخشەی (٦) دیارە.

ب- بەهاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت: ژمارەیان (٩) بەنداوە لە جۆری مامناوەند و گەورە وەک بەنداوەکانی ( مەنداوە، تەقتەق، سارتک، خێوەتە و دەڵگە) لە کەلار و (بەردەسور، باکرمان، دێرەلوک و باسێ) لە دهۆک.

٢- ئاوی ژێر زەوی: ئەو ئاوەیە لە چینە تاوێرەکانی ژێر زەویدا هەیە و لەنێو کونیلە بەردەکاندا، لە ئەنجامی دادانی ئاوی باران و ئاوەڕۆ بۆ ناو ئەو چینانە دروست دەبێت، دەتوانرێت بەدەست بخرێت لە ڕێگەی هەڵکەندنی بیرەکان و تونێلی کارێزەکانەوە، یان بە شێوەی سروشتی لە ڕێگەی کانی و سەرچاوەکان دێنە سەر ڕووی زەوی. هەرێمی کوردستان چەندەها حەوزی ئاوی ژێر زەوی هەیە کە قوڵاییان جیاوازە، جۆری ئاوەکەی باشە و بۆ بەکارهێنان گونجاوە[١]، گرنگترین گەنجینەکانی ژێر زەوی هەرێم بریتین لە: گەنجینەی هەولێر، شارەزوور، ڕانیە، قەڵادزیە، ئاکرێ، مەخمور، پردێ[٢]. (خشتەی-٢) تایبەتمەندی ئەو حەوزانەی خستووەتەڕوو.

---

(١)- جەزا تۆفیق تالیب، داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٣،ساڵی چوارەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل١٩.
(٢)- هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

(نەخشەی- ٦)

ئاوی سەر زەوی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- هاشم یاسین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چ١، کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣.

٢- سەفین جەلال فتح اللە و ڕێبین ڕۆستەم ڕەسول، بایەخی جیوپۆلەتیکی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ٤٣، ٢٠١٧، ل٥٠٥.

(خشتەی- ٢)

تایبەتمەندییەکانی حەوزەکانی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستاندا

| ژ | حەوز | ڕووبەر (کم٢) | قوڵی ئاوی ژێر زەوی (م) | بەرهەم/ گاڵۆن خولەک | ڕادەی سوێریی ملم/ لیتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣٠٠ | ٢٥-٤٠ | ٣٠٠ | ٢٠٠-١٠٠٠ |
| ٢ | مەخمور | ٢٧٠٨ | ٣٠-٣٥ | - | - |
| ٣ | ئاکرێ | - | ١٠-٣٠ | ١٠٠-١٦٠٠ | ٣٠٠ |
| ٤ | پردێ | - | ١٠-٥٠ | ١٠٠-٦٥٠ | ٢٠٠-١٠٠٠ |
| ٥ | شارەزوور | ٨٨٠ | ١٥-٣٠ | ١٨٠٠ | ٣٠٠-٥٠٠ |
| ٦ | ڕانییە | ٤٩٠ | ١٥-٣٠ | ٦٠-٢٠٠ | ١٧٠-٢٥٠ |
| ٧ | قەڵادزە | ٣١٠ | ١٥-٣٠ | ٦٠-٢٠٠ | ١٧٠-٢٥٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- بەختیار سابیر محمد، سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٣، ساڵ حەڤدەهەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٩، ل١٤.

٢- ڕزگار خضر طه، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٧، ل٩٥.

داهاتی ئاوی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٤٠)ملیار م$^{3}$ ئاوە بەڵام نەیتوانیوە بەپێی پێویست سودی لێوەرگرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم برە زۆر لە پێداویستی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ماڵان زیاترە، کەچی زۆرجار توشی گرفتی کەم ئاوی بووەتەوە بەهۆی باش بەڕێوەنەبردنی ئەم دەرامەتە، هەروەها بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی ئاوی گونجاو لە داهاتودا توشی قەیرانی گەورەی کەم ئاوی دەبێتەوە، هەرچەندە بەتەواوکردنی ئەو کۆمەڵە بەنداوە گرفتی کەمئاوی سوکتر دەکات؛ بەڵام چونکە جگە لە لقی ڕووباری عوزێم سەرچاوەی لقەکانی تر لە وڵاتانی ئێران و تورکیاوە دێن، بە تەواوبوونی پرۆژەکانی هەردوو وڵات لەسەر ئەو زێیانە کۆنترۆڵی بەشێکی ئەو برە ئاوە دەکەن، لەبەر ئەوەی (٤٢,٧٥%)ی ئاوزێڵی هەرچوار زێیەکە دەکەوێتە وڵاتی تورکیا و ئێرانەوە[1]. دەرامەتی ئاوی لە پەیوەندییە هاوسێییەتی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی نێوان یەکەسیاسیەکاندا دەتوانێت هەم ڕۆڵی ئەرێنی ببینێت و هەم ڕۆڵی نەرێنی، لەکاتی تێکچونی دۆخی پەیوەندیەکان و شەڕدا ڕووبارە و سەرچاوە ئاوییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەبنە کەرەستەی فشار و لەکاتی ئاشتی و پتەوی پەیوەندی نێوان وڵاتانی سەرچاوە و ڕێڕە و ڕێژگەی ئاوی، ئاو دەبێتە کەرەستەی یاریدەدەر لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان.

(١)- خلیل کریم محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

**تەوەری دووەم: تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان**

لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا هیچ سەرژمێریەکی گشتی نەکراوە لەسەر دانیشتوان، ئەو داتا و زانیاریانەش هەن تایبەت بە دانیشتوان پشت بەست بە فورمی خۆراک یان بە گەمارۆسازی و لە ڕێگەی پێشبینی (اسقاطات) کراوە، واتە خەمڵاندن و مەزەندەکارین دەزگای ئاماری حکومەتی هەرێم بڵاوی کردوەتەوە؛ لەم باسەدا پشتبەست بەو زانیاریانە، تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان دەخەینەڕوو:-

**یەکەم: قەبارە و ڕێژەی دانیشتوان (الحجم و نسبة السكان)**

قەبارەی دانیشتوان: بە ژمارەی هەموو ئەو کەسانە دێت کە بوونیان هەیە لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوی لە ماوە و کاتێکی دیاریکراودا، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان(١)؛ قەبارەی دانیشتوان لایەنە گرنگەکەی هێزی نەتەوەی کۆمەڵ پێکدەهێنێت، چونکە کار دەکاتە سەر قەبارەی هێزی کارکەر و تەواوی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەلێکی لەبار بۆ دابەشکردنی کار و زۆربونی پسپۆڕی و هەمەجۆری شێوەکانی بەرهەمهێنان دەرەخسێنێت(٢). سەبارەت گەشەی دانیشتوانیش بە گۆڕان لە قەبارەی دانیشتوان دەوترێ گەر بە زیادکردن بێت یان کەمکردن، زیاد و کەمی گەشەی دانیشتوان سەرچاوەکەی سێ هۆکارن ئەوانیش لەدایکبوون و مردن و کۆچە(٣).

یەکەم ناونوسکردنی دانیشتوان لە عێراق لە ساڵی (١٩٢٧) لە لایەن (مديرية نفوس العامة) و دواترینیان لە ساڵ (١٩٩٧) لە لایەن (الجهاز المركزي- شعبة السكان) ئەنجام دراوە، لەم ماوەیەدا هەشت سەرژمێری کراوە(٤). دواین سەرژمێری گشتی لە عێراق لە ساڵی (١٩٨٧) بوو، سەرژمێریەکی تریش لەساڵی (١٩٩٧) کرا بەڵام پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەخۆ نەگرت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بە سەرژمێری گشتی دانانرێت.

---

( ١)- على جارالله سعدون، تحليل جغرافي لتوزيع سكان دولة الكويت بحسب تقديرات عام ٢٠٢٠، مجلة الدراسات المستدامة، جامعة ذي قار، السنة الرابعة، المجلد الرابع، ع١، ٢٠٢٢، ص ٦٩٩.

(٢)- جەزا تۆفیق تالیب، جیوپۆلەتیک و دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ١، ساڵی هەشتەم، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٠، ل٨٤.

(٣)- حسين عيلوى ناصر الزيادي، نمو السكان و توزيعهم في اهوار محافظة ذي قار للمدة ١٩٧٧- ١٩٩٧، مجلة اداب ذي قار، ع ٣، ٢٠١١، ص٥.

(٤)- عەبدوڵلا غەفور، دانیشتوانی کوردستان (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتواندا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٣، ٢٠١٦، ل٨٤٠.

بەپێی راپۆرتی پێشبینیکراوەی دەستەی ئاماری وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سالآنی (٢٠٠٩ –٢٠٢٠) ئەنجامی داوە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (٤,٦٦٢,٢٦٦) کەس بووە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، زیاد دەکات بۆ (٦,١٧١,٠٨٣) کەس لە ساڵی ٢٠٢٠، واتە زیادبوونی دانیشتوانی هەرێم (١,٥٠٨,٨١٧) کەسە لەو ماوەیەدا، لە هەمان کاتدا لە نێوان ساڵەکانی (٢٠٠٩–٢٠٢٠) زیادەی سالآنە (١٣٧,١٦٥) کەسە، سەرئاستی پارێزگاکان لە ساڵی (٢٠٠٩) پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە (١,٧٨٤,٨٥٣) کەس، رێژەی (٣٨,٣%)ی کۆی دانشتوانی هەرێمی پێکهێناوە و پارێزگای دهۆک کەمترینە بە (١,١٧١,٢٣١) کەس، رێژەی (٢٥,١%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە؛ بەلآم لە ساڵی ٢٠٢٠ پارێزگای هەولێر بە (٢,٢٥٤,٤٢٢) کەس پێش پارێزگای سلێمانی دەکەوێت هۆکاری سەرەکی ئەمەش جیابوونەوەی پارێزگای هەڵەبجەیە لە پارێزگای سلێمانی، وەک لە (خشتەی- ٣) خراوەتەڕوو.

(خشتەی- ٣)

ژمارە و رێژە و گەشەی سالآنەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالآنی (٢٠٠٩ – ٢٠٢٠)

| ساڵ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|
| ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ١,٧٠٦,١٨٢ | ٢,٢٥٤,٤٢٢ |
| (%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ٣٦,٦ | ٣٦,٦ |
| (%) تێکرای رێژەی گەشەی سالآنە | – | ٢,٥٧ |
| ژ. دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ١,٧٨٤,٨٥٣ | ٢,١٤١,٩٦٤ |
| (%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ٣٨,٣ | ٣٤,٧ |
| (%) تێکرای رێژەی گەشەی سالآنە | – | ١,٦٧ |
| ژ. دانیشتوانی پارێزگای دهۆک | ١,١٧١,٢٣١ | ١,٦٤٨,٦١١ |
| (%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ٢٥,١ | ٢٦,٧ |
| (%) تێکرای رێژەی گەشەی سالآنە | – | ٣,١٦ |
| ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە | | ١٢٦,٠٨٦ |
| (%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | – | ٢ |
| تێکرای رێژەی گەشەی سالآنە | – | ١,٦ |
| ژ. دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ٤,٦٦٢,٢٦٦ | ٦,١٧١,٠٨٣ |
| (%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ١٠٠ | ١٠٠ |
| تێکرای رێژەی گەشەی سالآنە | – | ٢,٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەشت بە وەزارەتی پلاندان، دەستەی ئاماری هەرێم، راپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩– ٢٠٢٠)، ٢٠١٤، ل١٠.

سەبارەت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی (٢٠٢٠)دا (٢,٢%) بووە، لەسەر ئاستی پارێزگاکان پارێزگای دهۆک لە پێشەوەیە بە ڕێژەی (٣,١٦%) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ بۆ پارێزگاکە و هۆکاری کۆمەڵایەتییان، پارێزگای سلێمانی کەمترین گەشەی دانیشتوانی هەیە بە (١,٦٧%) ئەمەش بەهۆی جیابوونەوەی پارێزگای هەڵەبجە لێی و کۆچ لە پارێزگاکەوە.

**دووەم: پێکهاتەی دانیشتوان (التركيب السكان- Population structure)**

خستنە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێم گرنگە چونکە کار لەسەر سەنگ و قورسایی پێگەی هەرێم دەکات لە ڕووی ڕامیاری و ئابوورییەوە، بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەوە لە کوردستاندا باس لەو پێکهاتانە دەکەین کە داتاکانی بەردەستە و پێشبینی بۆ کراوە لەوانە:-

**١- پێکهاتەی ڕەگەزی- جۆری (التركيب النوعي- Sex structure)**

پێکهاتەی ڕەگەزی لە هەرێمی کوردستان جیاوازیەکی وای نییە تا ڕادەیەک ئەم ڕێژانە لەیەک نزیکن، بەهۆی ئەوەی داتاکانی پێشبینی کراوە جیاوازی لەنێوان ساڵەکانیشی دا بەدی ناکرێت، ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەک بە دۆخێکی ئاساییدا تێپەڕیت تاڕادەیەک دەگونجێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو هەمووە شەڕ و کۆچ و نەهامەتییانەی یەخەی گرتووە پشکی شێر بەر دابەزینی ڕێژەی ڕەگەزی نێر دەکەوێت، هێشتا ئامارەکان ڕێژەی یەکسان یان کەمێک جیاوازیمان پێ دەڵێن؛ بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) ڕێژەی ڕەگەزی (١٠١) و پارێزگای هەولێر (١٠٢) و ئەوانی تر یەکسانە. وەک لە (خشتەی- ٤) دیارە.

(خشتەی- ٤)

ڕێژەی ڕەگەز (نێر و مێ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ - ٢٠٢٠)

| ساڵ | پ. هەولێر | | پ. سلێمانی | | پ. دهۆک | | پ. هەڵەبجە | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ٢٠٠٩ | ١٠٢ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | - | ١٠٠ | ١٠١ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ١٠٢ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١).

بەرزی ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە هەرێمی کوردستان گرنگە بۆ لایەنی سەربازی، چونکە زۆرینەی ئەوانەی لە ڕیزەکانی سوپا و سێکتەرە سەربازییەکانی تردا خزمەت دەکەن لە ڕەگەزی نێر پێکدێن، ئەمەش بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێم و بەرگریکردن لە نیشتمان پێویستە؛ لە بواری ئابووریشدا بۆ بە دەستخستنی دەستی کار بە تایبەت پیشەسازییە قورسەکان پێویستی بە

ڕەگەزی نێرە، بەرزی ڕێژەی نێر لە هەرێمی کوردستان وا دەکات پشت بە دەستی کاری دەرەوە نەبەستێت و بە کرێکاری خۆماڵی پڕی بکاتەوە.

**٢- پێکهاتەی تەمەن (الرکیب العمري - Age structure)**

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پێکهاتەیە دانیشوانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت بەسەر سێ گروپدا:-

أ- گروپی تەمەن بچوکەکان (منداڵ): هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوەکە تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمترە، بەپێی ئاماری ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیان دەگاتە (٣٥,٧٧%)، لەسەر ئاستی پارێزگاکان دهۆک بەرزترین ڕێژەی هەیە بە (٣٩,٧٣%) لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی ئەم پارێزگایە ڕێژەی هاوسەگیری تێیدا بەرزە و لەدایکبوونی زۆرە، پارێزگای سلێمانی نزمترین ڕێژەیە بە (٣٢,٣٥%) لەبەر بەرزی ڕێژەی کۆچکردن لەو پارێزگایە و بچوکی قەبارەی خێزان. لە ئاماری ٢٠٢٠ ئەم گروپە لە هەرێمی کوردستان بە نزیکەی ڕێژەکەیان وەک خۆی ماوەتەوە بە (٣٥,٨٨%)، لەسەر ئاستی پارێزگاگانیش بە هەمان شێوە دهۆک پلەی یەکەمی گرتووە بە ڕێژەی (٣٩,٧٤%) و پارێزگای سلێمانی کەمترینە بە ڕێژەی (٣٢,٣٥%) لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشوو.

ب- گروپی تەمەن مامناوەندەکان (گەنج): هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٤) ساڵدایە. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان ئەم گروپە ڕێژەیان گەشتووەتە (٦٠,٢١%)ی سەرجەم دانیشتوانی هەرێم، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی ئەم گروپەی گرتووە کە (٦٢,٩١%)ی کۆی دانیشتوانە، پارێزگای دهۆک نزمترینە کە (٥٧,١١%) کۆی دانیشتوانە لەبەر کۆچکردن بۆدەرەوە. بەڵام لە ئاماری ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیە بە نزیکەی وەک خۆی ماوەتەوە بە (٦٠,١٢%)، لەسەر ئاستی پارێزگا دیسان سلێمانی بەرزترین ڕێژەی ئەم گروپەی گرتووە بە ڕێژەی (٦٢,٩١%)ی کۆی دانیشتوان، پارێزگای دهۆک نزمترینە بە ڕێژەی (٥٧,١٣%).

ت- گروپی تەمەن گەورەکان (پیر): هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان ٦٥ ساڵ و بەرە و سەرە؛ بەپێی ئاماری ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستاندا ئەم گروپە ڕێژەیان گەشتووەتە (٤%) و لە پارێزگاکانیش پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی ئەم گروپەی گرتووە بە ڕێژەی (٤,٧٤%)، پارێزگای دهۆک نزمترینیانە بە ڕێژەی (٣,١٦%). لە ئاماری ٢٠٢٠ دا، ئەم گروپە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیان کەمێک دابەزیووە بۆ (٣,٩٨%)، لەسەر ئاستی پارێزگا بە هەمان شێوە پارێزگای پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی ئەم گروپەی گرتووە بە ڕێژەی (٤,٧٤%)، لەبەر باشی کەرتی تەندروستی لەچاو پارێزگاکانی تردا، پارێزگای دهۆک نزمترینیانە بە ڕێژەی (٣,١٣%).

له (خشتەی-٥) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی گرووپی تەمەن مامناوەندییەکان لە هەردوو گرووپەکەی دیکە زیاترە، واتە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان تەمەن گەنجەکانن، لە جوگرافیای ڕامیاریدا بە بنەمایەکی بەهێز دادەنرێت بۆ دەستی کار لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و لایەنی سەربازی، جگە لەوەی بەخێوکردنی دوو گرووپەکەی دیکەشیان لە ئەستۆدایە؛ گرووپی تەمەن بچوکەکانیش بە پلەی دووەم دێت ئەم گرووپەش لە داهاتودا جێی گرووپی گەنجەکان دەگرنەوە، لە داهاتودا کاریگەری دەبێت لەسەر دابینکردنی دەستی کار و بنیاتنانی سوپا و پڕکردنەوەی سێکتەرە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی تر.

(خشتەی- ٥)

گرووپی تەمەنی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠٢٠)

| گرووپی تەمەن | پ.هەولێر | | پ.سلێمانی | | پ.دهۆک | | پ.هەڵەبجە | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٩ (%) | ٢٠٢٠ (%) | ٢٠٠٩ (%) | ٢٠٢٠ (%) | ٢٠٠٩ (%) | ٢٠٢٠ (%) | ٢٠٠٩ (%) | ٢٠٢٠ (%) | ٢٠٠٩ (%) | ٢٠٢٠ (%) |
| بچوک (منداڵ) ٠-١٤ | ٣٦,٦٤ | ٣٦,٦٤ | ٣٢,٣٥ | ٣٢,٣٥ | ٣٩,٧٣ | ٣٩,٧٤ | -- | ٣٤,٩٣ | ٣٥,٧٧ | ٣٥,٨٨ |
| مامناوەند(گەنج) ١٥-٦٤ | ٥٩,٥٢ | ٥٩,٥٢ | ٦٢,٩١ | ٦٢,٩١ | ٥٧,١١ | ٥٧,١٣ | -- | ٦١ | ٦٠,٢١ | ٦٠,١٢ |
| گەورە (پیر) ٦٥ بەرەو سەر | ٣,٨٤ | ٣,٨٤ | ٤,٧٤ | ٤,٧٤ | ٣,١٦ | ٣,١٣ | -- | ٤ | ٤ | ٣,٩٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠)، ٢٠١٤، ل١١-١٤.

### ٣- پێکهاتەی ژینگەی دانیشتوان (التركيب البيئي للسكان)

هەرێمی کوردستان دانیشتوانی بەسەر شار و گونددا بە ناڕێکی دابەشبوون، لەم ڕووەوە شارنیشی زیاترە لە گوندنشین، کە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆییە. وەک لە (خشتەی- ٦) و (شێوەی- ١) دەرەکەوێت ڕێژەی شارنشین لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) زۆر بەرزترە لە گوندنشین، بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و دەستی کار لە گوندەکاندا، بەجۆرێک لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیە دەگاتە (%٨٢,٥) لە ساڵی ٢٠٠٩ و (%٨١,٣) لە ساڵی (٢٠٢٠)دا. پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی شارنشینی تیدایە کە (%٨٤,٨) بۆ هەردوو ساڵ و پارێزگای هەڵەبجەش هەمان ڕێژەیە بۆ ساڵی ٢٠٢٠، کۆچکردنی گوندنشینان بە هۆی ڕاگواستن لە

سەردەمی ڕژێمی بەعس و کەمی خزمەتگوزاری لە گوندەکان، نزمترین ڕێژەش پارێزگای دهۆکە دەگاتە (٧٤,١%) بۆ ساڵی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، چونکە گوندەکانی لە ڕابردوودا بەر شاڵاوی ڕاگواستن نەکەوتووە.

(خشتەی- ٦)

دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین و لادێنشین) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ -٢٠٢٠)

| ساڵ / پارێزگا | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|
| | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % |
| هەولێر | ٨٣,٢ | ١٢,٨ | ٨٣,٣ | ١٢,٧ |
| سلێمانی | ٨٤.٨ | ١٥,٢ | ٨٤,٨ | ١٥,٢ |
| دهۆک | ٧٤,١ | ٢٥,٩ | ٧٤,١ | ٢٥,٩ |
| هەڵەبجە | – | – | ٨٤,٨ | ١٥,٢ |
| هەرێمی کوردستان | ٨٢,٥ | ١٧,٥ | ٨١,٣ | ١٨,٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١).

(شێوەی- ١)

دابەشبوونی ژینگەیی (شارنشین و لادێنشین)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ساڵی (٢٠٠٩ و ٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١).

### ٤- پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان (تركيب الاقتصادي للسكان)

لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئابووری بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی دانیشتواندا، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە دانانی پلانی داهاتوودا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، چ لە بواری پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئابووری یان لە بواری خزمەتگوزاری گشتی بێت[١]. گرنگی پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان لەوەدایە، کە بەهۆیەوە ڕەوشە گشتییەکانی هێزی بەرهەمهێنانی ئەم دەوڵەت و ئەو هەرێم و شوێنەکانی لاوازی و بەهێزی پێدەزانرێ، جگە لەوەش لە ڕەوشەکان دەکۆڵێتەوە جا کشتوکاڵی بن یان پیشەسازی یان خزمەتگوزاری، بەو هۆیەوە ئەندازەی هێزی کاریش دیاری دەکرێت، بەتایبەتی کە هێزی کار ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هێز و ڕەوشە ئابووری و ڕامیارییەکانی دەوڵەت، چونکە هێزی ئابووری بە کۆڵەکەی هێزی ڕامیاری دادەنرێ و پەیوەندیەکی تۆکمەشی بە هێزی سوپاییەوە هەیە[٢].

لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٢[*] بەرزترین ڕێژەی کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ یان زیاتر لە چالاکی خزمەتگوزاریدا (٧٧،٣%) بووە، پاشان چالاکی پیشەسازی دێت بە ڕێژەی (١٦،٦%) و نزمترین ڕێژە بۆ چالاکی کشتوکاڵییە گەشتووەتە (٦،١%)، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکان ڕێژەی بەشداری لە چالاکی خزمەتگوزاری لە پارێزگای هەولێر بەرزترینە، دەگاتە (٧٩،٢%)، پاشان دهۆک بە ڕێژەی (٧٨،٣%) و دواتر سلێمانی بە ڕێژەی (٧٥،١%)، ڕێژەی بەشداری لە چالاکی پیشەسازی لە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەیە بە (١٨،٤%)، چونکە زۆرترین کارگەی پیشەسازی تێدا کۆبوەتەوە، پارێزگای دهۆک کەمترینە بە ڕێژەی (١٤،٩%) لەبەر کەمی کارگەی پیشەسازی[٣]، ڕێژەی بەشداری دانیشتوان لە چالاکی کشتوکاڵیدا پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت لە نێو پارێزگاکانی تری هەرێم ڕێژەی (٦،٥%) و پارێزگای دهۆک کەمترین ڕێژەی پێکهێناوە بە (٥،٨%). وەک لە (شێوەی-٢) دیارە.

---

(١)- جەزا تۆفیق تالیب و سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئابووری دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ١، ٢٠١٩، ل٤٧.

(٢)- جەزا تۆفیق تالیب، پێکاتەی ئابووری دانیشتوان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ١، ساڵی حەوتەم، سلێمانی، شوباتی ١٩٩٩، ل٥.

(*)- بەهۆی نەبوونی داتای بەردەست تەنها ئەم ساڵەمان وەرگرتووە.

(٣)-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٢، ل١٩-٢٠.

(شێوەی- ٢)

ڕێژەی بەشداری دەستی کار لە چالاکییە ئابوورییە جیاوازەکاندا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٢)




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٢، ل٢٠.

**باسی دووەم: ڕەهەندی مێژووی و ڕامیاری ناوچەی توێژینەوە**

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە ڕامیارییەکانی لەگەڵ تورکیا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە دابەشی دوو تەوەر دەکرێت:-

**تەوەری یەکەم: مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ئازاد کرا لە دەست ڕژێمی بەعس و وەک ناوچەیەکی ئارام لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە هێڵی پانی (٣٦) دیاریکرا بۆ پاراستنی خەڵکەکەی(١)، ئەم ناوچە ئازادکراوە هەموو خاکەکەی نەدەگرتەوە، چونکە ڕووبەرەکەی (٤٢٠٠٠) کم٢ بوو٢، وەک لە نەخشەی (٧) دیارە؛ بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش مۆڵەتیان بە ڕژێمی بەعس نەدا چیتر سیاسەتی جینۆسایدی کورد لە بەشە ئازاد کراوەکەی باشووری کوردستان ئەنجام بدات.

---

(١)- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسیی)، و. یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٢٧-٢٢٨.

(٢)-سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد، چاپخانەی یاد، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٧٩.

(نەخشەی-٧)

هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٢




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد، چاپخانەی یاد، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٧٩.

بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٥/١٩ لە هەڵبژاردنێکی مێژوویدا ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان هەڵبژێردا[١] بەڵام هەڵبژادنەکە بەبێ کێشە بەڕێوە نەچوو، هەتا درەنگانێکی شەو هیچ لایەنێک بەتایبەت پارتی دانی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە نەدەنا [٢]؛ لە ٢٢-١٩٩٢/٥/٢٣ هەردوو

---

(١)- ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر، کورتەیەک لەسەر کورد و هەڵبژاردن لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ١٥، ساڵی سێیەم، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٠، ل١٤٣.

(٢)- سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆی کورد (بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرەنجام)، چ١، لە بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٧٧.

پـــارتی ســـەرەکی کوردســـتان (ی.ن.ک و پ.د.ک) ئەنجـــامی کۆتـــایی هەڵبژاردنەکەیـــان بەپێـــی ڕێکەوتنێکیان بڵاوکردەوە و پەنجا بە پەنجا لەنێوان خۆیاندا پەرلەمان و حکومەتیان دابەش کرد[1]، پێـــنج کورســـیان لە پەرلەمـــانی کوردســـتان دا بە پێکهـــاتەی ئاشـــوورییەکان[2]؛ پەرلەمـــان یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە ١٩٩٢/٦/٤ ئەنجامدا و پاش مانگێکی تەواو ئەنجومەنی وەزیرانش پێکهات[3]؛ ئەم کابینە بەهۆی کەموکورتی لە پێداویستی و خراپی باری دارایی و تێکەڵکردنی کاری حیزبی لە حکـــومەت دوای چەنـــد مانگێـــک هەڵوەشـــایەوە، لە ١٩٩٣/٤/٢٥ کـــابینەی دووەم پێکهێنـــرا بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، ئەم کابینە هەوڵیدا گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا بکات تەنانەت پۆســـتە حکومییەکـــانی کەمکـــردەوە، بەڵام ڕەخـــنەی ئەوەی لێگیـــرا کە لایەنگـــرانە کاردەکـــات دوای ساڵێک لە بەردەوامبوونی، شەڕی ناوخۆ[*] دەستی پێکرد هەرچەندە ساڵی ١٩٩٥ بڕیاری (٩٨٦)ی (نەوت بەرامبەر خۆراک[**]) دەرچوو خاڵەکانی تا ڕادەیەک ڕووخساری هەرێمێکی بە نێودەوڵەتی کراوی دەبەخشیە کوردستان[٤]، بەڵام تا دەهات شەڕی ناوخۆ قورستر دەبوو، هێزەکانی (ی.ن.ک) هەولێری کۆنترۆڵ کرد تاوەکو ساڵی ١٩٩٦، لە هەمان ساڵدا (پ.د.ک) هەولێری کۆنترۆڵ کردەوە

---

(١)- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٩، ل١٠٤.

(٢)- نجـم سـەنگاوی، کوردسـتان و سـەرکردە و دەسـتەڵات و شۆڕشـەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٤)، چ١، بـێ نـاوی چاپخانە، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٤، ل٨١٢.

(٣)- ڕوود هۆف و ئەوانی تر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق ( ١٩ی مایسی ١٩٩٢)، و. صفوەت رشید صدقی، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤.

(*)- بە شێوەی سەرتاسەری شەڕی ناوخۆ لەڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ دەستی پێکرد لە شاری قەڵادزە، دواتر لە هەموو ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان و چەمچەماڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەلاماری بارەگاکانی لق و ناوچە و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دا و دەستیان گرت بەسەریاندا، شەڕەکە بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٨ بە مۆرکردنی ڕێککەوتنی واشنگتۆن کۆتایی هات، شەڕی ناوخۆ زۆر قورس لەسەر کورد کەوت هەزاران پێشمەرگە و هاوڵاتی سڤیل کوژرا، جگە لە خاپوورکردنی ناوچەکە زەرەری مادی و مەعنەوی ئێجگار زۆر بوو، هەروەها (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) پەنایان بردە بەر نەیارانی کورد بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکدا لەوانە ئێران و تورکیا و ڕژێمی بەعس. سەرچاوە: نجم سەنگاوی، باشوری کوردستان ڕووداو و دەستکەوتەکان لە (١٩٠٠ تا ٢٠١٦)ن، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٣١-٥٣٢؛ محمد ساڵح عەقراوی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧، ل١٩٦.

(**)- بڕیاری (٩٨٦) لە ساڵی ١٩٩٥ دەرچوو بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک ناسراوە، بەشی تایبەت لە داهات بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کرا بەڕێژەی (١٣%)، تا ڕادەیەک یارمەتی باشکردنی ژیانی خەڵکی لە کوردستانی عێراق دا، لەو بارە سەخت و دژوارەی کە تێی کەوتبوون. سەرچاوە: کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ١٩٥٨وە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٤٥.

(٤)- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥.

و پاشان کابینەی دووەمی حکومەت کۆتایی پێهات[1]. دوای کابینەی دووەم بارودۆخی هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییەکی جیاوازی بەخویەوە بینی، ئەم گۆڕانەش بریتی بوو لە دوو ئیدارەیی[*]، دوو دەسەلاتی کوردی بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) بە سەرۆکایەتی ڕۆژ نوری شاوەیش هاتە کایەوە، ئیدارەی سلێمانی بەدەست (ی. ن. ک) و ئیدارەی هەولێر بەدەست (پ. د. ک) بوو[2]، ناویان لێنا کابینەی سێیەم. وەک لە (نەخشەی- ٨) دیارە.

لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنگتۆن ساڵی ١٩٩٨ حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە کۆمەڵێک هەنگاوی خێرا و گشتگیر بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و پێکهێنانی دامودەزگا گرنگەکان وەک دەزگای ئەمنی و سەربازی؛ هەریەک لە دوو پارتە سەرەکییەکە گۆڕانکاریان لە کابینەی حکومەتدا کرد و بە جیا کابینەی چوارەمیان ڕاگەیاند، ئەم دوو کابینەی چوارەمە بە جیا و لە ساڵی جیادا ڕاگەیەنران، پارتی لە ئیدارەی هەولێر ٢٠/ ١٩٩٩/١٢ کابینەی چوارەمی ڕاگەیاند نێچیرڤان بارزانی کرا بەسەرۆک وەزیر، یەکێتی لە ئیدارەی سلێمانی ٢٠٠١ /١/٢١ کابینەی چوارەمی ڕاگەیاند بەرهەم کرا سەرۆک وەزیران[3]، هەر لە ئیدارەی سلێمانی لە ناوەڕاستی ٢٠٠٤ کابینەیەکی نوێ پێکهات بە سەرۆکایەتی عومەر فەتاح؛ ئەم کابینانەش تەنها لە دوو حیزبە سەرەکییەکە پێکنەهاتبوون بەڵکو چەند وەزارەتێکیان داوە بەو حیزبانەی کە لەگەڵیان بوون، پێکهێنانی سەرجەم ئەو کابینانەش لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بەبێ هیچ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی دروستکراون[4]، سیستەمی ڕامیاری لە هەرێمی کوردستان بەم شێوە بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠٠٦ هەردوو ئیدارەکە یەکیان گرتەوە[5].

---

(١)- دڵشاد سیامەند شیراوی، ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بونیاتنانی پەرلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٦)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٨، ژ٢، ٢٠٢١، ل٣٨٤-٣٨٥.

(*) - لە بنەڕەتدا چەمکی ئیدارە زیاتر چەمکێکی زانستی ئابوورییە وەک سیاسی، بەڵام بە هۆکاری سیاسی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا، ئەم چەمکە بە سیاسی کرا و هەرێمی کوردستان دابەشکرا بەسەر دوو سیستەمی بچوک و لاوازی بەڕێوبردن و حکومڕانیدا، کە لە شەقامی کوردیدا بە دوو ئیدارەی ناسرا. سەرچاوە: دانەر ئەبو بەکر، ئەڵتەرناتیڤ و لە گۆڕنانی چەمکی دوو ئیدارەیی.
https://kurdistantv.net/ku/opinions/155581 ٢٠٢٣/٢٠/١

(٢)- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا) ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٣، ل٦٢.

(٣)- دڵشاد سیامەند شیراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٧-٣٨٨.

(٤)- محەمەد ڕەوف، هەڵبژاردن لە کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٠)، چ١، چاپخانەی ئارۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٩٣.

(٥)- دڵشاد سیامەند شیراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨.

(نەخشەی- ٨)

ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی لە ناوچەی توێژینەوە پێش دروستبوونی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: ئەگەرەکانی دروستبوونی دوو هەرێمی لە کوردستاندا، ڕاپۆرتی درەو میدیا، ٢٠٠٨.

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=2266 ٢٠٢٢/٤/٢٤

گۆڕانی گەورەی ڕامیاری ئەوە بوو هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پشتیوانی (٧٥) دەوڵەت لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا بە شێوەیەکی سەربازی دەسەلاتی (٣٥) ساڵەی ڕژێمی بەعسییان ڕووخاند و هەموو پاشماوەکانی حیزبی بەعسییان ڕامالی، دەوڵەتی عێراقیان گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراقیان سەلماند، لە ڕێگەی ماددەی (٥٨*)، چارەسەری گونجاوی بۆ ئەو ناوچانەی کە دەیان ساڵ بوو

---

(*)- مادەیەک بوو لە دەستووری کاتی عێراقدا دانرا بۆ چارەسەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دواتر لە دەستووری هەمیشەی عێراقدا ئەو مادەیە گۆڕا بۆ مادەی (١٤٠). توێژەر.

کورد و دەوڵەتی عێراق کێشەیان لەسەر بوو دانا[١]. لە (٣٠)ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجام درا، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان[٢]، پارتی و یەکێتی بە یەک لیست بەشداریان تێدا کرد بەناوی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، (٨٩,٥٥%)ی کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەکەیان بەدەستهێنا و (١٠٤) کورسی پەرلەمانیان مسۆگەرکرد[٣]، لە ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتێکی یەکگرتوویان دروستکرد ژمارەی وەزارەتەکانی (٤٢) وەزارەت بوو، باشی ئەم کابینەیە ئەوە بوو دوای شەڕی ناوخۆ بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی سەرتاسەری کرایەوە و کابینەکان یەکی گرتەوە، بەڵام خراپییەکەی ئەوە بوو ژمارەی وەزارەتەکان زۆر بوون ئەمەش بوو بە مایەی خەرجییەکی زۆر لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان[٤].

لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، (٢٤) لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد بۆ کێبڕکێ لەسەر (١١١) کورسی، بزوتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا وەک هێزێکی تازەی ڕامیاری توانی ڕێژەی (٢٢,٥٢%)ی دەنگەکان بە دەست بهێنێت، کە (٢٥) کورسی پەرلەمانی بەرکەوت[٥]، لیستی کوردستانی کە (پارتی و یەکێتی و چەند هێزێکی تری لەخۆ دەگرت) ڕێژەی (٥٣,١٥%)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، (٥٩) کورسی پەرلەمانی بەرکەوت[٦]، لەو ڕێکەوتەوە پەرلەمانی کوردستان ئۆپۆزسیۆنبوونی سیاسی بەخۆیەوە بینی[٧].

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ یەکەمجار لە ئایاری ٢٠٠٦ وەزارەتی سامان سروشتییەکان دامەزرا، دوای واژۆکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا

---

(١)- ڕێبین محمد سۆفی، مافی گەلی کورد لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٣٣.

(٢)- شیلان احمد ڕۆستەم، ڕەوشی ئۆپۆزسیون لە هەرێمی کورددستان دا: بزوتنەوەی گۆران وەک نموونە، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، بەرگی٢، ژ٣، حوزەیرانی ٢٠١٩، ل١١٠.

(٣)- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

(٤)- دڵشاد سیامەند شیراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٥.

(٥)- پەرلەمانی کوردستان-عێراق، مێژووی هەڵبژاردن، خولی سێیەم، ٢٠٠٩.
https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-/3 .٢٠٢٢ / ٣/١٧

(٦)- محەمەد ڕەوف، هەڵبژاردن لە کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٠)، چ١، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٧)- فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵا، پرۆژەی ئۆپۆزسیونی سیاسی لە کوردستان و لەمپەرەکان و هۆکارەکانی شکستی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٣٨، سلێمانی، تەموزی ٢٠١٩، ل٣٩.

بیانییەکان، لە (١)ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ قوفڵی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان لە لایەن جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم کرایەوە[١]؛ سەرجەم فراکسیونەکانی پەرلەمانی کوردستان بێ هیچ لێکدانەوەیەکی ئابووری سەرەتایی لە ساڵی ٢٠١٣ دەنگیان دا بە پرۆسەی سەبەخۆی- هەناردەکرنی نەوت بە بۆری و بێ ڕەزامەندی عێراق، ئەم نەوت فرۆشتنەیان ناونا "ئابووری سەربەخۆ" کە هەولێر دەستی کرد بە ناردنی نەوتەکەی و بەغدادیش بوجەکەی بڕی[٢]. ساڵی دواتر حکومەتی هەرێم بەهۆی بڕینی ڕێژەی (١٧%)ی بودجەکەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤،تێچووی زۆری شەڕی داعش[*]، بارگرانی دارایی ئاوارە و پەنابەران لەسەر کەرتی گشتی و دابەزینی نرخی نەوت کەوا (٩٠%)ی داهاتی حکومەت پێکدەهێنێت، ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوویەوە بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و دابینکردنی پارەی تەرخانکراو بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان[٣]؛ لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی جەنگی دژ بە ڕێکخراوی داعش لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٧)، هەولێر بوو بە ناوەندی دیبلۆماسی نێودەوڵەتی، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئەو پشتیوانییەی جەنگی داعشیان ئاراستە کرد بۆ پشتیوانی لە پرۆژەی سیاسی و سەربەخۆی کورد[٤]؛ ئەوە بوو هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٠١٧/٩/٢٥ ئەنجامدا سەرەڕای فشارەکانی هەریەک لە حکومەتی عێراقی و وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و

---

(١)- سەروەر حەمە ئەحمەد، کوردستان لە ستراتیجی ڕۆژئاوادا، چ ١، دەزگای فام بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٥٠-٥١.

(٢)- محەمەد حسێن، ئاڵنگارییەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٤٠، سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١٩، ل٣٩.

(*)- داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام): درێژکراوەی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی عێراقە لەلایەن ئەبو عومەر بەغدادی ئەمیری لە (١٥)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ ڕایگەیاند، دواتر لە پرۆسەیەکی سەربازی لە نیسانی ٢٠١٠ ئەمیری ڕێکخراوەکە کوژرا، هەر زوو لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بەیعەت درا بە ئەبو بەکر بەغدادی و کرا بە ئەمیری ڕێکخراوەکە لە عێراق؛ پاشان بەغدادی بڕیاریدا ڕێکخراوەکە بباتە کۆماری عەرەبی سووریا و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، لە (٨)ی نیسانی ٢٠١٣ هاوپەیمانییەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش)ی ڕاگەیاند، دوای داگیرکردنی ناوچەیەکی فراوانی کۆماری عەرەبی سووریا، لە (٩)ی حوزەیرانی ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر شاری موسڵ و داگیری کرد. سەرچاوە: ئالا ڕەفیق محەمەد، کاریگەرییەکانی شەڕی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، ٢٠١٦، ل٣-٤.

(٣)- کارزان حسن عبدالرحمن، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژ ١، زستانی ٢٠١٩، ل١٣٧.

(٤)- بێ ناوی نووسەر، ڕیفراندۆم ئەزمونێک بۆ ئایندە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢٨، ئەیلولی ٢٠١٨، ل٧.

توركیا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زۆربەی دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆی دەنگیان دا، كاردانەوەكانی بەغداد زۆر توندبوون، لە (١٦) ئۆكتۆبەری هەمان ساڵ هێزە عێراقییەكان شانبەشانی میلیشیاكانی سەر بە حەشدی شەعبی پەلاماری شاری كەركوكییان دا و دوای كۆنترۆڵكردنی ئەو شارە لە ماوەیەكی كەمدا حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆربەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی لە دەست دا، پێشتر ئەم ناوچانە هێزەكانی پێشمەرگە لە هێرشەكانی داعش پاراستبوویان[١].

لە سەرەتای دروستبوونی حكومەتی هەرێمەوە تا ئێستا (٩) كابینەی حكومەتی یەک لە دوای یەک پێكهاتوون، سەرەڕای كەوتنە ژێر باری قەرزێكی (٢٨,٤٧٦) ملیار دۆلاری[٢]، لەسەر چەندین پرسی سەرەكی لەگەڵ حكومەتی عێراق لە كێشە دان و نەگەشتوونەتە چارەسەرێكی بنەڕەتی لەوانە: نەوت و گاز، بەشە بودجە[*]، پێشمەرگە و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**تەوەری دووەم: پەیوەندییە ڕامیارییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا**

پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا بە بارێكی ئاسایی و جێگیردا تێنەپەڕیوە قوناغ بە قۆناغ گۆڕاوە، بەپێی ئەو ڕووداوانەی لەناوچەكەدا سەریان هەڵداوە هەندێک جار بەهێز و هەندێک جار ساردبووەنەوە و دژایەتیكردنی بەخۆیەوە دیوە، بناغەی پەیوەندیەكانی نێوان هەردوولاش دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی ئەم قەوارە ڕامیارییە، ئەویش لەسەر ئاستی كەسێتی بووە بەڵام دواتر بواری ئەم پەیوەندیانە فراوانتر و هەمەلایەنتر بووە؛ لەم تەوەرەدا پەیوەندییە ڕامیارییەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و توركیا دەكرێت بە سێ قۆناغەوە و قۆناغەكانیش بریتین لە:-

---

(١)- هاوڕێ حەسەن حەمە، پەیوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی لە دوای لە دەستدانی ناوچە جێناكۆكەكان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ١٨-١٩، تشرینی یەكەمی ٢٠١٧، ل٨.

(٤)- حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕاپۆرتی مەسرور بەرزانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان، ٢٠٢٠.

https://gov.krd/news-and-announcements/posts . ٢٠٢٢/٩/٢٧

(*)- ئەو بودجەیە بوو لە دوای ڕژێمی بەعس و پێكهێنانی حكومەتی كاتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤، بە ڕێككەوتنی سیاسی پشكی (١٧%) لە بودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان دیاری كرا. سەرچاوە: محەمەد ڕەئوف، بودجە و كارتێكەرەكانی ((شیكاری گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم (٢٠٠٤-٢٠١٤))، چ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥.

**قۆناغی یەکەم: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ساڵی (١٩٩١– ٢٠٠٣ز)**

کاتێک باس لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دەکرێت، دەبینین ئەم هەرێمە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دانپیانراو نەبووە، چونکە سیفەتی یاسایی نێودەوڵەتی نەبووە و سنوورەکانی دانپیانراو نەبوون، هاوکات هەرچەندە هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی سیفەتێکی فەرمی و شەرعی نەبووە لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەک بارێکی دیفاکتۆ (Defacto) پەیوەندی و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە[١].

سەرۆک کۆماری ئەوسای تورکیا تورگوت ئۆزاڵ[*] لە ئازاری ١٩٩١ یەکەم هەنگاوی نا بۆ دامەزراندنی هاتوچۆ و پەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان، کاربەدەستانی کورد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا بانگهێشتی ئەنقەرە دەکران[٢]، تورگوت ئۆزاڵ یەکەم سەرۆک بوو لە ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ واقیعی نوێی هەرێمی کوردستان کرد، لە جیاتی ڕەتکردنەوە و هەڕەشە و چاوسورکردنەوە، کرانەوەی بەسەر سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەڵبژارد[٣]، لەلایەکی تریشەوە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بوو لە باکووری کوردستان؛ لەیەکێک لە سەردانەکانی بارزانی و تاڵەبانیشدا بۆ ئەنقەرە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٢، دوای بینی تورگۆت ئۆزاڵ پاسەپۆرتی دیبلۆماسیان وەرگرت بۆ ئەوەی سەفەری دەرەوەی پێ بکەن[٤]، ئۆزاڵ پێی خۆش بوو لە کوردستانی عێراق دژی سەدام حوسەین پشتیوانی کوردەکان بکات و ڕێگەی دایە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە ئەنقەرە نوسینگەکانیان بکەنەوە[٥]، پەیوەندییەکانیشیان بە سێ کۆبونەوە

---

(١)- هێرش عەبدوڵلا حەمە کریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا) ١٩٩١-٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(*) تورگوت ئۆزاڵ لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لەشاری مەلاتیە لەخێزانێکی چین مامناوەندی ئاینپەروەر لەدایک بووە دایکی بە ڕەگەز کورد بووە، لە ساڵی ١٩٨٣- ١٩٨٩ سەرۆک وەزیرانی تورکیا بووە و لە ساڵی ١٩٨٩- پۆستی هەشتەمین سەرۆک کۆماری تورکیای وەرگرتووە، لە ٤/١٧/ ١٩٩٣ لە ڕووداوێکی تەمومژاوی نادیاردا کۆچی دوایی کردووە. سەرچاوە: ئامانج حسن أحمد، ڕۆڵی سیاسی و ئابووری تورگۆت ئۆزاڵ لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆی، بەرگی٤، ژ٣، ٢٠١٨، ل٢٦-٢٧.

(٢)- مراد خۆشەڤی حەسۆ، گۆڕانکاریەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق (١٩٩٠-٢٠٠٥)، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٨٠.

(٣)- بێ ناوی نووسەر، ڕاپۆرتی تورکیناسی لەبارەی هەوڵەکانی ئۆزاڵ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، گۆڤاری تورکیاناسی بۆ دیالۆگ و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ساڵی یەکەم، ژ١، هەولێر، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩، ل٨٦.

(٤)- بیار مصطفى سيف الدين، تركيا و كردستان العراق "الجارين الحائرين"، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨، ص١٧٤.

(٥)- مراد خۆشەڤی حەسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

دەستی پێکرد لەنێوان بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و دەزگای سیخوڕی تورکیا (M. I. T) لە لایەک و جەلال تاڵەبانی و موحسین دزەیی نوێنەری مەسعود بەرزانی لە لایەکی ترەوە، باس و خواس کرا لەسەر ئەوەی تورکیا مافی دیموکراسی گەلی کورد بدات[١]، بەڵام لە (٨)ی تەموزی ١٩٩٢ واتە یەک مانگ پاش ڕاگەیاندنی یەکەم حکومەتی کوردی بە سەرۆکایەتی د. فؤاد مەعسووم، ئەنقەرە ڕایگەیاند ئەم حکوومەتە حکوومەتێکی شەرعی نییە، گەرچی بەیاننامەکەی ئەنقەرە بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی توند بوو، بەڵام درێژەی بە پەیوەندی باشی خۆی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراق دا[٢].

ڕاگەیاندنی فیدراڵیەت بۆ کوردستانی عێراق لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە (٤)ی تشرینی یەکەمی (١٩٩٢)دا، لێدانێکی تر بوو بە ڕووی سەدام حوسەیندا چونکە فشاری جیابوونەوەی لە بەغداد زیاتر دەکرد[٣]، بۆ ئەو مەبەستەش تورکیا لە کۆنفرانسێکدا پێشوازی لە بەرپرسانی ئێران و سووریا کرد لە ئەنقەرە و هەر سێ لایەن بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە، تێیدا ڕایانگەیاند کە پێویستە یەکپارچەی خاکی عێراق بپارێزرێت و ڕێگە نادرێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی[٤]؛ بە تایبەتیش تورکیا دەستبەجێ ڕایگەیاند ئێمە کارێکی وا پەسەند ناکەین لەوانەیە دابەشبوون و کەرتبوونی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لێ بکەوێتەوە، هەندێک لە سەرکردەکانی تورکیا لەوانە بولەند ئەجەوید سەرۆکی پارتی دیموکراتی چەپ و نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی ڕەفاە ئەمەیان بە پلانی ئەمریکا-ئیسرایل دانا، سوپای تورکیاش سەبارەت بە و گۆڕانکاریانەی لە کوردستانی عێراق ڕوویاندا نارەحەت بوو[٥]، ئەم گۆڕانکاریانەش تورکیای خستە بەردەم چەند بژاردەیەک لەوانە خۆ دوورگرتن لە دەستێوەردان لە نێوخۆی کوردستان ڕەنگە ببێتە هۆی بۆشایی ئەمنی و حکومەتی عێراق ئەم ناوچەیە بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، دواتر ببێتە هۆی کۆڕەوێکی بەکۆمەڵی تر بۆ وڵاتەکەی، سەرباری ئەوەی واز لە کورد بهێنێت پێدەچێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا پەرە پێ بدەن پاڵیان پێوەبنێت بەرەو بیرکردنەوە لە

---

(١)- سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵلا، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیوەندیە هەرێمییەکانی تورکیا (١٩٨٠-١٩٩٩) تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٧، ل١٤٧-١٤٨.

(٢)- یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٣، ساڵی نۆیەم، سلێمانی، ئابی ٢٠٠١، ل٥٥.

(٣)- جون شكون قيرجا، الاستقلال التدريجى لاكراد العراق في تقرير اميركي، مجلة شؤون تركية، ع٤، ١٩٩٢، ص١٨.

(٤)- Zana BAYKAL, TÜRKİYE'NİN IRAK KÜRDİSTAN BÖLGESEL YÖNETİMİ (IKBY) İLE OLAN ENERJ İLİŞKİLERİ (2002-2014), Yüksek Lisans Tezi, İstanbul, 2014, S 10.

(٥)- مراد خۆشەڤی حەسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤-٨٥.

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، لە لایەکی ترەوە ئەو دڕدۆنگیەی تورکیا لە ئاست پەکەکە پەیوەندی بەوەوە هەبوو ئەو پارتە توانیبووی بارودۆخی ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان بقۆزێتەوە و بنکە و بارەگاکانی لە دۆڵی بیقاعەوە بۆ چیاکانی قەندیل لە باشووری کوردستان و ناوچە سنووریەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بگوازیتەوە، مەترسی لەسەر دەسەڵاتی تورکیا لە باکووری کوردستان دروست بکات[1]؛ گەرچی تورکیا بە یارمەتی هەرێمی کوردستان لە شەڕی پەکەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئەو پارتە لەبەرەکانی جەنگ لاواز بوو، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە ململانێکان بهێنێت، بە پێچەوانەشەوە ململانێ نەتەوەییەکان تا دەهات لە تورکیا توندتر دەبوو، بۆیە هەرێمی کوردستان لەبری هاریکاری شەڕەنگێزی بۆ کوردستان ویستی هاریکاری ئاشتیانە لەگەڵ تورکیا بۆ چارەسەری مافخواردنی کورد تاقیبکاتەوە، هاوکات پەیوەندی باشی تاڵەبانی لەگەڵ ئۆزاڵ ئەم هەوڵانەی بەرەو پێش برد، دوای ئەوەی تاڵەبانی چەند جارێک بانگهێشتی تورکیا کرا و سەردانی ئۆجەلانی کرد و توانی پرۆسەی ئاگربەست لەنێوان (پارتی کرێکارانی کوردستان- کۆماری تورکیا) بهێنێتە کایەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیەش لە (١٨)ی یولیوی ١٩٩٣ کۆتایی پێهات لە ئەنجامی چەند هۆکارێک لەوانە مردنی ئۆزاڵ[2].

بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەسەر دابەشکردنی داهات و دەسەڵات، هەرێمی کوردستانی ناسەقامگیرکرد؛ هەرچەندە تورکیا هەوڵی دا ناوەندگیری بکات لە نێوان هەردوو حیزبی ناوبراودا بۆ ڕێگرتن لە قۆستنەوەی دۆخەکە لە لایەن پەکەکە بەڵام پرۆسەکە شکستی هێنا[3]؛ دواتر ڕوون بووەوە ئەنقەرە زۆر بە تەنگ ئەوەوە نییە ئارامی کوردستانی عێراق بپارێزێت، چونکە هەنگاوی نا پشت بە هاوکاری بارزانی ببەستێت لە ململانێ لەگەڵ پەکەکە؛ پاش ناردنی نەوتی عێراق بەناو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بۆ تورکیا، کە لە هاوینی ١٩٩٤ دەستی پێکرد، ئەنقەرە لەسەر ئاستی ئەمنی- ئابووری لەگەڵ پارتی دیموکرات زۆر ڕازیی بوو نەیدەویست کوردستانی عێراق ببێتە یەک پارچە، بەڵگەش بۆ ئەوە بەرهەڵستی ڕێکەوتنامەی تەموزی ساڵی (١٩٩٤)ی پاریسی(*) کرد[1].

---

(١)- سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥-١٤٦.

(٢)- هێرش عەبدوڵلا حەمە کریم، پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا) ١٩٩١-٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢-١٧٤.

(٣)- FARUK ÇAKIR, TURKEY'S EVOLVING RELATIONS THE WITH KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT (KRG): FROM ٢٠٠٢ TO ٢٠١١, MASTER'S THESIS, KADİR HAS UNIVERSITY, SOCIAL SCIENCES AND HUMANITIES DISCIPLINE AREA, ISTANBUL, APRIL, 2019, p 14.

(*) دەوڵەتی فەرەنسا لە ١٩٩٣/٧/١٦ بۆ ئاشتبوونەوە و ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، بانگێشتی هەردوولای کرد بۆ پاریس، نوێنەراتی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و نوێنەرایەتی سەفارەتی ئەمریکی و بەریتانی وەک

تورکیا لەلایەکەوە بەشداربوو لە پرۆسەی پارێزگاری کوردەکانی عێراق و جێبەجێکردنی پەناگەی ئارام[٢]، تەنانەت هاوکاری هەرێمی کوردستانی دەکرد لە کردنەوەی زانکۆ و قوتابخانە [*]؛ کەچی لەلایەکی ترەوە دژی هەر هەوڵێکی جیابونەوە لەگەڵ ئێران و سووریا کۆبونەوەی سێ قۆڵی ئەنجام دەدا لە ئەنقەرە و دیمەشق و تاران لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٣) و دواتریش[٣]، لەگەڵ ئەوەشدا حیزبە کوردییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە پەرەپێدا چونکە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان کاریگەریان بۆ سەر ئەم پەیوەندیانە هەبوو، ئێران بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات و ڕێگە بگرێت لە چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا، تورکیاش بەهۆی ئەو بۆشاییە دەسەڵاتەی لە ئەنجامی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس دەترسا دزەکردنی پەکەکە لە سنوورەکانییەوە پەرەبسێنێت، کە لە ڕووی جوگرافیاوە هاوسنوورییەتی و لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بۆ پاراستنی ئاسایش لە سنوورەکانی خۆی پەیوەندییەکی باشتری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراند[٤]؛ بەڵام لەگەڵ پەکەکە زیاتر ڕێگەی شەڕی گرتەبەر تا ئاشتی، بە بیانووی بوونی ئەم پارتە لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان چەندین ئۆپەراسیۆنی ئەنجام داوە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، زۆرجار کەسانی سیڤیل و سوتانی ڕەز و باخی جوتیارانی ناوچەکەی لێکەوتووەتەوە، لەوانە ئۆپەراسیۆنی (سپورگە-گسگ لێدان) لە مانگی ئابی ١٩٩١ دەستیپێکرد تا تشرینی یەکەمی (١٩٩١)ی خایاند،

---

چاودێر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کۆبوونەوەکە باسی بارودۆخی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی کرد و هەردوولا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن. سەرچاوە: سەلاح ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٥.

(١)- یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٢)- پەروێز ڕەحیم قادر و نەجات عەلی صاڵح، کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠، ل٩١.

(*) لە ساڵی (١٩٩٤)دا دەزگای پەروەردەیی فەزالەر (FEI) بە کردنەوەی کۆلیژی ئیشک (Ishik College) لە هەولێر دەستی بە چالاکییە پەروەردەییەکانی خۆی کرد؛ تا ساڵی (٢٠١٦) سی قوتابخانەی سەر بە ڕەوتی گولەن لەگەڵ زانکۆی ئیشکی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراند، لەناو خەڵکدا ئەم دامودەزگا پەروەردەییە ئەهلییانە بە قوتابخانە تورکییەکان ناسران. سەرەڕای گرانی تێچووی خوێندن لەم قوتابخانانە، بەهۆی بەرزیی ئاستی پەروەردەیی خێرا گەشەیان سەند. سەرچاوە: فاتح سەعیدی، قوتابخانە گولەنییەکانی باشوری کوردستان (ئایدیولۆژی و مەنهەجی خوێندن)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ماملانێی و قەیرانەکان، و. نزار سابیر، سلێمانی، تەموزی ٢٠١٨، ل٤.

(٣)- عفاف رحيمة شميل، تحليل جغرافي سياسي لمتناقضات السياسة الخارجية التركية في الشرق الاوسط للمدة (٢٠٠٢-٢٠١٧)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة ميسان، كلية التربية، ٢٠٢٠، ص١١٦.

(٤)- پەروێز ڕەحیم قادر و نەجات عەلی صاڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

دیسان لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٤ لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور لە (٢٨)ی کانونی دووەمی ١٩٩٤ دژی کامپی زەڵێ یەکێک بوو لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکان تێیدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی شەهید و بریندار بوون، لە ئازاری ١٩٩٥ ئۆپەراسیۆنی (چەلیک-پۆڵا)ی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆ سەر خاکی هەرێم ئەنجام دا و ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو[١]، لەناوچەکانی ژێر دەستی (پ.د.ک) مانەوە، هێرشیان بۆ هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بە بیانووی شەڕ دژی پەکەکە، ئێران و سووریا لەم هاتنە ناوەوەی تورکیا دڵگرانی خۆیان دەربڕی و ئەمریکاش داوای کشانەوەی لێ کردن، بەم شێوە تورکیا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکەی هێنا و سەربازەکانی کشاندەوە[٢]؛ لە ساڵی ١٩٩٦ پلانی ڕووبەڕوو بوونەوەی دژی پەکەکە گۆڕی، بەجۆرێک لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵ بە لیوایەکەوە هاتە ناو خاکی هەرێم و بەڕەسمی دەستی کرد بە دروستکردنی بنکەی سەربازی و خۆ جێگیرکردن لەناو قوڵای خاکی هەرێمدا[٣]، هەرچەندە سلیمان دیمیریڵ لە ١٩٩٧/٩/١٥ وتی "بوونی سوپای تورکیا بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقە و هیچ نیازێکی دابڕینی زەوی نییە لێی، دوای ئەوەی ئەرکەکانی جێبەجێ کرد لە پاکردنەوەی ئەو ناوچانە لە بنکە و بارەگاکانی پەکەکە تەواوی هێزەکانی دەکشێنێتەوە ناو تورکیا[٤]" کەچی لە هەمان ساڵدا بوونی هەمیشەی سەربازی لەناو خاکی عێراقدا سەلماند، بە بیانووی پاراستنی هاوڵاتیانی لە چالاکییەکانی پەکەکە[٥].

لە (٢٤)ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا کرا و حیزبی ڕەفاە (حزب الرفاه) سەرکەوت بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان لەگەڵ پارتی ڕێگای ڕاست (حزب الطريق القويم) بە سەرۆکایەتی تانسۆ چیلەر، هاوپەیمانی بەست و لە حوزەیرانی ١٩٩٦ حکومەتیان پێکهێنا[٦]، بەڵام پاش ساڵێک نەجمەدین ئەربەکان دەستی لەکار کێشاوە و مەسعود یەڵماز

---

(١)- گەیلان عەباس، هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان (لێکەوتە و سیناریۆکان)، ژووری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ئابی ٢٠٢٠، ل٥.

(٢)- سەلاح ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

(٣)- گەیلان عەباس، سەرچاوەی پێشوو، ل٥-٦.

(٤)- جلال عبدالله معوض، صناعة القرار في تركيا و العلاقات العربية-التركية، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٨، ص١٨٢.

(٥)- بيل بارك، سياسات تركيا تجاه شمال العراق ( المشكيلات و الافاق المستقبلية)، المعهد دولي للدراسات الاستراتيجية، دبي، ٢٠٠٥، ص٢٧.

(٦)- روبرت اولسن، المسألة الكردية في العلاقات التركية الايرانية، ت. محمد احسان رمضان، ط١، مطبعة وزارة التربية، ٢٠٠١، اربيل، ص٧٤.

سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دایک (حزب الوطن الام) حکومەتی تازەی پێکهێنا[1]. لە سەروبەندی ئەم گۆڕانکارییە ناوخۆییانەی کۆماری تورکیا دوو حیزبە سەرەکیەکەی هەرێمی کوردستانیش لە دۆخێ شەڕ و لاوازیدا بوون، سەرەڕای هاتنە ناوەوەی تورکیا، دەستی عێراق و ئێرانیان تێکەڵ بە ململانێی ناوخۆییەکانیان کردبوو هەر بۆیە لە ژێر فشاری ئەمریکا و فەرەنسا لەماوی دوو ساڵدا دوو ڕێکەوتننامە لە نێوانیاندا واژۆ کرا، ئەوانیش بریتیبوون لە:-

١- ڕێککەوتننامەی ئەنقەرە: لە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٠/٣١ واژۆ کرا، (٢٢) خاڵی گرنگی لەخۆ گرتبوو لە خاڵی (٤) دەستێوەردانی ئێران و عێراق بە دوور دەخات و هەردوو لایەنی خستە سەر بار بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە، هەروەها چەمکە ڕامیارییەکانی وەک "باکوری عێراق" لە بری هەرێمی کوردستان و "کارگێڕی ناوخۆی کاتی" لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان خستە ناواخنی ڕێکەوتننامە، ئەم ڕێکەوتنە هەرێمی کوردستانی بەشێوەیەکی فەرمی یاسایی لەنێوان کورد-کورد دابەشکرد، تەنها ئاگربەستێک بوو تورکیا مەشرووعیەتی بەرژەوەندی ڕامیاری و سەربازی خۆی تێدا سەلماند، ئەوە بوو لە ١٩٩٧/٤/٢٩ سەرۆک ئەرکانی تورکیا ئەوەی خستەڕوو (٤٠٠) سەرباز بە تانکەوە چوونەتە هێڵی ڕووبەڕووبەنەوەی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان[2].

٢- ڕێکەوتننامەی واشنگتۆن: لە (١٧)ی ئەیلولی ١٩٩٨ کۆتایی بە شەڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هێنا، کۆماری تورکیا دژی ئەم پێکهاتنە ڕاوەستا چونکە بانگهێشت نەکرابوو، ناواخنی پێکهاتنەکەش بە بێ بەشداری ئەو گفتوگۆ کرابوو بڕیاری لەسەر درابوو، بۆیە هەستی دەکرد سوکایەتی پێکراوە، هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە تورکمانەکان بانگهێشت نەکرابوون و بە تەواوی پشتگوێ خرابوون[3]، مژدەی سەردەمێکی نوێی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد بوو، بۆ یەکەمجار کورد کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ و وردی لەگەڵ ئەمریکییەکان ئەنجامدا، بەبێ ئامادەبوونی تورکمانەکان و کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق[4].

---

(١)- محمد نور الدين، تركيا الجمهورية الحائرة، ط١، مركز الدراسات الاستراتيجية و البحوث و التوثيق، بيروت، ١٩٩٨، ص١٠٥-١٠٦.

(٢)- هێرش عەبدوڵا حەمە کەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا (١٩٩١-١٩٩٨)، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٢٨-١٢٩.

(٣)- مراد خۆشەڤی حەسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

(٤)- Karwan Salih Waisy, The roots of the Iraqi Kurdistan internal rivaliies conflicts and peace process 1964- 2000, American international journal of humanities arts and social sciences, N10, V 3, 2015, p 228.

ساڵی ١٩٩٩ هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی تورکیاوە هەندێ گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی پاش گرتنی ڕێبەری گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان لە مانگی شوباتدا و دوای ئەوەش پەکەکە بڕیاریدا یەکلایەنە ئۆپەراسیۆنە سەبازییەکانی خۆی ڕاگرێت، لەهەمان ساڵدا پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی گرژی بەخۆوە بینی، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی تورکیا[1]، هۆیەکی تریش کە سیاسەتی تورکیای گۆڕی لە ناوچەکە بەتایبەتیش پەیوەندی لەگەڵ (پ.د.ک) لە هاوکارییەوە بۆ دڕدۆنگی ئەوەبوو، کاتێک وەفدی تورکی سەردانی مەسیف سەلاحەدینی کرد بە سەرۆکایەتی (سنرل ئۆغلو) بۆ لێدانی پاشماوەی چەکدارانی پەکەکە لە کوردستانی عێراق، مەسعود بەرزانی ڕازی نەبوو بەو داوایە، ئەمەش تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و (پ.د.ک)[2]؛ دوای جیاوازی کەوتنە نێوان تورکیا و (پ.د.ک) لەسەر مەسەلەی سەربازی لە ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠)، ئەو وڵاتە پەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوە لەگەڵ (ی.ن.ک)، لە کاتێکدا تورکیا هەرگیز متمانەی بە تاڵەبانی زیاتر نەبووە لە بارزانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) بوو زیاتر جێگەی بایەخ بوو لەلایەن تورکیاوە، گرنگیدانی تورکیا بە (ی.ن.ک) بەهۆی ناکۆکی قوڵی لەگەڵ (پ.د.ک) بوو، هەروەها یەکێتی ناچارکرد بە هێرش کردنە سەر پەکەکە لە نیسانی ٢٠٠٠ بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕکەر هەتاوەکو پەکەکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەکار نەهێنێت بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی تورکیا؛ ئەم ڕێکەوتنەش هیچی لێ سەوز نەبوو جگە لە پێکدادانی نێوان یەکێتی و پەکەکە؛ ماوەی کورتی هەنگوینی ساڵانی (١٩٩٩-٢٠٠١) لە نێوان یەکێتی و تورکیا کۆتایی هات، دوای ئەوەی یەکێتی ڕازی نەبوو درێژە بەشەڕی پەکەکە بدات. لە ئەیلولی ٢٠٠١ یەکێتی ناچار بوو شەڕ دژی جوندولئیسلام ڕاگەیەنێت، تاڵەبانی ڕایگەیاند ئەو ڕێکخراوە سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەیە و داوای دەستوەردانی ئەمریکای کرد تورکیای نیگەران بوو، کاتێکیش هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان هەوڵەکانییان یەکخست دژی جوندولئیسلام چونکە بە هەڕەشیان دەزانی لەسەر هەدوولایان، هۆیەکی تری نیگەرانییەکانی تورکیا بوو[3].

---

(١)- یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢)- بيستون عمر نوري، السياسة التركية تجاه اقليم كردستان العراق، (٢٠٠٤-٢٠١٢)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسة، ٢٠١٤، ص٩٤-٩٥.

(٣)- وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كردستان العراق و امريكا (١٩٩١-٢٠٠٣)، ت. نزار ايوب گولي، ط١، مطبعة جامعة دهوك، ٢٠٠٨، ص٣٢-٣٤.

**قۆناغی دووەم: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) ـ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم (٢٠١٧)**

پەرلەمانی تورکیا لە ڕۆژی ١/ ٣/ ٢٠٠٣ ناڕەزای پیشاندا لە بەرامبەر ڕێگەدان بە هێزەکانی سوپای ئەمریکا بۆ ئەوەی لەخاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر خاکی عێراق، نەتەوەگەرانی تورکیا داوای ئەوەیان کرد کە حکومەتی تورکیا مافی ئەوەی هەبێ بەشێوەیەکی بێسنوور سەرباز بنێرێتە ناو خاکی عێراق بەتایبەت هەرێمی کوردستان، لە ڕووی ڕامیارییەوە ڕۆڵی سەرەکییان هەبێ و ئەمریکاش گرەنتی ئەوەیان پێبدات دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دانامەزرێ، سیستەمێکی ناوەندی بەهێز یاخود لایەنی کەم سیستەمی ناوەندی کە ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار بۆ کورد و تورکمانەکان دابمەزرێت، لە ڕووی ئابووریشەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای بەشێک لە نەوتی موسڵ و کەرکوکیان دەکرد بەڵام ئەمریکا قایل نەبوو ئەوانیش کەوتنە دژایەتی کردنی[١].

ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە، گۆڕانی سیستەمی سیاسی عێراق لە مەرکەزیەوە بۆ فیدراڵی، دەرکەوتنی هەرێمێکی فیدراڵی کوردی لە باکووری خۆرهەڵاتی و چڕبوونەوەی چەکدارانی پەکەکە تێیدا، گۆڕانکارییەکی نەرێنی بوو بۆ تورکیا و بە هەڕەشەیان دەبینی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان[٢]، هەربۆیە پرسی سەرەکی لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا بەرامبەر عێراق پرسی ئاسایش بوو بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە پێگەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی فیدراڵی لە عێراقدا، ئەمەش پەیوەست بوو بە ئەگەری کاریگەری هەرێمی کوردستان کە دەتوانێت پرسی کورد لەناوچەکانی تردا بجوڵێنێت، جگە لەوەی تورکیا مەترسی ئەوەی هەبوو هەرێم ببێتە پەناگەیەکی ڕامیاری بۆ پەکەکە، ئەو نیگەرانییانەی تورکیا بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پرسی کەرکوک و مادەی (١٤٠) و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ لە عێراقدا، کە هاوپەیمانی کوردستانی توانی (٧٥) کورسی مسۆگەر بکات ئەمەش (٢٥%) گشتی دەنگەکان بوو، بەرەی تورکمانی (١,١%) دەنگی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنا و لە کەرکوک ڕێژەی (١٨,٤%) بوو، ئەمە لە کاتێکدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەرکوک شارێکی تورکمانییە، بۆیە تورکیا ڕەتی کردەوە ئەو هەڵبژاردنە گوزارشت لە گشت پێکهاتە ئیتنیکییەکانی عێراق بکات؛ ناڕەزای هەبوو لە پەسەندکردنی دەستوور لەهەمانساڵدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە، هەندێک لە مادەکانی ڕەفز

---

(١)- زریان ڕۆژهەلاتی، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٦)، دۆسیێ تورکیا، ژ٥، سلێمانی، ئازاری ٢٠٠٧، ل٢٠.

(٢)- جمال خاليد محمد القاضي، التغير في النظام السياسي التركي و اثرة علي الدور الاقليمي في منطقة الشرق الاوسط خلال فترة (٢٠٠٢-٢٠١٠)، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعة قناة السويس، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٥، ص٢٠٢.

کردەوە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە پرسی کەرکوک، ئەم ماوەیە گرژترین پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێم بوو تا کار گەشتە ئەوەی هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی بکات لەناو خاکی هەرێم[1].

لە دووەمین کۆبونەوەی فراوانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ٢٠٠٧/١١/٣ لە شاری ئەستەنبوڵی تورکیا بەڕێوە چوو، ئاماژەبوو بەوەی ئەنقەرە خوازیاری ئەوەیە ڕۆڵی لە عێراقی تازەدا هەبێت و گرنگترین ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەمەدا، کورد و نەوت و مەسەلەی تورکمان بوو؛ لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ هیڵی بۆری نەوتی کەکوک کەوتە کار و لە هەمان ساڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق چووە کەرکوک و ڕایگەیاند پێویستە دەسەڵاتی ئیداری کەرکوک (٣٢%) بە (٣٢%) بە (٣٢%) لەنێوان کورد و تورکمان و عەرەب دابەش بکریت و (٤%)یش بۆ مەسیحییەکان بێت، بەمەش دوو داواکاری ئابووری و ڕامیاری هاتەدی، هەرچەندە سەرەتا تورکیا نەیویست دان بە بوونی کوردی عێراقدا بنێت، بەڵام پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنقەرە لەو کاتەوە بنیات نرایەوە[2]، پاش دەست بەکاربوونی ئەحمەد داود ئۆغڵو لە پۆستی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩، وەزیری بازرگانی تورکیا بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییە ئابووریەکان لەگەڵ شاندێک لە بازرگانان ڕوویان لە هەرێم کرد بە ئامانجی پێکهێنانی ژووری هاوبەشی ئابووری لە بازرگانی ئازاد و یەکێتی گومرگ و بازاڕی گشتی، یەکەمین کۆبوونەوە لە ئاستی باڵادا لە نێوان ئەحمەد داود ئۆغڵو و نێچیرەڤان بەرزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا بەڕێوەچوو؛ ئەم گۆڕانکاریەش لە سیاسەتی تورکیا بۆ یەکەمجارە شێوازی نەریتی تێک دەشکێنێت بۆ گەشتن بە ئامانجە خوازراوەکان[3]، بەمەش پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ نایە قۆناغێکی نوێوە بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و وزە، بە هەڵبژاردنەوەی نوری مالکی بۆ جاری دووەم بە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ساڵی (٢٠١٠)دا، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق سستی بەخۆیەوە بینی، تورکیا بەمەبەستی ڕێگرتن لە بەهێزبوونی هەژموونی ئێران ناچار بوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد

---

(١)- زوبێر ڕەسول ئەحمەد، تورکیا و هەرێمی کوردستان ئابووری یان ئاسایش تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێ، گۆڤاری توێژەر، بەرگی٣، ژ ٢، بەهاری ٢٠٢٠، ل٢٤٠-٢٤١.

(٢)- زریان ڕۆژهەڵاتی، قۆناغی چوارەم لە پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقی دوای سەدام، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژ ١١، سلێمانی، کانونی دووەمی ٢٠١٥، ل٣٢-٣٣.

(٣)- Zülfü DAĞDEVİREN, TÜRKİYE'NİN IRAK KÜRDİSTAN BÖLGESEL YÖNETİMİ POLİTİKASI: DEVLET -HÜKÜMET VE TOPLUM İLİŞKİLERİ ÜZERİNE BİR ANALİZ, DOKTORA TEZİ, BOLU ABANT İZZET BAYSAL ÜNİVERSİTESİ, ULUSLARARASI İLİŞKİLER ANABİLİM DALI, 2020, S 171.

و عەرەبی سونە بەهێز بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێشوازی لە مسعود بەرزانی کرد، لە هەمان ساڵدا کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە شاری هەولێر کردەوە[١].

یەکەم کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ ڕێگەی خۆشکرد لەبەردەم ئێران بە تەواوی کۆنترۆڵی پرۆسەی ڕامیاری عێراق بکات، وای لەئەنقەرە کرد بەدوای هاوپەیمانێکی بەهێز بگەڕێ لە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا[٢]، دەرکەوتنی پارتی یەکێتی دیموکراتی (pyd) لە سووریا ناسراوە بە پەیەدە لە دوای ساڵی (٢٠١١)ەوە، فاکتەرێکی تر بوو بۆ ئەوەی تورکیا زیاتر نزیک بێتەوە لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەرزانی زیاتر نزیکە لە سیاسەتی ئەنەکەسەوە چەند جار ڕەخنەی لە سیاسەتی پەیەدە گرتووە لە سووریا؛ لە ڕوانگەی تورکیا بە تایبەت ئۆردوغان نزیکبوونەوە و کارکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندی بازرگانی و ڕامیاری زۆر باشترە لە فەرامۆشکردنی، چونکە گوشار خستنە سەر هەرێم لەوانەیە ببێتە هۆی نزیکبوونەوە و هەماهەنگی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەکەکە، بە پێچەوانەوە نزیکبوونەوەی زیاتری تورکیا لە هەرێم وا دەکات نێوانی پەکەکە و هەرێمی کوردستان خراپتر بێت؛ بەڵام ئەم سیاسەتەی تورکیا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە هەرێمی کوردستان تەنها بریتی نییە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، دواترش نە پارتی نە هیچ حزبێکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕەگ و ڕیشە ئایدۆلۆجی و مێژووی ڕامیارییەی نییە لە ناو کوردانی تورکیا ببێتە جێگرەوەی پەکەکە لە تورکیا و بەشەکانی تری کوردستان[٣].

لەگەڵ گۆڕان لە سیستەمی ڕامیاری تورکیا و کەمبوونەوەی کاریگەری سوپا لەسەر سیاسەت، تورکیا سیاسەتی کەمکردنەوەی وابەستەیی وزەی لە لایەن ئێرانەوە گرتەبەر، هەروەها بۆ بوون بەسەنتەری گواستنەوەی وزە، ئەنقەرە و هەولێری لەیەک نزیک کردەوە؛ لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەش لە پەیوەندی هەردوولا، وەزیری وزەی تورکیا تەنەر یەڵدز لە مانگی ئایاری ٢٠١٢ سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم کۆبووەوە[٤]؛ حکومەتی هەرێم بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا لە هەمان

---

(١)- هێمن محەمەد قادر، کاریگەی وزە لە پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا (١٩٩١-٢٠٢١)، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٧، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٢١، ل٨٣.

(٢)- زوبێر ڕەسول ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

(٣)- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦-١٤٧.

(٤)–Nazlı TÜMEN, TÜRKĠYE'NĠN ENERJĠ GÜVENLĠĞĠ BAĞLAMINDA IRAK VE KÜRDĠSTAN BÖLGESEL YÖNETĠMĠ ĠLE ĠLĠġKĠLER, (2019-2003), DOKTORA TEZĠ, BURSA ULUDAĞ ÜNĠVERSĠTESĠ), SOSYAL BĠLĠMLER ENSTĠTÜSÜ, BURSA, 2020, S 202.

ساڵدا مافی پشکنین و دەرهێنانی نەوتی بە کۆمپانیای (Exxon Mobile)ی ئەمریکی بەخشی، پاش ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵیدا، تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی بۆ کارکردن لە هێڵی بۆری (هەرێم-تورکیا) بە مەبەستی گواستنەوەی نەوت و گازی هەرێم لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەیەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، حکومەتی عێراق زۆر بە توندی دژایەتی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم نیشاندا و ئەم کارەی بە بەشێک لە دەسەڵاتی ناوەندی دانا و بانگەشەی ئەوەی کرد ڕێگە نادات هەرێم بەسەربەخۆ نەوت بفرۆشێت؛ لە هەمان کاتدا ناڕەزایەتی خۆی گەیاندە تورکیا بێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم نەدەن، بەڵام تورکیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ناڕەزایەتییەکانی دەوڵەتی ناوەندی بەهەند وەرنەگرت[1]، پاشان سەرهەڵدانی قەیرانی هەولێر-بەغدا لە نێوان حکومەتی هەرێم و مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە ئاستێک هەموو پەیوەندییەکانی بچڕاند و هەرێم ڕووی کردە تورکیا و قەیرانی بودجە و موچەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو ئومێدەی حکومەتی هەرێم ڕاست دەرنەچوو کە تورکیا پشتیوانی حکومەتی هەرێمە، چونکە لەکاتی پەلاماردانی موسڵ و شەنگال داوای پشتیوانی لە تورکیا کرد، ئەنقەرە بەبیانووی سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دەستبەسەراگرتنی کارمەندانی کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ خۆی لە هاوکاری هەرێم دزیەوە، ئامادە نەبوو نە لەبواری سەربازی و نە لەبواری ئابووری یارمەتی و هاوکاری بکات[2]، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر داوای هەرێمی کوردستان ڕێگەی دا بە پێشمەرگە بە ناوخاکی تورکیا بپەڕێتەوە بۆ کوبانی لە کوردستانی ڕۆژئاوا لە پێناو پاڵپشتیکردنی هێزەکانی یەپەگە لەشەڕی داعشدا؛ بەڵام سەرهەڵدانی داعش ئێرانی لە ڕووی ڕامیاری و سەربازیەوە لەسەر زەوی عێراق و هەرێم کردە هێزی یەکەم، چونکە ئێران یەکەم هێزی دەرەکی بوو چەکی دایە عێراق و هەرێمی کوردستان، لەسەرەتای شەڕی داعش محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران هاتە هەرێمی کوردستان، بارزانی ڕایگەیاند "ئێران یەکەم وڵات بووە بۆ پشتیوانی لە هەرێم" ئەمە لەکاتێکدا بوو تورکیا و سعودیە و قەتەر پشتیوانی داعشیان دەکرد، بەڵام نەیانتوانی ڕۆڵی سونەکان بەهێز بکەن و لە فۆرمی قوربانی دەریان بێنن، لەو نێوەندەدا هەرێمی کوردستان بوو بە بەشێک لەم جەمسەرگیرییە[3].

---

(1)- هێمن محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣-٨٤.

(2)- ئەنوەر حسێن بازگر، داعش و میلیشیاکان (سەرهەڵدان و کاریگەریان لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان)، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٧.

(3)- ئەنوەر حسێن بازگر، هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان لەنێوان دوو زۆن و دوو جەمسەردا، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٢-١٣.

**قۆناغی سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم (٢٠١٧)- (٢٠٢٠)**

لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە ٢٠١٧/٩/٢٥ تاوەکو ٢٠١٧/١٠/١٦ بۆ گەلی کورد ڕوداوگەلێکی تراژیدی گەورەی مێژوویيان لەخۆ گرت[1]، هەر دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی لە کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چووە دۆخێکی خراپەوە، ئۆردۆغان پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بچڕاند بە بیانووی ئەوەی بارزانی ئامادە نەبووە بڕیاری ڕیفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە، کە بێ ئاگایی و بێ پرسی تورکیا بڕیاری لەسەر درابوو[2]، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش حکومەتی هەرێم بێ پشتوپەنا مایەوە سەرەڕای ئەوەش چەندین لێکەوتەی خراپی لێکەتەوە لەوانە: داخرانی هێڵە ئاسمانییەکان و دەروازە سنوورییەکان و زۆرینەی ناوچە جێناکۆکەکان لە کەرکوکەوە تا شەنگال کەوتە دەست هێزە عێراقییەکان؛ لەسەر ئاستی حیزبیش (پ.د.ک) ئەو پەیوەندیە رامیاری و سەربازی و ئابووری و ئەمنییەی لەگەڵ تورکیا هەیبوو تێکچوو، لەم سەروبەندەدا مەسعود بارزانی لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کێشایەوە[3]، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ یەکێتی لە پارتی خراپتر بوو، ئەویش کاتێک لە حوزەیرانی ٢٠١٧ نوێنەرایەتی ئەو حیزبە لە ئەنقەرە داخرا و نوێنەرەکەی لەو وڵاتە دەرکرا، بەهۆی ئەوەی دوو ئەندامی میتی تورکی لەلایەن چەکدارانی پەکەکە لە زۆنی کارگێڕی ناوچەی سەوز دەستگیر کران، هەرچەندە لەسەرەتای ئازاری ٢٠١٨ ئەنقەرە گەشتە ئاسمانییەکانی بەڕووی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کردەوە، بەڵام بەڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا داخرابوو، بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرە دووجار وەفدی (ی.ن.ک) سەردانی ئەنقەرەی کرد، تا لە کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی بۆ تورکیا و بە پێچەوانەوە ڕاگەیاند[4]. ئاسایی

---

(١)- قارەمان نادر محەمەد، لە بریاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر( توێژینەوەیەکی مێژووی ڕامیارییە)، دەزگای ستاندەر بۆ ڕاگەیاندن و توێژینەوە، هەولێر، ٢٠١٨، ل٥.

(٢)- قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم: ئایندەی پەیوەندیەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢١-٢٢، سلێمانی، شوبات-ئازاری ٢٠١٨، ل٦٠.

(٣)- قارەمان محەمەد نادر و ئەوانی تر، بۆردی توێژینەوەی دەزگای ستاندەر بۆ ڕاگەیاندن و توێژینەوە، چارەنووسی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ڕیفراندۆم، ژ ٢٢، هەولێر، نۆڤەمبەری ٢٠١٧، ل٨.

(٤)- فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، پەیوەندییەکانی تورکیا-یەکێتی: ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی باشووری کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٣٤، سلێمانی، ئازاری ٢٠١٩، ل٨-٩.

بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا دوای قۆناغی ڕیفراندۆم دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە[1]:-

١- بەشێکی زۆر لە داواکارییەکانی تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون لەوانە:

أ- بەغداد دوای شکستی ڕیفراندۆم و ڕۆژانی دواتر کۆنترۆڵی ناوچە جێناکۆکەکانی کرد لەنێویشیاندا کەرکوک.

ب- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمەکەی سڕکرد و پێشوازی لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کرد، کاتێک ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانی بە نایاسایی دانا.

ت- بارزانی بە ئەندازیاری ڕیفراندۆمەکە دادەنرێت دەستی لەکار کێشایەوە.

٢- زۆربەی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەرێم و تورکیا ئێستاش بوونیان هەیە وەک هۆکاری ئەمنی و ڕامیاری و ئابووری.

تا هەنوکە نە تورکمانەکان و نە سونەکانی عێراق نەیانتوانیوە ببنە بەدیلی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ تورکمانەکان بە هۆی کەمی ڕێژە و کاریگەریان لە پرۆسەی ڕامیاری عێراقدا و سونەکانیش بەهۆی پەرتەوازەی نەبوونی مەرجەعێک بتوانێت لەژێر چەترێکدا کۆیان کاتەوە تا تورکیا بتوانێت وەک هاوپەیمانێک لە عێراقدا پشتییان پێ ببەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان گرنگی شوێنە جوگرافییەکەی بۆ تورکیا و ئارامییەکەی وای کردووە سەرەڕای بیروڕای جیاواز، کە ناوبەناو بووەتە هۆی ساردبوونەوە بچڕانی پەیوەندییان بەشێوەیەکی کاتی لە هەندێک پرسدا لەوانە پرسی نەتەوایەتی، بەڵام بە باشترین بژاردەی تورکیا بووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕامیاری و ئابووری  و ئەمنییەکانی لە عێراقدا و لەبەر ئەوە دەستبەرداری نەبووە.

(١)- قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم: ئایندەی پەیوەندیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣-١٤.

# بەشی دووەم

## کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانی هەرێم

### باسی یەکەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بازرگانی)ی هەرێم

تەوەری یەکەم: کشتوکاڵ

تەوەری دووەم: گەشتوگوزار

تەوەری سێیەم: بازرگانی

### باسی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (پیشەسازی و نەوت و گازی سروشتی)ی هەرێم

تەوەری یەکەم: پیشەسازی

تەوەری دووەم: نەوت

تەوەری سێیەم: گازی سروشتی

**بەشی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانی هەرێم**

لەم بەشەدا کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر چەند سێکتەرێکی گرنگی ئابووری هەرێم دەخرێتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە دابەشی دوو باس کراوە، کە پێکهاتوون لە:-

**باسی یەکەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بازرگانی)ی هەرێم**

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر کاریگەری تورکیا لەسەر سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و گەشتەگوزار و بازرگانی هەرێم و لێکەوتەکانی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر ئەم سێکتەرانە، بۆ زیاتر ئاشناکردنی ئەم باسە هەریەک لەو سێکتەرانە بە تەوەرێک دەخرێتەڕوو:-

**تەوەری یەکەم: کشتوکاڵ**

لەم تەوەرەدا ئەو کەرەستە و ئامێرە کشتوکاڵییانەی لە وڵاتی تورکیاوە هەناردە کراوە دەخرێتەڕوو وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ئەم سێکتەرە، هەروەها ئەو گوندانەی لە پارێزگای دهۆک و هەولێر چۆڵ کراون بەهۆی ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە، کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی.

هەرێمی کوردستان خاوەن خاکێکی بەپیتە و سەرەڕای گونجاوی کەشوهەواکەی ڕووبەرێکی زەوی (٦,٤٢٥,٧٥٢) دۆنمی هەیە بۆ چاندن، کە (٥,١٢٠,٠٣٦) دۆنم زەوی دێمییە و (١,٣٠٥,٧١٦) دۆنم زەوی بەراوە[١]، بەڵام بونیتنانی ژێرخانی کەرتەکە کەموکورتی بەرچاوی پێوە دیارە، هەر لە کەمی پرۆژەکانی سایلۆ و ساردکەرەوە و ئاودێری جۆگەوە، تەنانەت گرنگی نەدان بە پیشەسازی خۆراکی و خزمەتگوزاری گوندەکان تا دانیشتوانەکەی بگەڕێنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی کشتوکاڵی دادەنرێت و ژینگەی لەباری بۆ زۆربەی بەربوومەکان هەیە خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستییە، کەچی هێشتا نەک نەیتوانیوە بگاتە زامنکردنی ئاسایشی خۆراکی، بە ڕەچاوکردنی فاکتەرەکانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو، بە سود وەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو،

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان، هەلی وەبەرهێنان لە سێکتەری کشتوکاڵی بەپێی پێویستییەکانی بەکاربەر، ٢٠١٩، ل١.

دەكرێت هەرێمی كوردستان ببێتە سەبەتەی خۆراكی پارێزگاكانی تری عێراق[1]، بۆ هاوردەش بە تەواوی پشت بە وڵاتانی دراوسێ نەبەستێت وەک ئێستا كە زۆرینەی پێداویستییە خۆراكییەكانی لە وڵاتانی ئێران و توركیاوە هەناردە دەكات.

توركیا لە كەرتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستاندا هیچ پرۆژەیەكی ئەنجام نەداوە، بەڵام ساڵانە چەندین كەرەستە و ئامێر و ئامرازی كشتوكاڵی لە ڕێگەی مەرزی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردە دەكرێت، وەک لە (خشتەی- ٧) دەردەكەوێت لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی هاوردەی كەرەستە و ئامێری كشتوكاڵی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەرێمی كوردستان گەشتووەتە (٣,٢٣١,١٩٧)كگم و (١٢,١٥٤) دانە، كە خۆی لە چەندین جۆر ئامێر و ئامراز و كەرەستەی كشتوكاڵی دەبینێتەوە.

(خشتەی- ٧)

هاوردەی كەرەستە و ئامێری كشتوكاڵی لە توركیاوە بۆ هەرێمی كوردستان ساڵی (٢٠٢٠)

| كەرەستە و ئامێری كشتوكاڵی | بڕ | پێوەر |
|---|---|---|
| سیستەمی ئاودێری بە تەواوی پارچەكانی | ٧٢٧٠١١ | كگم |
| دەزگای دەرهێنان | ٨٢٣٧ | كگم |
| شەبەكەی كانزای بۆ ڕشاندنی دەرمانی كشتوكاڵی | ١٤٥٥٠٨٥ | كگم |
| نۆزل بۆ ڕشاندنی ئاو | ١٠٠٤٧ | كگم |
| گاسن/ خەرماشە/ پارچە و بەشەكانی تراكتۆری كشتوكاڵی | ١٠٣٠٨١٧ | كگم |
| كۆ | ٣,٢٣١,١٩٧ | كگم |
| ئامێری ڕشاندنی (قڕكەر، پەینی كیمیاوی) لە تراكتۆر دەبەسترێت | ١٨٤٤ | دانە |
| ئامێری وردكردنی كوتلەی خۆڵ | ٦٢٣ | دانە |
| ئامێری ڕشاندنی (ژەهر، پەینی كیمیاوی) لە تراكتۆر دەبەسترێت | ٨ | دانە |
| مەكینەی چیمەن | ٦١٤٣ | دانە |
| مەكینەی چیمەنی دەستی | ٢٦٠٠ | دانە |
| مەكینەی دوورینەوەی گیا بۆ تراكتور | ٧٠ | دانە |
| كۆمپاین/ دەڕاسە | ١٢١ | دانە |
| ئامێری دوورینەوە و كەپسكردن لە تراكتۆر دەبەسترێت | ٢٩ | دانە |

(١)- كریم سالح عەبدول، بۆچی كشتوكاڵ نەبووەتە سەرچاوەی سەرەكی داهات و خۆبژێوی وڵات، گۆڤای گوڵان، ژ٩٥١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٣-٤٤.

| کەرەستە و ئامێری کشتوکاڵی | بڕ | پێوەر |
|---|---|---|
| سیستەمی ئاودێری بە تەواوی پارچەکانی | ٧٢٧٠١١ | کگم |
| دەزگای دەرهێنان | ٨٢٣٧ | کگم |
| شەبەکەی کانزای بۆ ڕشاندنی دەرمانی کشتوکاڵی | ١٤٥٥٠٨٥ | کگم |
| نۆزل بۆ ڕشاندنی ئاو | ١٠٠٤٧ | کگم |
| گاسن/ خەرماشە/ پارچە و بەشەکانی تراکتۆری کشتوکاڵی | ١٠٣٠٨١٧ | کگم |
| ئامێری ئامادەکردنی کا لە تراکتۆر دەبەستریت (هەباشە) | ٢٩ | دانە |
| ئامیری دەرهێنانی پەتاتە | ٢٣ | دانە |
| ئامێری دۆشینی مانگا | ٣٣٧ | دانە |
| ئامێری بەرهەمهێنانی سیپایی | ٧٠ | دانە |
| کارگەی ئامادەکردنی ئالیکی ئاژەڵی و پەلەوەر | ١١١ | دانە |
| ئامێری پێچان و چنینی تەلی پەرژین | ٣ | دانە |
| ئامێری دروستکردنی شێ و کوڵاندنی ئاو بۆ کارگەی قارچک | ٢ | دانە |
| ئامێری پەروەردەکرنی پەلەوەری ماڵی وتروکاندن | ٦٨ | دانە |
| مەکینەی پاککردنەوەی پاقلەمەنی و جیاکردنەوە لە تۆوەکان | ٧٣ | دانە |
| کۆ | ١٢,١٥٤ | دانە |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەریتی گشتی گومرگی هەرێم، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

هەرچەندە هەناردەی کەرەستە و کاڵای بازرگانی دەچێتە خانەی بازرگانی لە کەرتی کشتوکاڵدا، بەڵام دابینکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وەک پێداویستییەکی کشتوکاڵی و بەکارهێنانی ئەم کەرەستە و ئامێرە تەکنەلۆجییانە کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتن و زیادکردنی بڕی بەرهەمی ئەم کەرتە، لە هەمان کاتدا ئاسانکاری دەکات لە پرۆسەکانی بەرهەمهێناندا و دەستی کاری زۆر پێویست نابێت، پرۆسەکانی کارکردن هەر لە قۆناغی چاندن هەتا بەرهەمهێنان و بەکاربردنی خێراتر دەکات.

لە لایەکی دیکەوە بۆردومان و لەشکرکێشییەکانی تورکیا کاریگەری خراپی کردووەتە سەر کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، جگە لەماوەی ساڵانی پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە-تورکیا بە نێوەندگیری حکومەتی هەرێم، چالاکییە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە، ئەمەش بووەتە هۆی چۆڵکردنی چەندەها گوند و جێهێشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان، بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای واشنگتۆن دەوڵەتی تورکیا نزیکەی (١٥٥٣)کم$^{2}$ لە

خاكی حكومەتی هەرێمی كوردستانی داگیركردووە، كە دەكاتە نزیكەی (٣,٥%) خاكی هەرێم و (٠,٣%) خاكی عێراق بەگشتی[١].

سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ لیژنەیەكی هاوبەشی ڕاسپارد بۆ سەردانیكرنی ئەو ناوچانەی بەركەوتەی بۆردومان و لەشكركێشییەكانی توركیا و تۆپبارانكردنی ئێران بوون، بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتا و وردەكاری زیانەكان، لێرەدا ئەوەی زیاتر پەیوەندیدارە بە توركیا دەیخەینە ڕوو[*]:-

## پارێزگای دهۆك

یەكەم: قەزای زاخۆ

١- بە درێژای (٤٠)كم و پانتایی (١٥)كم، هێزەكانی توركیا هاتوونەتە ناو سنووری ئەم قەزایە، لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/٦/٥ تاوەكو ٢٠٢٠/٧/٤ نزیكەی ٦٦٩ تۆپ و ٧٠ موشەك ئاراستەی گوندەكانی ئەم قەزایە كراون.

٢- (٢٥) گوندی ناحیەی دەركار تۆپباران كراون و بە سەدان دۆنم گەنم سوتاون، تا ئێستا ٢٠٠ جوتیار ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەكانیان.

٣- لە باتیفا ١٣ گوند تۆپباران كراون و ٢٧ گوند چۆڵكراون.

٤- سەدان دۆنم زەوی سوتاوە.

دووەم: قەزای ئامێدی

١- بەگشتی لە كۆی ٣٤٨ گوند، ١٩٨ گوند چۆڵكراون، ناحیەی چەمانكێی سەر بە ئامێدی ٧٠ گوندی هەیە (٨٠%)ی چۆڵن.

٢- لە ناحیەی كانی ماسی لە كۆی ٧٦ گوند، ٦ گوند چۆڵ بوون؛ساڵی ٢٠١٨ نزیكەی ٣٥٠٠ خێزانی تێدا بووە، كەمبووەتەوە بۆ ٧٠٠ خێزان.

٣- لە ناحیەی شیلادزێ لە كۆی ٩٠ گوند نزیكەی ٨٥ گوند چۆڵكراون.

٤- لە ناحیەی دێرەلوك لە كۆی ٥٦ گوند و كۆمەڵگە، تەنیا ١٤ گوند و ٢ كۆمەڵگە تێدا ماوە.

سێیەم: قەزای ئاكرێ

لە ناحیەی دینارتە لە كۆی ٩١ گوند، نزیكەی ٢٤ گوند چۆڵكراون و گوندەكانی تریش بە هۆی تۆپبارانەوە لە مەترسی چۆڵكردندان.

---

(١)- Michael Knights, The Turkey's War in Northern Iraq: by the numbers, Washington institute for Near East Policy, 2022.
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkeys-war-northern-iraq-numbers.

(*)- سەرچاوە: (پاشكۆی- ٢).

## پارێزگای هەولێر(*)

یەکەم: قەزای مێرگە سوور

١- لە کۆی ٧٣ گوند، ٥٥ گوند چۆڵکراون.

٢- شەهید بوونی دەیان کەس.

٣- سوتانی پوشوپاوان و ڕەز و باخێکی زۆر زیانەکانی بە دەیان ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت بەگوێرەی ڕاپۆرتی یەکە ئیدارییەکان.

٤- هەزاران مەڕ و ماڵات بەهۆی بۆمبارانی تورکیا کوژران.

٥- هەزارەها کەس بەهۆی چۆلکردنی گوندەکانەوە ئاوارە بوون.

دووەم: قەزای چۆمان

١- نزیکەی ١٥ گوندی سەر سنوور چۆڵکراون.

٢- سوتانی پوشوپاوان و باخێکی زۆر، سەرەڕای زیان گەیاندن بە هەزاران مەڕ و ماڵات.

سێیەم: قەزای سۆران (ناحیەی سیدەکان).

١- چۆڵکردنی نزیکەی ١٠٤ گوند.

٢- سوتانی پوشوپاوان و ڕەز و باخێکی زۆر و کوژرانی دەیان مەڕ و ماڵات.

چوارەم: قەزای ڕەواندز و ناحیەی وەرتێ

١- چۆڵکردنی گوندی زارگەڵێ و بۆکریسکان.

٢- سوتانی پوشوپاوان و ڕەز و باخێکی زۆر و کوژرانی دەیان مەڕ و ماڵات.

لەم داتا و زانیارییانەوە بۆمان دەردەکەوێت بەهۆی بۆردومان و لەشکرکێشییەکانی تورکیا زیاتر لە (٤٠٠) گوند چۆڵکراوە بەمەش بێکاری زیاد کردووە لە سێکتەری کشتوکاڵدا، بەهۆی کۆچ پێکردنی دانیشتوانی ئەو گوندانە، سەرەڕای ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنان (کشتوکاڵی-ئاژەڵی)، لە ئەنجامدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە ناچار پەنا بۆ هاوردەکردن دەبرێت.

---

(*)- زەرە و زیان و چۆلکردنی گوندەکان لە پارێزگای هەولێر تەنها بە هۆی ئۆپەراسیون و بۆردومانی تورکیا نەبووە بەڵکو بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانیشەوە بووە.

**تەوەری دووەم: گەشتوگوزار**

لەم تەوەرەدا کاریگەری پەیوەندییە رامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر سێکتەری گەشتوگوزاری هەرێم دەخرێتەڕوو، ڕۆڵی تورکیا و کۆمپانیاکانی لەسەر ئەم سێکتەرە بە ئاراستەی جیاوازدا بووە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە دوو لایەندا:-

١- کاریگەری ئەرێنی: یەکێک لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تورکیا لەسەر کەرتی گەشتوگوزاری هەرێم ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی گەشتیارییە لەم سێکتەرەدا، گرنگترینیان هەردوو فڕوکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانییە، هەرچەند بڕیار وابوو فڕۆکەخانەی دهۆکیش بکاتەوە بەڵام بەهۆی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی حکومەتی هەرێم بوویەوە نەتوانراوە تا ئێستا ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گەشتی ئەم فڕۆکەخانانە تەنها پەیوەست نییە بە گەشتوگوزارەوە بەڵام ئەم هەنگاوە گۆڕانیکی گەورەبوو لە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ یەکەمجار لە ڕێی گواستنەوەی ئاسمانییەوە هەرێمی کوردستان بە دەرەوە بەسترایەوە، ئەمەش یارمەتی دەرێکی گەورە بوو بۆ ئەو گەشتیارانەی لە دەرەوە و لە ناوخۆ ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن؛ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە ٢٠٠٣/٧/١ لەلایەن کۆمپانیای سکۆت ویلسۆن (Scott Wilson)ی بەریتانیەوە دیزاینی بۆ کراوە، دەست بە جێبەجێکردن و دروستکردنی کرا لەلایەن کۆمپانیای ماکیوڵ چەنگیز (MAKYOL-CENGIZ)ی تورکی بە هاوکاری و چاودێری وەزارەتی شارەوانی و دەستەی پرۆژە ستراتیجییەکان، بە بڕی تێچووی (٦٠٠) ملیون دۆلار، لە ٢٠٠٥/٥/٢٩ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد[(١)]؛ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە ٢٠٠٣/١١/٢٩ بڕیاری بنیاتنانی درا و بەردی بناغەی بۆ دانرا، کاری جێبەجێکردن و دروستکردنی بەخشرایە کۆمپانیای (AGS)ی تورکی، گرێبەستی تێچوونەکەی (٤١) ملیون دۆلار بوو، بەشێوەیەکی فەرمیش لە ٢٠٠٥/٧/٢٠ یەکەمین فڕۆکەی شارستانی تێدا نیشتەوە[(٢)]. جگە لەمەش تورکیا دوو ئوتێلی گەشتیاری دروستکردووە لە هەولێر، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٨ بە بڕی سەرمایەی (٨٤,٦٣٤,٥٠٧) دۆلار؛ دووەمیان لە ساڵی ٢٠١٢ بە بڕی سەرمایەی (٣١,١٢٢,٢٠٠) دۆلار[(٣)]. ئەنجامدانی ئەم پرۆژانەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە

(١)- گوڵبەند مستەفا حەسەن، گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق (٢٠٠٦-٢٠١٢)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٤، ل٦٧-٦٨.

(٢)- هەمان سەرچاوە، ل٦٧-٦٨.

(٣)-حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

هۆی باشی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوانیان بووە، کە ڕۆڵی ئەرێنی بینیووە لە بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتوگوازی، ئەمەش وای کردووە کۆمپانیا تورکییەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و سەرمایەکانیان لەم کەرتەدا بخەنەگەڕ و ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکەن؛ کار و چالاکییەکانی تورکیا لەم کەرتە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەستپێدەکات تا دەرکەوتنی داعش، لەوماوەدا پەیوەنییە ڕامیارییەکانی نێوانیان لەو پەڕی بەهێزیدا بووە.

٢- کاریگەری نەرێنی: بەهای دراو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بەراوردکردنی ئاستی بژێوی هەر وڵاتێک، ئاشکرایە بەهای دراوی عێراقی لە ئاست بەهای دراوی تورکی و ئێرانی بەرزە، وەک دەشزانرێت ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە عێراقەوە ڕوو دەکەنە تورکیا و ئێران، بەمەش هەم هەلی کار زیاد دەکات هەم پارەکی زۆر دەچێتە ئەم دوو وڵاتەوە، لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان بە هۆی سروشت و ئاوهەواکەی، پێشکەوتنێکی کەمی گەشتیاری، هەبوونی ئاسایش و ئارامی، نزیکی و تێچووی کەمەوە[1]، ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەی تویژینەوە دەکەن لە ناوچەکانی تری عێراقەوە ڕوو لە زیادبوونە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەی تویژینەوە دەکەن بە ڕێژەی (٨٠-٩٠%) گەشتیاری ناوەڕاست و باشووری عێراقن[2]، تورکیا بۆ ئەوەی ئارامی شوێنە گەشتیارییەکان نەهێڵێت بە پلان بۆردومانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکات، بە بیانووی هەبوونی پەکەکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەمەش دۆخێکی نائارامی لێدەکەوێتەوە، وەک ئاشکرایە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەشتوگوزار بوونی دۆخێکی ئارامە تا گەشتیاران هەست بە دڵنیایی و سەلامەتی لەو ناوچەیە بکەن، بە درێژای سنووری هەرێمی کوردستان و ئێران و تورکیا بەردەوام جوڵەی سەربازی نائارامی هەبووە، تەنانەت سنوور بەزاندن کراوە و هێزی سەربازی و چەکدارانی هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ لە دەستدانی دەیان شوێن و ناوچەی گەشتیاری، کە دەکەونە نزیک سنوورەکان، چونکە ناوچە سنوورییەکان ناوچەی شاخاوین و هەڵکەوتەیان وایکردووە شوێنی زۆر لەباریان بۆ چالاکی گەشتیاری و کات بەسەربردنی گەشتیاران هەبێت؛ لە (نەخشەی- ٩) دیارە زۆرینەی بنکە و بارەگاکانی تورکیا بە قووڵایی (٣٥)کم لەناو خاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگیر کراون دەکەونە نزیک چەندین شوێنی گەشتیارییەوە، ژمارەی هێزەکانی

---

(١)- بەختیار نامیق و سەرکەوتی جیهاز، ململانێی نیوان ئێران و تورکیا و بۆردومانی سەیرانگاکان، ڕاپۆرتی درەومیدیا، ٢٠٢٢.

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10718 ٢٠٢٢/٨/١٠

(٢) – نادر ڕۆستی، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوورییەکی بەهێز، چاپخانەی تاران، چ١، ٢٠٢٠، ل٦٥.

تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا (٣٢٣٥) ئەفسەر و سەرباز و جەندرمەیە، لەگەڵ چەندین جۆر چەک و تەقەمەنی، ئەم هێزە سەربازییانەش لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکدا دابەشبوون[١].

(نەخشەی - ٩)

گرنگترین شوێنی گەشتیاری و بنکە و بارەگاکانی سوپای تورکیا و پەکەکە لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- Namik Durukan, Işte Irak'ın kuzeyindeki Mehmetçik pençesi! TSK 37 noktada üs oluşturdu, Ankara, 2020.
https://www.milliyet.com.tr/gundem/iste-irakin-kuzeyindeki-mehmetcik-pencesi-tsk-37-noktada-us-olusturdu-6254129.

٢- کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گەشتوگوزار، ٢٠١٣.

(١)- تورکیا دەیەوێت شەڕی پەکەکە بە کورد بکات، ڕاپۆرتی درەو میدیا، ٢٠٢١/٦/٩.
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8520 .٢٠٢٢ /٨ /٤

هۆکـاری ســەرەکی ئەم ســنووربەزاندنە دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو ڕێکەوتـنە ســەربازییانەی لە ڕابـردوودا لەنێوان هەر سێ دەوڵەتـی (عێـراق-تورکیـا-ئێران) کـراوە، ئەم جـوڵە سـەربازییانەش بـوونەتە هۆکـاری چۆڵکردنی بەشـێکی زۆری ئەو گوندانەی نـاوچەی گەشـتیارین، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی گەشتیار بە ئارامی ناوچەکە و کەمی هاتنی ژمارەی گەشـتیاران بۆ هەرێمی کوردستان، لەمەشدا تورکیا دوو ئامانج دەپێکێت؛ لەلایەک زیـان بە ئـابووری هەرێم دەگەیەنێت لە لایەکی ترەوە گەشتیار بۆ وڵاتی خۆی ڕادەکێشێت(١).

بەشێکی تر لەم سنوور بەزاندانە بەپێی ڕێکەوتن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردسـتان (کە بەهـۆی شـەڕی نـاوخۆ لەو کـاتەدا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان فەمـانڕەوای ئەو نـاوچەیە بـوو) لەگەڵ تورکیـا لە سـاڵی ١٩٩٥ واژۆ کـراوە؛ گەورەتـرین بنکەی سـەربازی تورکیـاش لە هەرێـم کە شـوێنی نیشـتنەوەی فڕۆکەی هەیە، بنکەی بـامەڕنێیە لە بـاکووری پارێزگـای دهـۆک، جگە لەوەش تورکیا بۆ بەدیهێنانی خواستە جیوپۆلەتیک و سیاسییەکانی دەیەوێت بنکەی سـەربازی زیـاتر لە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت بکـات، کە لە ئایـندەدا ناتوانرێـت لەو ناوچـانە دەربکرێـت(٢)؛ لەگەڵ ئەوەشـدا لە کـاتی تێکچـونی پەیوەنـدییە ڕامیارییەکـانی نێوانیـان تورکیـا بەجۆرێـک لە جۆرەکـان گەمـارۆی هەرێمـی کوردسـتانی داوە، بەنمـوونە سـاڵی ٢٠١٧ بەهـۆی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆمەوە، ئاسمانی بەڕووی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستاندا داخست.

**تەوەری سێیەم: بازرگانی**

لەم تەوەرەدا تیشک دەخرێتە سەر لاسەنگی تەرازووی بازرگانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خستنەڕووی قەبـارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا و (عێراق-هەرێم) و هەنـاردەی چەنـد جـۆرێکی شـمەک و کـاڵای تـورکی لە ڕێـی دەروازەی سـنووری ئیبـراهیم خەلـیلەوە، پەیوەسـت بە کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا لەم ڕووەوە:-

پاش ڕاپەڕینەکەی مانگی ئازاری ١٩٩١ و کشانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، چالاکی بازرگانی بە ڕوونی دەستیپێکرد، دوو گەمـارۆی ئـابووری کەوتەسـەر هەرێمی کوردستان، جگە لەو گەمارۆ ئابوورییەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ژمـارە (٦٦١)ی ئەنجوومەنی ئاسایش بەهۆی لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوەیت، بەسەر هەمـوو عێراقدا

---

(١)- نـادر ڕۆسـتی، نائـارامی سـنورەکان زیـانی زۆری بە گەشـتوگوزار گەیانـدووە، ڕۆژنـامەی خەبـات، ژ٦٣٤٨، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢٨، ل١٤.

(٢)- فەرهـاد حەسـەن عەبـدوڵا، پـاڵنەر و لێکەوتەکـانی ئۆپەراسـیونی داگیرکـاری تورکیـا لە هەرێمـی کوردسـتان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٩، سلێمانی، حوزەیرانی٢٠٢٠، ل٧.

سەپێندرا، حکومەتی ناوەندیش گەمارۆیەکی ناوخۆیی بەسەر کوردستان سەپاند ئەمەش دۆخی ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا وێران کرد، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ستراتیجی دیاری ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییە رامیاری و ئابوورییانەی کە ڕوویاندا دوای ڕاپەڕین، دەرفەتی دا بە سێکتەری بازرگانی ببێتە بزوێنەری سەرەکی ئابووری هەرێمی کوردستان، وای کرد حکومەتی هەرێم داهاتی دارایی دەستکەوێت لەڕێگەی سەپاندنی باجی گومرگ لەسەر کاڵای هەنارده و هاوردەکراو لە سنوورەکانییەوە؛ تەنانەت بوو بە دەلاقەی هاتووچوی بازرگانی عێراقیش، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرچوونی بڕیاری (٩٨٦)، لەگەڵ دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین، وای کرد باری ئابووری و ڕامیاری هەرێمی کوردستان جێگیر ببێت[١].

لە دوای داگیرکردنی عێراق بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣، کارگە و هەناردەکارانی تورکیا توانیان سود لە سنووری هاوبەشی نێوان هەردوولا ببینن بۆ بازرگانی کە بەئاسانی دەستیان پێڕادەگەشت، بەهۆی نزیکی، کەمی تێچووی گواستنەوە، بوونی سەقامگیری، گەشەسەندنی ژێرخانی بازرگانی، نزیکایەتی کلتووری، داواکاری لەسەر نرخی گونجاو و زیادبوونی خواستی شتومەکی کوالیتی بەرز لە نێو چینی مامناوەند لە هەرێمی کوردستان؛ کۆمپانیا تورکییەکانیش سودمەند بوون لە پرۆسەی ڤیزەی بێ بەرامبەر بۆ هەموو عێراق و ئاسانی ڕێگەدان لە مانەوە و گواستنەوەی دەستی کار لە تورکیاوە بۆ ناوچەی تویژینەوە، کە زۆرجار بە حەقدەستی کەم ڕازی دەبن وەک لە هێزی کاری ناوخۆ، هەر بۆیە (٨٠%)ی دەستی کاری بیانی ئەوانەن لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن لە هەرێمی کوردستان[٢]؛ بەتایبەت دەستی کاری تورکیا لە ناوچەی تویژینەوە، کە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەیان نزیکەی (٢٥٠٠٠) کەس بووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠١٢ بەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی (٣٠٠٠٠) کەس[٣].

سنوور یەکێکە لە پشتیوانە سەرەکییەکانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تر بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەردوولا ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەش گومرگی ترانزێت ڕێژەیەکی زۆر داهاتی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت یارمەتییەکی بەهێزی ئابووری وڵاتە، هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین

---

(١)- خەسرەو پیربال، ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق، و. ئیسماعیل خەلیل ئیسماعیل، چ٢، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٨.

(٢)- کریستینا باجێ، پشت بەیەکبەستنی ئابووری هاوبەش یان ناهاوسەنگی ئابووری: بوونی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، و. بێستون حسێن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ ٣٩، ئابی ٢٠١٩، ل١٥٣-١٥٥.

(٣)- Fidan Christina Bache, Turkish business in the Kurdistan Region of Iraq, Center for International and European Studies (CIES), 2016, v 14, N 4, S 121.

دەروازەی سنوورییە کە شادەماری بازرگانی دەرەوە و ناوخۆی کوردستانن؛ یەکێک لەو دەروازانەش ئیبراهیم خەلیلە، کەوتووەتە پارێزگای دهۆک و خاڵێکی گرنگی پەیوەندی بازرگانییە لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئەورووپا[١]؛ سەرزێر دەروازەیەکی دیکەی نێودەوڵەتییە لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیادا، وەک لە (نەخشەی-١٠) خراوەتەڕوو، دەکەوێتە نێوان پارێزگای دهۆک و هەکاری لە ساڵی ٢٠١٤ دروستکراوە، بەڵام زیاتر بۆ مەبەستی گەشتیاری و سەردانی کۆمەڵایەتی سودی لێوەردەگیرێت، لە ئێستادا بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارناهێنرێت لەبەر هۆکاری ناسەقامگیری، دەکرێت داهاتوودا بۆ مەبەستی بازرگانیش بەکاربێت[٢].

هەرێمی کوردستان ناتوانێت پێداویستییەکانی لە شمەک و کاڵا و خواردەمەنی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بۆیە ناچار پشت بە دەرەوە دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییانە لەڕێی هاوردەکرنەوە، بەتایبەتیش خواست لەسەر خۆراک تێیدا بەرزدەبێتەوە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان و بەرزی توانای کڕینیان، ئەمەش مەترسی گەورە لەسەر باری ئابووری و ئاسایشی دەکات و هەندێک جار دەبێتە هۆی دەست خستنە ناو کاروباری وڵاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی تورکیا وەک دراوسێیەکی هەرێمی کوردستان زۆرترین پشک و هەناردەی بۆی هەیە، بە جۆرێک زۆربەی مارکێت و دوکانەکانی بازاڕ پڕن لە خۆراکی جۆراوجۆر و کەمترین بەرووبومی ناوخۆی دەبینرێت، لەم بارەوە تورکیا زۆرترین هەژموونی لە بازرگانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە[٣].

جیاوازی زۆروزەبەندی نێوان کاڵاکانی هەناردە و هاوردەی هەرێم، لاوازیی بنەما ئابوورییەکانی دەردەخات، لەکاتێکدا پێوەری زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ پێوەرە بازرگانییەکان ئەوەیە لەبەرامبەر هاوردەکردنی کاڵایەکدا (٣) کاڵا هەناردە بکەن؛ لە بەرامبەردا نەوت و چەند کاڵایەکی کەم نەبێت بەرهەمێکی وەهای نییە ئاماژەی پێبکرێت بۆ دەرەوەی وڵات؛ هەرێمی کوردستان جگە لە تورکیا و ئێران بووەتە بازاڕێک بۆ هاوردەکرن و ساغکردنەوەی کاڵا و کەلوپەلی دەیان وڵاتی دیکە؛ ئاڵوگۆڕی ئازاد پێویستی بە هەلومەرجێکە لە ناوچەی توێژینەوەدا

---

(١)- مەریوان غەریب، بنەماکانی ئابووری کوردستان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا، گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژ٧، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧-٨.

(٢)-ڕاپۆرتی KDP.info، دەروازەی سەرزێر پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێم بەهێزتر دەکات، ٢٠١٦.
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=94104 ١٠/ ٨/ ٢٠٢٢

(٣)- کاوە محمود عبدالرحمن، پاشکۆیەتی خۆراک و کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٢١، ل١٠٧.

زەمینەسازی بۆ نەکراوە، کێبڕکێیەکی نادادپەروەرانە هەیە لەگەڵ کاڵای دەرەوە بەرهەمهێنانی ناوخۆ بەهۆی زیاد لە فاکتەرێکەوە توانای کێبڕکێیان لە دەستداوە[1].

(نەخشەی- ١٠ )

دەروازە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: یادگار عبدالله علی هەمەوەندی، الاهمیة الجیوبولتیکیة لنفط کوردستان العراق، اطروحة دکتورا (غیرمنشورة)، جامعة کویة، فاکلتي التربیة، ٢٠١٩، ص١٤٢.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (USAID)ی ئەمریکی هەرێمی کوردستان زیاتر (٨٠%)ی بەرهەمی سەرەکی خواردنی لە دەرەوە هاوردە دەکات، لە کاتێکدا ساڵانی گەمارۆی ئابووری تا ڕادەیەک ئاسایشی خۆراک بەرقەرار بوو، بەڵام لە ئێستادا باڵانسی هاوردە و نێردەی بە ڕەهای ناهاوسەنگە، کە بە جۆرێک تەرازووی هاوردەی (٩٩%) و ناردەنی (١%)ە، واتە لاسەنگییەکی

(١)- بێ ناوی نوسەر، کوردستان بەهەشتی هاوردەکاران و دۆزەخی هەناردەکاران، ڕاپۆرتی گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ١٦، سلێمانی، پایزی ٢٠١٦، ل٨٦.

ئێجگار گەورە هەیە لە قەبارەی هاوردە و ناردەنی؛ بەم پێوەندگەش بووەتە پاشکۆی ئابووری وڵاتانی تورکیا و ئێران، هەریەک لەم دوو وڵاتە زیاتر لە ڕوانگەی پاراستنی سیاسەتی تایبەتی خۆیانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، لە کاتی هەر جوڵەیەکی ناتەبا دژ بە سیاسەتی ئەوان گەمارۆی ئابووری و سەربازی دەدەن گەر مەودا درێژ بێت دواجار دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێم[1]؛ هەر بۆیە بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بەستراوە بە میزاجی ئەو وڵاتەوە لە گۆشەنیگای سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەی تویژینەوە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی زیاتری خۆیان؛ لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دوایدا زیاتر گەشەی سەند، چونکە ڕاستەخۆ بەستراوە بە بازاڕە جیهانییەکانەوە، دەتوانێت بە ڕەچاوکردنی کارتی بەرژەوەندی زیاتری وڵاتانی دراوسێ ئابووریەکی پتەو لە بناغەوە بنیات بنێت، هەرچەند بەشی زۆرینەی پێداویستییەکانی خۆی لە دەرەوی وڵاتەوە دەهێنێ، بەهۆی دواکەوتنی کەرتی پیشەسازییەوە[2]. هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لەوانەش ئەو کاڵایانەی کە لە ناوچەی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەناردە دەکرێن بۆ باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق، لە ماوەی ڕابردوودا بوژانەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە پشتبەستن بە خەملاندنەکان و پشتبەستن بە کۆی گشتی هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستان لە لیستی گەورەترین بازاڕەکانی هاوردەکراوی تورکیادا لە پلەی نۆزدەهەمدا بووە، بە پشکی مەزەندەکراوی (١,٤) ملیار دۆلار، کە (٥٠%)ی هەناردەی تورکیا بۆ عێراق دەکات، لە ساڵی ٢٠١١ بەرزبووەتەوە بۆ شەشەمین بازاڕی هەناردەی تورکیا بە پشکی مەزەندەکراوی (٥,١) ملیار دۆلار، کە (٦١%)ی عێراق دەکات، لە ساڵی ٢٠١٣ هاتووەتە سێیەم بازاڕ[3]، بە پشکی مەزەندەکراوی (٨) ملیار دۆلار، کە (٦٧%)ی هاوردەی عێراقی لە تورکیاوە پێکهێناوە. وەک لە (خشتەی- ٨) و (شێوەی- ٣) خراوەتەڕوو.

---

(١)- سامان عەزیز، ئەفسانەی سەربەخۆی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ١٥، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٩٩.

(٢)- مەریوان غەریب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٦.

(٣)- Soner Cagapay and et al, Turkey and the KRG: An undeclared economic commonwealth, The washington Institute for near east policy, 2015.
https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkey-and-krg-undeclared-economic-commonwealth ١٣/ ٨/ ٢٠٢٢

(خشتەی- ٨)

هەناردەی تورکیا (بڕ و ڕێژە) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٣)

| ساڵ | قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق (ملیون دۆلار) | پشکی مەزەندەکراو بۆ هەرێمی کوردستان (ملیون دۆلار) | ڕێژەی پشکی مەزەندەکراو بۆ هەرێمی کوردستان (%) |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٢,٨ | ١,٤ | ٥٠ |
| ٢٠٠٨ | ٤ | ٢,٦ | ٦٥ |
| ٢٠٠٩ | ٥,٢ | ٤ | ٧٧ |
| ٢٠١٠ | ٧,٥ | ٥,٣ | ٧١ |
| ٢٠١١ | ٨,٣ | ٥,١ | ٦١ |
| ٢٠١٢ | ١١,٧ | ٨,٢ | ٧٠ |
| ٢٠١٣ | ١١,٩ | ٨ | ٦٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- Piotr Sosnowski, Relations with Turkey as determinant of Iraqi Kurdistan economic security, Securitologia magazine, No.2, 2016, P 97.

٢- فاروق عبدول مولود، العلاقات بين تركيا و اقليم كردستان (١٩٩١-٢٠١٤)، مجلة العلوم السياسة و القانون، المجلد٢، ع٨، المركز الديمقراطي العربي، برلين، ٢٠١٨، ص٢١١-٢١٢.

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان بەگشتی لە ساڵی ٢٠١٤ گەشتە بەرزترین ئاست بە زیاتر لە (٢٠) ملیار دۆلار، لەگەڵ تورکیا (١٢) ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێران (٤) ملیار دۆلار و لەگەڵ وڵاتانی دیکە (٤) ملیار دۆلار[1]، بەڵام لە ساڵانی دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی، شەڕی داعش، داخستنی سنوورەکان بە هۆی ڕیفراندۆمەوە، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕووی لە دابەزین کردووە.

---

(١)- محەمەد ڕەئوف، بودجە و کارتێکەرەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(شێوەی- ٣)

هەناردەی کۆماری تورکیا (بڕ و ڕێژە) بۆ کۆماری عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٤)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:-

Piotr Sosnowski, Relations with Turkey as determinant of Iraqi Kurdistan economic security, Securitologia magazine, No2, 2016, P97.

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر جۆری کەرەستە و شتومەک لە تورکیاوە هەناردە دەکرێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە؛ وەک لە (خشتەی - ٩)دا هاتووە، (٥) جۆریان خراوەتەڕوو بۆ ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، زۆرترین بڕ لە ناویاندا کەرەستە و ئامێری ماڵان و بازاڕە کە لەساڵی ٢٠١٩ بڕی (٤,١٧١,٥٣٦ کگم، ٥٩,٧٣٧ دانە، ٦٨٨,٦٦٠ پێ، ٤٧٩,٧٧١ بوسە) هەناردە کراوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەم بڕە بەرزبووەتەوە بۆ (٢٠,٨٤٦,٣٢٤ کگم،٢,٢٢١,٨٥٠ دانە، ٣,٦٥١,٧٤٣ پێ، ٢,٩٤٧,٧٣٣ بوسە)، کەمترینیان کەرەستە و ئامێری پەیوەندیەکان بووە، ساڵی ٢٠١٩ بڕی (١١٧,٢٧٢)کگم هەناردە کراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەم بڕە دابەزیوە بۆ (١١١,٨٣١)کگم، لە کاتێکدا ژمارەی هەمان کەرەستە بە دانە بەرزبووەتەوە لە (٢٣٧ بۆ ٢,٣٢٣) دانە.

(خشتەی- ٩)

هەناردەی چەند جۆرێکی کاڵا و شمەک لە تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠)

| کەرەستەکان | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | گۆڕاو | پێوەر |
|---|---|---|---|---|
| ماڵ و بازاڕ | ٤,١٧٠,٥٣٦ | ٢٠,٨٤٦,٣٢٤ | ١٦,٦٧٥,٧٨٨ | کگم |
| | ٥٩,٧٣٧ | ٢,٢٢١,٨٥٠ | ٢,١٦٢,١١٣ | دانه |
| | ٦٨٨,٦٦٠ | ٣,٦٥١,٧٤٣ | ٢,٩٦٣,٠٨٣ | پێ |
| | ٤٧٩,٧٧١ | ٢,٩٤٧,٧٣٣ | ٢,٤٦٧,٩٦٢ | بوسه |
| پەیوەندی | ٢٥,٦٦٣ | ٢٤٢,٠٣٩ | ٢١٦,٣٧٦ | HP |
| | ١١٧,٢٧٢ | ١١١,٨٣١ | ٥,٤٤١- | کگم |
| | ٢٣٧ | ٢٣٢٣ | ٢,٠٨٦ | دانه |
| جلو بەرگ | ١٨,٨٩٣,٣٦٦ | ٤٧,٢١٣,٢١٤ | ٢٨,٣١٩,٨٤٨ | کگم |
| جوانکاری | ٣,٦٦٦,٤٦٤ | ١٦,٧٦٨,٦٣٦ | ١٣,١٠٢,١٧٢ | کگم |
| | ٢,٧٣٤ | ٢٥٨,٣٠٩ | ٢٥٥,٥٧٥ | لیتر |
| کاشی و کەرپوچ | ٩٩,٠٥٥,٨٠٨ | ١,٦٧٩,٤٧٧,٠٢٤ | ١,٥٨٠,٤٢١,٢١٦ | کگم |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرێتی گشتی گومرگی هەرێم، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

ساڵ لە دوای ساڵ ئەگەر هەناردەی جۆرێکی کەم لە کەرەستە و کەلوپەل کەم بکات بەهۆی نەبوونی بازاڕ و خواست لەسەری یان بەهۆی بایکۆتی کاڵای تورکییەوە لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بەشێوەکی گشتی لە بارێکی ئاسایدا قەبارەی هەناردەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، ئەگەر بێت و هۆکارە سیاسی و ئەمنییەکان نەبنە بەربەست بۆی و هەرێمی کوردستان و عێراق بەرهەمی ناوخۆیی گرنگی پێنەدەن و پشت بە هاوردەکردن ببەستن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان، هەناردەکرن بەم ئاراستەیە ڕوو لە هەڵکشانی زیاتر دەکات.

**باسی دووەم: کاریگەری پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر سێکتەرەکانی (پیشەسازی و نەوت و گازی سروشتی)ی هەرێم**

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر دۆخی پیشەسازی هەرێمی کوردستان و ئەو پرۆژە پیشەسازییانەی تورکیا لەم سێکتەرە بنیاتیناوە، هەروەها یەدەکی نەوتی هەرێمی کوردستان و پشکی کۆمپانیا تورکییەکان لەبلۆکە نەوتییەکان و هەناردەکردن و فرۆشتنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو بە دوو قۆناغ دەخەینەڕوو، پاشان باس لە یەدەک و بەرهەمی گازی سروشتی و

پشکی کۆمپانیا تورکییەکان لە بلۆکە گازییەکاندا دەکەین، هەروەها هێڵی بۆری نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە دابەشی سێ تەوەر دەکرێت:-

**تەوەری یەکەم: پیشەسازی**

بە وتەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم ئەم کەرتە لە بەرەو پێشچوون دایە و زۆربەی کارگەکانیان لە بواری کەرەستەی بیناسازیدان و پێداویستی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دابین دەکەن، لەوانە شیش و چیمەنتۆ و مادده بنەڕەتییەکانی تر (٧٠-٨٠%) لە هەرێمی کوردستانەوە دەڕوات بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق، کارگەکانی پلاستیک جگە لە بۆری (٢٦٠) جۆر پلاستیک هەر لە پەرداخی منداڵانەوە تا گەورەترین کەلوپەل بەرهەم دەهێنن، بەڵام بەپێی ستانداردە جیهانییەکان و بەراود بە وڵاتانی پێشکەتوو ئەم کەرتە یەکێکە لە کەرتە پشتگوێخراوەکان، سەرەڕای لاوازی ژێرخانی ئابووری و نا هاوسەنگی بەرهەمهێنان و ڕێژەی بەرزی بێکاری[1]، کە لە ساڵی ٢٠١٥ گەشتووتە (١٣%)[2]، لە کاتێکدا هێزی کاریکی گەورە و سەرمایەی مادی و مرۆیی زۆری هەیە، بەڵام سێکتەری پیشەسازی زۆر دواکەوتووە چونکە تەکنیکی نوێی نییە بۆ بەرهەمهێنان، گرفتە ئابوورییەکانی لە قوڵبوونەوەدان بە هۆی ناجێگیری نرخی نەوت و دەستەوسانبوونی لە دۆزینەوەی سەرچاوەی پارەدارکردنی نوێ بۆ پاڵپشتی بودجەکەی، پشتبەستنی بودجە تەنها بە داهاتی نەوت کەلێنێکی گەورەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووری حکومەتی هەرێم، بۆیە پێویستە هەوڵی فرەچەشنکردنی ئابووری بدات لەوانەش گرنگیدان بە پیشەسازی بە تایبەت پیشەسازی خۆراک[3].

یەکێک لە فاکتەرەکانی نێوان پەیوەندییە ڕامیارییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا وزە و ئابوورییە، سێکتەری پیشەسازی یەکێکە لە سێکتەرە ئابوورییەکان و دەرئەنجامی بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندییانە دروستکردنی چەندین پرۆژەی پیشەسازی لێکەوتووەتەوە لەلایەن تورکیاوە بەشێوەی سەربەخۆ و بەشێوەی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا؛ ژمارەی ئەو پرۆژانەی لەم سێکتەرەدا ئەنجامدراون (٩) پرۆژەن، شەشیان لە پارێزگای هەولێر و سیانیان لە پارێزگای دهۆک ئەنجام دراوە، وەک لە (خشتەی-١٠) دیارە؛ پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە هیچ پرۆژەیەکی

---

(١)- ساری ئەبو بەکر زەڵمی، فرەچەشنکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٧٣-٧٤.

(٢)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦، ل٨.

(٣)- ساری ئەبو بەکر زەڵمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

پیشەسازی تورکیای تێدا ئەنجام نەدراوە، بەهۆی ئەو دابەشبوونە کارگێڕییەی لەنێو حکومەتی هەرێمدا هەیە، ئەو دوو پارێزگایە زیاتر جێی هەژموونی دەوڵەتی ئێرانە و پرۆژە پیشەسازییەکانی زیاتر لەلایەن ئێرانەوە دامەزراوە، واتە دابەشبوونی پەیوەندییە رامیارییەکانی حکومەتی هەرێم بەسەر هەردوو وڵاتی دراوسێ رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانیش.

(خشتەی –١٠)

پرۆژە پیشەسازییەکانی تورکیا (سەربەخۆ- هاوبەش) لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لەنێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٦)

| ساڵ | ناوی پرۆژە | پارێزگا | سەرمایە (دۆلار) | رووبەر (دۆنم) | رەگەزی وەبەرهێنەر | وڵات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | کارگەی (پۆلتیکس بۆ وەبەرهێنانی ئاسن | هەولێر | ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٤,٥٦٣ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١١ | کارگەی M.S بۆ بەرهەمهێنانی پاککەرەوەکان | دهۆک | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | ٢,٣٢ | هاوبەش | عێراق -تورکیا |
| ٢٠١٢ | Esillar paper sack plant | هەولێر | ١١٥,٥٤٦,٦١٠ | ٤٤,٠٠ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١٣ | کارگەی (المر) بۆ دروستکردنی چەتر و چادر | هەولێر | ٢,٨٧٦,٠٠٠ | ٢,٠٠ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١٤ | کارگەی (خیرات الشرق) بۆ وەبەرهێنانی زەیتی گوڵەبەرۆژە | هەولێر | ٢٥,٤٣٠,١٧٤ | ٢٠,٠٠ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١٤ | کارگەی بەرهەمهێنانی سیرامیک و بلۆکی بونزا | دهۆک | ٦١٧,١٩٩ | ٢,٤٠ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١٤ | کارگەی Eerdemil بۆ بەرهەمهێنانی جەلی سیرامیک | هەولێر | ١,٧٥٠,٠٠٠ | ٠,٨ | هاوبەش | عێراق-تورکیا |
| ٢٠١٥ | کارگەی گونا بۆ بەرهەمهێنانی کۆمپۆزیت و پەنەل و پارچەی پرۆفایلی ئەلمنیوم | هەولێر | ٣,٥٤٧,٧٠٠ | ٨,٠٠ | بیانی | تورکیا |
| ٢٠١٦ | وێستگەی کارەبای بەدرێ | دهۆک | ١٠٠,٠٠٠٠٠٠ | ٨١٢٥ | هاوبەش | عێراق-تورکیا |
| کۆ | | | ٤٠١,٧٦٧,٦٨٣ | ٢٢,٦٨٨ | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

کۆی تێچوی پرۆژە پیشەسازییەکانی کۆمپانیا تورکییەکان بە سەربەخۆ و هاوبەش (٤٠١,٧٦٧,٦٨٣) دۆلارە، لەسەر رووبەری زەوی (٢٢,٦٨٨) دۆنم ئەنجامدراوە؛ بۆ ئەم مەبەستە گەورەترین گوژمەی سەرمایەی لە ساڵی ٢٠١٠ بەگەرخستووە لە پارێزگای هەولێر بەبڕی

(١٥٠,٠٠٠٠٠٠) دۆلار، ئەویش بە دروستکردنی کارگەی وەبەرهێنانی ئاسن لەسەر ڕووبەری زەوی (١٤,٥٦٣) دۆنم، کەمترین سەرمایەش ساڵی ٢٠١٤ بە بڕی (٦١٧,١٩٩) دۆلار لە دروستکردنی (کارگەی بەرهەمهێنانی سیرامیک و بلۆکی بونزا) بەگەڕخستووە، بۆ بەرهەمهێنانی جەلی سیرامیک لەسەر ڕووبەری (٠,٨) دۆنم لە پارێزگای هەولێر لەلایەن کۆمپانیای هاوبەشی کۆماری تورکیا و عێراق بووە، کەمی پرۆژە پیشەسازییەکان لەم ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی داعش و قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، گەشەی سێکتەری پیشەسازی وەک هەموو سێکتەرەکانی دیکە ڕووی لە سستی و وەستان کرد.

**تەوەری دووەم: نەوت (النفط-Petroleum)**

لە ڕووی هەبوونی ئەم کانزایەوە ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هەروەک وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مەزەندەی یەدەکی نەوتی کردووە بە (٤٥) ملیار بەرمیل[١]، ئەمەش دەکاتە (٣٠%)ی ڕێژەی یەدەکی نەوتی عێراق کە (١٤٥) ملیار بەرمیلە، یەدەکی نەوتی هەرێم وەک بەشێک لە عێراق بە پلەی یازدەیەم دێت لە نێوان گەورەترین وڵاتانی خاوەن نەوت[٢]. بۆ ئاسان ڕوپێوی کردن و وەبەرهێنانی نەوت و گازی هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکانەوە ناوەندەکانی نەوت و گازی دابەش کراوە بەسەر (٥٧) بلۆکدا[٣]، لە کۆی ئەو (٥٧) بلۆکە (١٠) بلۆکیان گەشتوون بە کێڵگەی نەوتی بەرهەم هێنراو و بەرهەمیان هەیە، ئەم بلۆکانەش بەم شێوە دابەشبوون بەسەر پارێزگاکاندا: (٥) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای دهۆکەوە، کە بریتین لە (تاوگێ، ئەتروش، شێخان، سەرسەنگ، عین سفنی) (٤) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەولێرەوە بریتین لە ( هەولێر، خورمەڵە، تەقتەق، سەرتە) و (١) بلۆکیان لە ئیدارەی گەرمیانی سەر بە پارێزگای سلێمانییە ئەویش بلۆکی گەرمیانە[٤]؛ وەک لە (نەخشەی- ١١) دیارە.

بۆ دەرخستنی ڕۆڵی تورکیا لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان پشکی کۆمپانیا و پرۆسەی هەناردە و داهاتی نەوتی هەرێم دەخەینەڕوو:-

١- پشکی کۆمپانیا تورکییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی ناوچەی توێژینەوە

---

(١) – Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources. https://gov.krd/mnr-en/publications/oil/ ٢٥/ ٦/ ٢٠٢٢

(٢) –Statistical Review of World Energy, Oil Report, 70th edition, 2021, p 16.

(٣)- بێ ناوی نووسەر، بلۆکەکانی نەوتی هەرێم بەپێی دابەشکردنی کۆمپانیاکان، ڕاپۆرت لێکۆڵینەوەی وزە، گۆڤاری وزە، ژ١، شوباتی ٢٠١٥، ل١٣.

(٤)- ئاستی بەرهەمی کێڵگەکانی نەوتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٢. http://www.roonbeen.org ٢٠٢٢/٥/٤

ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی عێراق یاسای نەوت و گازی لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراق دەرنەکرد، هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکرد بۆ دەرهێنانی نەوت و گازەکەی، لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ژمارە (٢٢)ی نەوت و گازی تایبەت بە خۆی دەرکرد، ئەو مافەی بەخۆی دا بەسەربەخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغداد گرێبەستی گەڕان و پەرەپێدان و هەناردەی ئەم دەرامەتانە بکات[١].

(نەخشەی- ١١)

بۆری نەوت و بلۆکە نەوتییە بەرهەمدارەکانی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

Kurdistan Regional Government (KRG) Ministry of Natural Resources.

http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/discoveries-and-development.html

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی-عێراق، یاسای نەوت و گاز، ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧.

حکومەتی هەرێم بە هاوکاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و پاڵپشتی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، لەسەر بنەمای "گرێبەستی بەرهەمی هاوبەش[*]" دەستی بە وەبەرهێنان و دەرهێنانی نەوتەکەی کرد[1]، زیاتر لە (٤٥) کۆمپانیا گرێبەستی کارکردنیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆ کرد بۆ گەڕان و پەرەپێدانیانی بلۆکە نەوتی و گازییەکانی[2]، لەم بارەوە پشکی شێر بەر کۆمپانیا تورکییەکان کەوت، کۆمپانیا تورکییەکان لە (١٠) بلۆکی نەوتی سەربەخۆ (ئازاد) و هاوەڵ (نەوت و گاز)ی هەرێمدا کار دەکەن، هەندێکیان لە قۆناغی هەناردەکردن و هەندێکیان لە قۆناغی پەرەپێدان و پشکنین دان، کۆمپانیای گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) لە بلۆکەکانی (تاوگی ٢٥%)، بیربەهر (٤٠%)، (دهۆک ٤٠%)، (بنەباوی ١٠٠%)، (میران ١٠٠%)، (تەق تەق ٤٤%)، سەرتە (٣٠%)، قەرەداغ (٤٠%) پشکی هەیە، هاوکات کۆمپانیای پیت ئۆیلیش (Pet oil) لە بلۆکەکانی چیا سورخ (٨٠%) و پەڵکانە بە ڕێژەی (٦٠%) پشکی هەیە[3]، وەک لە (خشتەی- ١١) دیارە؛ بە شێوەکی گشتی پشکی کۆمپانیاکانی نەوتی تورکیا (٢٥%)ی کۆی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە[4].

---

(*) گرێبەستی هەوبەش (product sharing agreement-PSA) لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن حکومەتی ئەندەنوسیاوە هێنرایە ناو جیهانی پیشەسازی نەوتەوە، ئەو گرێبەستەیە کۆمپانیا بێگانەکان سەمایەگوزاری تەواو بۆ گەڕان و دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیر و دامەزراندنی دەزگای بەرهەمهێنان و ڕاکێشانی بۆری ناردنە دەرەوە تەرخان دەکەن، هەموو گرێبەستە هاوبەشەکان لە مافی خاوەنداریەتی، تێچوی نەوت، قازانجی نەوت و ماوەی گرێبەستەکان هاوبەشن. سەرچاوە: بایەزید حسن عبدالله، سامانی نەوت و گازی عێراق و پشکی کورد لە بەڕێوەبردنیدا، چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، سلێمانی، ل١٢٥-٢٢٧.

(١)- شالاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسییەتی خوێنی ڕەش، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، ٢٠١٧، ل٤٥-٤٦.

(٢)- چنار بابەکر محمد، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، ٢٠١٥، ل٥٩.

(٣)-http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/discoveries-and-development.html.

(٤)- Remziye Yilmaz-Bozkus, Turkey-KRG Energy Relations: Internal and External Dynamics, Article in Journal of Global Analysis, August 2017, P 135.

(خشتەی- ١١)

پشکی کۆمپانیاکانی تورکیا لە بلۆکە نەوتییەکان (سەربەخۆ و هاوەڵ)ی ناوچەی توێژینەوە

| | ناوی کۆمپانیا | بلۆکی نەوتی | پارێزگا | پشکی کۆمپانیا (%) | قۆناغ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | تەقتەق | هەولێر | ٤٤ | هەناردە |
| ٢ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | سەرتە | هەولێر | ٣٠ | هەناردە |
| ٣ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | بنەباوی | هەولێر | ١٠٠ | پەرەپێدان |
| ٤ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | قەرەداغ | سلێمانی | ٤٠ | پشکنین |
| ٥ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | میران | سلێمانی | ١٠٠ | پەرەپێدان |
| ٦ | پیت ئۆیل (Pet oil) | چیا سورخ | سلێمانی (گەرمیان) | ٨٠ | پەرەپێدان |
| ٧ | پیت ئۆیل (Pet oil) | پوڵخانە | سلێمانی (گەرمیان) | ٢٠ | پەرەپێدان |
| ٨ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | بیربەهر | دهۆک | ٤٠ | پەرەپێدان |
| ٩ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | دهۆک | دهۆک | ٤٠ | پەرەپێدان |
| ١٠ | گەنەڵ ئینەرجی (Genel Energy) | تاوگێ | دهۆک | ٢٥ | هەناردە |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- Kurdistan Regional Government (KRG) Ministry of Natural Resources. http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/discoveries-and-development.html. ٢/ ٧/ ٢٠٢٢

٢- یادگار عبداللە علی هەمەوەندی، الاهمیة الجیوبولتیکیة لنفط کوردستان العراق، اطروحة دکتورا (غیرمنشورة)، جامعة کویة، فاکلتي التربیة، ٢٠١٩، ص١٤٣.

٣-Genel Energy, Annual report, 2021, p 3.

٢- هێڵی بۆری و هەناردەکرنی نەوت

پرۆسەی گواستنەوەی نەوت قۆناغی دووەمی پیشەسازی نەوتە لە دوای بەرهەمهێنانییەوە، ئەمەش پێویستی بە ئامراز و ئامێری گرنگ و گەورە هەیە بۆ گواستنەوەی، پێگەی جوگرافی بەشێکە لە کارئاسانی یان ئاستەنگ بۆ ئەو گواستنەوەیە، داخراوی پێگەی هەرێم ناچاری کردووە هەماهەنگ بێت لەگەڵ یەکێک لە وڵاتە دراوسێکانی، بۆ ئەمەش زیاتر پشتی بە تورکیا بەستووە، بۆ گەیاندنی بەرهەمی نەوتەکەی بە بازارەکانی ئەوروپا[1]، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی هەرێم پلانی

(١)- بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان، راپۆرتی درەو میدیا، ٢٠٢٢/٢/٢١. https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9734. ٢٥/ ٦/ ٢٠٢٢

دامەزراندنی هێڵی بۆری دانا بۆ گواستنەوەی نەوت و گاز بۆ بازارکانی جیهان، تایبەتمەندی بۆری نەوتەکەی ئەوەیە کورتترە لە هێڵی کەرکوک-جیهان[1]، درێژییەکەی لە تەق تەقەوە بۆ خورمەڵە (٨١)کم ە، بەستراوەتەوە بە پاڵاوگەی هەولێر و هێڵی بۆرییەکانی هەناردەکردنەوە[2]، بە شێوەیەکی گشتی لە کێڵگەی تەق تەقەوە تا ئەوەی بە ستراوەتەوە بە هێڵی فیشخابووری کۆن دەگاتە (٢٨١)کم[3]. حکومەتی عێراق نارەزایەتی هەبوو بەرامبەر ئەم هەنگاوە و داوای کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای نیشتمانی بەبازارکردنی نەوت (سۆمۆ – SOMO) بەڕێوە ببات، هەروەک پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت لەم وڵاتەدا، لە بەرامبەر پەیوەستبوون بە سیستەمی هەناردە لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندییەوە، بەغدا جەختی کردوەوە کە ساڵانە (١٧%) لە کۆی بودجەی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان دەکات، ڕێککەوتنەکەیان لە ساڵی ٢٠٠٨ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە بەڵام درێژەی نەکێشا[4].

هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی بە شێوەیەکی گشتی بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیووە:-

**قۆناغی یەکەم:-**

لە سەرەتای هەناردەکردنی نەوتەوە دەستپێدەکات لە ساڵی ٢٠٠٨ هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٤، هەناردەکردن بە سێ ڕێگا بووە (تەنکەر، سۆمۆ، هێڵی بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان)، کەمترین بڕی هەناردە لەم قۆناغە بە ڕێگەی هێڵی بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، کە تەنها ساڵی ٢٠١٣ دەگرێتەوە، بڕی (٤٩١,١٢١) بەرمیل نەوتی لێوە هەناردە کراوە، پاش ئەوە ڕێگەی تەنکەر بە پلەی دووەم دێت، کە بڕی هەناردەی لەم قۆناغەدا (١٢,٠٣٢,٤٢٧) ملیۆن بەرمیلە، تێکڕای ساڵانی تۆمارکراوی (٦,٠١٦,٢١٣) ملیۆن بەرمیلە؛ هەرچەندە هەناردە بە تەنکەر لە ٢٠١٢ تۆمارکراوە بەڵام پێش ئەو وادەیەش نەوت هەناردە کراوە لەڕێگەی تەنکەرەوە بە شێوەی نا فەرمی؛ زۆرترین بڕی هەناردەی نەوت لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی کۆمپانیای نیشتمانی بەبازارکردنی نەوت (سۆمۆ-SOMO) بووە، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١٣)دا، بڕی (٧١,١٣٣,٩٤٦) ملیۆن

---

(١)- احمد ياسين و اخرون، طرق نقل النفط من حقول كوردستان العراق، مجلة وادي النيل للدراسات و بحوث لاسلامية و الاجتماعية و التربوية، المجلد ٢٠، ع٢٠، تشرين الاول، ٢٠١٨، ص٣٩٥.

(٢)-Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources. https://gov.krd/mnr-en/publications/oil/. ٢٥/ ٦/ ٢٠٢٢

(٣)- یادگار عبدالله علی هەمەوەندی، مصدرسابق، ص١١٧.

(٤)- لقمان عمر محمود النعيمي، شراكة تركيا مع اقليم كردستان-العراق في المجال الطاقة بعد عام ٢٠١١، مجلة الدراسات الاقليمية، مجلد ١٤، ع٤٦، تشرين الاول ٢٠٢٠، ص١٩.

بەرمیلی لێوە هەناردە کراوە، کە تێکرای ساڵانەی دەکاتە (١١,٨٥٥,٦٥٧) ملیون بەرمیل. وەک لە (خشتەی- ١٢) دەردەکەوێت.

(خشتەی- ١٢)

هەناردەی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکی لە ڕێگەی تەنکەر و سۆمۆ و بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە (بەرمیل) بۆ ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٣)

| ساڵ | هەناردەی نەوت لەڕێگەی تەنکەرەوە | هەناردەی نەوت لەڕێگەی سۆمۆوە | هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٨ | تۆمار نەکراوە | ٣٢٨,٧٠٨ | ٠ |
| ٢٠٠٩ | تۆمار نەکراوە | ٦,٨٧٠,٣٥١ | ٠ |
| ٢٠١٠ | تۆمار نەکراوە | ٢,١٧٦,٧٩١ | ٠ |
| ٢٠١١ | تۆمار نەکراوە | ٣٧,٢٤٢,٢٨١ | ٠ |
| ٢٠١٢ | ٧٤٩,٥٦٧ | ٢٤,٥٠٧,٢١٣ | ٠ |
| ٢٠١٣ | ١١,٢٨٢,٨٦٠ | ٨,٦٠٢ | ٤٩١,١٢١ |
| کۆی گشتی | ١٢,٠٣٢,٤٢٧ | ٧١,١٣٣,٩٤٦ | ٤٩١,١٢١ |
| تێکرای ساڵانە | ٦,٠١٦,٢١٣ | ١١,٨٥٥,٦٥٧ | ٤٩١,١٢١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, oil production, export, and consumption, report 2015, P13.

بەپێی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٣)، سەرجەمی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی لەگەڵ شیرینی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش و داهاتەکانی تری پرۆسەکانی نەوت و گاز (٩,٧١٤) ملیار دۆلارە، تێکرای ساڵانەی (١,٣٨٧) ملیار دۆلارە، سەرجەمی تێچووەکانیش لەم پرۆسەیەدا لە هەمان ماوەدا (٨,٧٩٤) ملیار دۆلارە، کە تێکرای ساڵانەی (١,٢٥٦) ملیۆن دۆلارە، ئەو بڕەشی ماوەتەوە وەک قازانج (٩٢٠,٢٢١) ملیۆن دۆلار بووە، تێکرای ساڵانەی دەکاتە (١٣١,٤٦٠) ملیۆن دۆلار. (خشتەی- ١٣) پوختەی قازانج و زەرەری ساڵانەی پرۆسەکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٣) خستوەتەڕوو.

(خشتەی- ١٣)

پوختەی قازانج و زەرەری ساڵانەی پرۆسەکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٣)

| ساڵ | سەرجەمی داهات (دۆلار) | سەرجەمی تێچووەکان (دۆلار) | سەرجەمی قازانج و زەرەر (دۆلار) |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٢٩,٦٣٦,٧١٤ | ٦,٣٨٢ | ٢٩,٦٣٠,٣٣١ |
| ٢٠٠٨ | ٩٨٣,٢٢٩,٢٥٧ | ٢٣٨,٦٥٢,٧٠٥ | ٧٤٤,٥٧٦,٥٥٢ |
| ٢٠٠٩ | ٣٤٨,٢١٢,٩١٢ | ٤٨٠,٣٣٣,٥٤١ | -١٣٢,١٢٠,٦٢٩ |
| ٢٠١٠ | ٩٠٧,٠١٢,٠٦٤ | ٤٩٠,١٣٠,٤٦٠ | ٤١٦,٨٨١,٦٠٥ |
| ٢٠١١ | ٢,٢٠٤,٦١٣,٢٤٩ | ١,٣٣٢,٧٨٠,٩٤٠ | ٨٧١,٨٣٢,٣٠٩ |
| ٢٠١٢ | ٢,٣٥٣,٢١٠,٨٠١ | ٢,١٦٣,٨٩٤,٥٠٠ | ١٨٩,٣١٦,٣٠١ |
| ٢٠١٣ | ٢,٨٨٨,٤١٦,٨٦٣ | ٤,٠٨٨,٣١١,٦٩١ | -١,١٩٩,٨٩٤,٨٢٨ |
| کۆی گشتی | ٩,٧١٤,٣٣١,٨٦٠ | ٨,٧٩٤,١١٠,٢١٩ | ٩٢٠,٢٢١,٦٤١ |
| تێکڕای ساڵانە | ١,٣٨٧,٧٦١,٦٩٤ | ١,٢٥٦,٣٠١,٤٦٠ | ١٣١,٤٦٠,٢٣٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources, Financial Report, 2007- 2013, P 20-22.

**قۆناغی دووەم:-**

ئەم قۆناغە لە دوای ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ دەستپێدەکات هەتا ئێستا، لەم قۆناغەدا حکومەتی هەرێم ڕووبەڕوی قەیرانی قوڵی ئابووری بوویەوە، کە بوو بە هۆی پاشەکەوتکردن و نەدانی موچەی فەرمانبەرانی لە کاتی خۆیدا، وەستان و تەواونەکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، لاوازبوونی جوڵەی بازاڕ و کەمبوونەوەی خەرجی بەکاربردن، بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ کۆماری تورکیا دا، بە تایبەت لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکرن و بە بازاڕکردنی نەوت تا ئەم قەیرانە چارەسەر بکات(١)، بۆ ئەو مەبەستەش گشت داهاتەکانی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی بۆری

(١)- لقمان عمر محمود النعيمي، مصدرسابق، ص٢٥

هەرێمی کوردستانەوە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ڕاستەوخۆ لە حسابی بانکی کڕیارانی نەوتەکە دەخرێتە سەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هاڵک بانک (Halk bank) لە تورکیا بە بێ نێوەندگیری بانکی سێیەم، بەڵام بەهۆی چەندین پێشهاتی نەخوازراوەوە ئابوورییە سەربەخۆکەی زیانی گەورەی پێگەشت، لەوانە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، کە لە (٩٠%)ی داهاتەکەی لە فرۆشتنی نەوتی خاوەوە سەرچاوە دەگرێت! بڕینی بەشە بودجە و شایستە داراییەکانی لایەن حکومەتی بەغدادەوە، بلۆککردنی بەشێک لە پارەکانی لە بانکەکانی لوبنان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا[١]، بۆیە هەر لەسەرەتای ئەم قۆناغەوە بودجەکەی توشی کورتهێنان هات، چونکە نەوتەکەی لەلایەن کڕیارانی نەوتەوە بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێنەکرا لەبەر بوونی کێشەی یاسایی، هەتا ئێستاش هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێگەی مەترسییە، کەچی بە بەردەوامی بانگەشەی ئەوە دەکات تورکیا بە ڕێکەوتنە (٥٠) ساڵییەکەی نێوانیان[*] ئامادەیە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات بۆ بازاڕکردنی نەوتی کوردستان[٢].

لەم قۆناغەدا حکومەتی هەرێم بڕی (١,٠١١) ملیار بەرمیل نەوتی لە ڕێی بەندەری جەیهانەوە هەناردەی دەرەوە کردووە، کە تێکڕای ساڵانەی (١٤٤,٥٤٣) ملیۆن بەرمیل دەکات، کۆی داهاتی فرۆشتنی (٤٥,٩٩٧) ملیار دۆلارە، تێکڕای ساڵانەی گەشتووەتە (٦,٥٧١) ملیۆن دۆلار، پاش پێدانی قەرزی کۆمپانیا و کرێی بۆری و شایستەی دارایی بەرهەمهێنان و خەرجییە گشتییەکانی دیکە، بڕی (١٥,٥٠٩) ملیار دۆلاری بۆ ماوەتەوە، کە تێکڕای هەر ساڵێکی (٢,٢١٥) ملیۆن دۆلاری بەرکەوتووە. (خشتەی- ١٤) پرۆسەی هەناردە و فروشتن و داهاتی نەوتی هەرێم لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) پیشان دەدات.

---

(١)- فەرهاد حەسەن عبدالله، کوردستان هەرێمی خاوەن نەوت لە قەیراندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٤.

(*) گرێبەستێکی نهێنی بوو لە ساڵی ٢٠١٣ کرا لە نێوان نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا واژۆ کرا، تایبەت بوو بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕێکەوتنەکەی بە سەرکەوتنی گەورە وەسف کردوە، ئەم گرێبەستە بەلایانەوە گرێبەستێکی هەستیارە بۆیە ئاشکرای ناکەن. بڕوانە: لقمان عمر محمود االنعیمی، مصدر سابق، ص٢٢.

(٢)- ئەلەند مەحوی، هەرێمی کوردستان لەبەردەم بژاردەی سەربەخۆی ئابووریدا، ژووری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٧.

(خشتەی- ١٤)

بڕی هەناردە و داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠)

| ساڵ | بەرمیل/ نەوت | نرخی نەوت (دۆلار) | ملیار/ دۆلار | قازانج (دۆلار) |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٤٩,٥١٨,٨٣١ | ٨٢ | ٤,٠٦٠,٥٤٤,١٤٢ | ١٦٢,٤٢١,٧٦٦ |
| ٢٠١٥ | ١٤٣,٢٠٠,١٨٣ | ٤٤ | ٦,٣٠٠,٨٠٨,٠٥٢ | ٢٥٢,٠٣٢,٣٢٢ |
| ٢٠١٦ | ١٨٣,٦٤٢,٠٥٧ | ٣٨ | ٦,٩٧٨,٣٩٨,١٦٦ | ٢٧٩,١٣٥,٩٢٧ |
| ٢٠١٧ | ١٨٧,١٤٨,٥٠٧ | ٤٢ | ٧,٩٢٣,٤١٢,١٩٤ | ٣,٨٩١,٥١٣,٢١١ |
| ٢٠١٨ | ١٣١,٧٢٩,٣٩٧ | ٥٨ | ٧,٧٤٠,٤٢٧,٥١٠ | ٤,٣٤٣,٥٤١,٢٥٠ |
| ٢٠١٩ | ١٥٨,٥١٢,٩٦٠ | ٥٣ | ٨,٥٤٩,٧٤٩,٧٣٣ | ٤,٥١٥,٤٢١,٦٢٥ |
| ٢٠٢٠ | ١٥٨,٠٥٤,٤٣٢ | ٢٨ | ٤,٤٤٣,٨٤٢,٢٣٥ | ٢,٠٦٥,٤٧٧,٧١٢ |
| کۆی گشتی | ١,٠١١,٨٠٦,٣٦٧ | - | ٤٥,٩٩٧,١٨٢,٠٣٢ | ١٥,٥٠٩,٥٤٣,٨١٣ |
| تێکڕای ساڵانە | ١٤٤,٥٤٣,٧٦٧ | ٤٩.٢٩ | ٦,٥٧١,٠٢٦,٠٠٥ | ٢,٢١٥,٦٤٩,١١٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- Neil Hargreaves, Deloitte Professional Services (DIFC) Limited & Robert O'Hanlon Deloitte & Touche (M.E.), Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the period, 2017-2018-2019-2020.

٢- Kurdistan Regional Government of Iraq, Ministry of Natural Resources, Oil production, export, consumption report 2015, P. 8.

لەسەر ئاستی حکومیش لە ماوەی ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرت بە هۆی ئابووری سەربەخۆوە، چەند جارێک پەنای بۆ کۆماری تورکیا برد بۆ وەرگرتنی قەرز، لەبەرامبەردا جاری یەکەم (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری پێدا بەبێ هیچ سودێک و جاری دووەم (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری تری پێدا بە سودی (٥-٦%)، لە جاری سێیەمدا بڕی (١٥٠) ملیۆن دۆلاری پێدا بە هەمان سودی پێشوو لەسەر قەرزەکە، واتە کۆی ئەو قەرزەی حکومەتی هەرێم لە تورکیای وەرگرت (١,١٥٠) ملیار دۆلارە[1].

### تەوەری سێیەم: گازی سروشتی (الغاز الطبيعي- Natural Gaz)

بۆ خستنەڕووی زیاتری ئەم دەرامەتە لە هەرێمی کوردستان باس لە یەدەک و بەرهەم و بۆری هەناردەکردنی دەکەین:-

---

(١)- ڕاپۆرتی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، تورکیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی هەرێمی کوردستانە، ٧/ ١/ ٢٠١٧. https://www.rudaw.net/sorani/business/070120171. ١/ ٧/ ٢٠٢٢

١- یەدەکی گازی سروشتی

یەدەکی گازی سروشتی لە جیهاندا بە شێوەیەکی نا یەکسان دابەش بووە، ئەمەش ساڵانێکی زۆرە ململانێی بەردەوام لەسەری هەیە لە ناوچە جیا جیاکانی جیهان، بە تایبەتیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە چەقی ململانێیەکەی تێدا کۆبوەتەوە[١]؛ لە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوریدا چڕبوەتەوە، دیارترینیان کێڵگەی خورمەڵە و چەمچەماڵە[٢]، یەدەکی گازی هەرێم بەپێی مەزەندەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠) تریلیۆن پێ$^{3}$؛ (٥,٧) ملیار م$^{3}$ یە[٣]، لە ڕووی ڕیزبەندیەوە هەرێمی کوردستان دەکات بە هەشتەم وڵات وەک بەشێک لە عێراق لەسەر ئاستی جیهاندا دەکاتە (٣,٣%)ی کۆی یەدەکی جیهان لە ساڵی (٢٠٢٠)دا[٤].

٢- بەرهەمی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان پێشینەیەکی کۆنی لە بەرهەمهێنانی گازدا نییە[٥]، لە ڕابردووشدا گاز بە خۆڕای دەسوتا لەبەر نەبوونی هێڵی بۆری گاز بۆ گەیاندنی بە وێستگەکانی کارەبا و کارگەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی[٦]، تا ئێستا ئەوەی هەیە لە بەرهەم بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکار دێت و ئەو کێڵگە گازیانەش زیاتر لەلایەن دانا گازی ئیماراتی و کرێنست پترۆلیۆم کاری لەسەر کراوە[٧]. ئەوەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە لە گازی سروشتی (١٠) کێڵگەیە بە شێوەی سەربەخۆ (ئازاد)، (٧) کێڵگەیان لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانە بریتین لە (کۆرمۆر، چەمچەماڵ، میران، تۆپخانە، پوڵخانە، کوردەمیر، گازی تازە) (٢) کێڵگە لە پارێزگای هەولێرە پێکهاتوون لە (خورمەڵە و

(١)-پێشەوا شێخ ڕەئووف، زیان و مەترسییەکانی سوتاندنی غاز، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩، ل٨٩.

(٢)- وحید انعام الکاکائي، جیوسیاسیة النفط و الغاز في الاقلیم کوردستان العراق و الفواعل لاقلیمیة و الدولیة، المدیریة العامة لتربیة دیالى، ع٨٥، ٢٠٢٠، ص٦.

(٣)- Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources. https://gov.krd/mnr-en/publications/gas/. ٢٠٢٢ /٧ /٥

(٤) -Statistical Review of World Energy, Natural gas Report, ٧٠th edition, 2021, p 34.

(٥)- فەرهاد حەمزە محەمەد، ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت گازی سروشتی هەناردە بکات؟ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت، ١٣ی مارسی٢٠٢٢. http://www.roonbeen.org/ ٢٠٢٢/٥/٢

(٦)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانی ئابووری، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (RTI)ی نێودەوڵەتی، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨، ل٥٤.

(٧)- شاڵاو عبدالخالق محمد و سەرتیپ خالص حسین، کێشەی بەناوەندیکردنی بەڕێوبردنی نەوت و گاز لە عێراق دوای ( ٢٠٠٥)، ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بە نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٣، ژ ٢، هەولێر، بەهاری ٢٠١٨، ل٨٢.

بنەباوێ) و (١) کێڵگە لەپارێزگای دهۆکە ئەویش (گازی دهۆک (سیمێل)) دەگرێتەوە؛ هەریەک لەم کێڵگانە دەکەونە بلۆکێکی گازیەوە؛ وەک لە (نەخشەی- ١٢) دیارە.

(نەخشەی- ١٢)

بۆری گاز و بلۆکی گازی سروشتی لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resource, 2013.
http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/gas/gas-pipeline.html . ٢٠٢٢/٧/٢

ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەی یەدەکی گازی زۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی بەشی پێویستی خۆی و هەناردەکردنیش گاز بەرهەم بێنێت، پێویستە هەموو کێڵگە گازییەکانی تر پەرە پێبدات، ئەمەش کۆمەڵێک ئاستەنگی پیشەسازی و ئابوری و سیاسی لەبەردەم دایە، لە هەموو کێڵگە

گازییە سەربەخۆکان تەنها کێڵگەی کۆرۆمۆر گەشتوتە قۆناغی بەرهەمهێنان[(١)]، لە ساڵی ٢٠١٧ توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی گازی سروشتی لەلایەن کۆمپانیای دانا گاز و هاوبەشەکانییەوە ساڵی ٢٠١٦ لە کێڵگەی کۆرمۆر بریتی بووە لە نزیکەی (٣٠٠) ملیون/پێ[٣]، لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرزبوەتەوە بۆ (٤١٨)ملیون/پێ[٣][(٢)]، وەک لە خشتەی (١٥) دیارە.

(خشتەی- ١٥)

بڕی بەرهەمی گازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٦-٢٠٢٠)

| ساڵ | بەرهەمی گاز/ ملیون/پێ[٣] |
|---|---|
| ٢٠١٦ | ٣٠٠ |
| ٢٠١٧ | ٣٣٠ |
| ٢٠١٨ | ٣٠٥ |
| ٢٠١٩ | ٣٣٥ |
| ٢٠٢٠ | ٤١٨ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-https://www.danagas.com/operations/kri ٢٠٢٣/٢/٢

٢-Robin Mills, Under the Mountains: Kurdish Oil and Regional Politics, Oxford Institute for Energy Studies, 2016, p 17.

بەپێی ڕێککەوتنێکی نوێی کۆمپانیای (پێرل پترۆلیۆم-pearl petroleum) لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانای بەرهەمهێنانی گازی سروشتی دەبێت زیاد بکرێت بۆ (٨٣٠) ملیون/پێ[٣] لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا بگاتە (٨٥٠) ملیون پێ[٣] ئەنجا پێداویستی ناوخۆ پڕدەکاتەوە[(٣)]. بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی گازی سروشتی هەرێم ساڵ بەساڵ بەرزبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە جگە لەو ساڵانەی توشی گرفت و ڕێگری ئاسایشی و ئابووری و ڕامیاری بووەتەوە، هەروەها

---

(١)- ناوەندی نالیا بۆ سیاسەتە گشتییەکان (NCPP)، غازی سروشتی کوردستان (بازاڕ و هیوا و مەترسییەکانی)، توێژینەوەی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢، ل١.

(٢) -https://www.danagas.com/operations/kri. ٢٠٢٣/٢/٢

(٣)- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢٢/٥/١٥.

خواست لەسەریشی زیاد دەكات واتە هاوكێشەیەكی ڕاستەوانەیە، پێشبینی دەكرێت داهاتووداشدا ئەم بەرزبوونەوەیە لە بەرهەم و خواست بەردەوام بێت.

حكومەتی هەرێمی كوردستان گرێبەستی لەگەڵ چەندین كۆمپانیای بیانی كردووە بۆ بەرهەمهێنانی گازەكەی، كۆمپانیا توركییەكان لەم گرێبەستانە پشكی شێریان بەردەكەوێت، وەك لە (خشتەی- ١٦) دیارە. لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٥ - ٢٠١٩) وەزارەتی سامانە سروشتییەكان (١٥) گرێبەستی كردووە لەگەڵ كۆمپانیا توركییەكان؛ (٧) لەوانە كێڵگەی گازی سروشتین (سەربەخۆ و هاوەڵ)، بەمەش زۆرینەی كێڵگەكانی گازی سروشتی لە هەرێمی كوردستان كەوتووەتە ژێر هەژموونی كۆمپانیا توركییەكان.

پ- هەناردە و هێڵی بۆری گاز

هەرچەندە هەتا ئێستا گازی حكومەتی هەرێم هەناردە نەكراوە، چونكە هێشتا بەرهەمەكەی ئەوەندە نییە پێویستی ناوخۆ پڕ بكاتەوە، بۆیە هەر كاتێك پێویستی ناوخۆ لە كارەبا و پرۆسەكانی پیشەسازی هاتنە دی، ئەو گازەی دەمێنێتەوە دەنێرێتە بازاڕەكانی دەرەوە لە ڕێگەی هێڵی بۆری و تۆڕی گواستنەوەی گشتگیرەوە، هێڵێكی بۆری (١٧٦)كم-ی، گاز لە كێڵگەی كۆرمۆرەوە دەبات بۆ وێستگەكانی كارەبا لە هەولێر و سلێمانی لەوێشەوە بۆ خورمەڵە دەچێت، هێڵێكی تری (٣٠)كم-ی گاز دەگوازێتەوە لە كێڵگەی سومێلەوە بۆ وێستگەی كارەبای دهۆك كە پێشتر بە گازوایل ئیشی دەكرد، چاوەڕوان دەكرێت گاز بە هۆی هێڵی هەناردەكردنەوە بە هەرێمی كوردستاندا تێپەڕببێت و لە خاڵی سنووری فیشخابوورەوە بگوازرێتەوە بەرەو توركیا[١]، كۆمپانیای ڕۆزنەفتی روسی پلانی هەبوو بۆریەكی گاز دابمەزرێنێت تا گازی كێڵگەكانی كوردەمیر و چەمچەماڵ بگەیەنێتە خورمەڵە (هەولێر) و لەوێوە بۆ توركیا هەناردەی بكات، بەڵام ناسەقامگیرییە سیاسی و داراییەكانی ساڵانی ڕابردوو ڕێگربوو لەم خەونەی ڕۆزنەفت، لە ئێستادا كۆمپانیای كارگرووپی نزیك پارتی دیموكراتی كوردستان گرێبەستی دروستكردنی بۆریەكی گازی هەیە لە چەمچەماڵەوە بۆ دهۆك، كە ئەم بۆرییە گەشتە دهۆك تەنها (٣٥) كیلۆمەتری دەمێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆڕی بۆرییە گازیەكانی توركیا پێكەوە ببەسترێت، لەوێشەوە كۆمپانیای بۆتاشی توركی هێڵی بۆری هێناوەتە سەر سنوری هەرێمی كوردستان و ئامادەن بۆ كڕین و گواستنەوەی گازەكە لە سنوورەوە، تەنها چاوەڕێی حكومەتی هەرێمن لای خۆیەوە كارەكان تەواو بكات[٢].

---

(١)- Kurdistan Regional Government, Ministry of Natural Resources. https://gov.krd/mnr-en/publications/gas/. ٢٠٢٢ /٧ /٥

(٢)- ناوەندی نالیا بۆ سیاسەتە گشتییەكان (NCPP)، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(خشتەی- ١٦)

پشکی کۆمپانیا تورکییەکان لە کێڵگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان

| ژ | کۆمپانیا | کێڵگە | پارێزگا | پشکی کۆمپانیا | قۆناغ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەنەڵ ئێنەرجی (Genel Energy) | تەقتەق | هەولێر | ٤٤ | پەرەپێدان |
| ٢ | گەنەڵ ئێنەرجی (Energy Genel) | بنەباوێ | هەولێر | ١٠٠ | پەرەپێدان |
| ٣ | گەنەڵ ئێنەرجی (Energy Genel) | میران | سلێمانی | ١٠٠ | پەرەپێدان |
| ٤ | گەنەڵ ئێنەرجی (Energy Genel) | کودەمیر | سلێمانی (گەرمیان) | ٤٠ | پەرەپێدان |
| ٥ | پیت ئۆیل (pet oil) | پوڵخانە | سلێمانی (گەرمیان) | ٢٠ | پەرەپێدان |
| ٦ | گەنەڵ ئێنەرجی (Energy Genel) | گازی دهۆک | دهۆک | ٤٠ | پەرەپێدان |
| ٧ | گەنەڵ ئێنەرجی (Genel Energy) | تاوگێ | دهۆک | ٢٥ | پەرەپێدان |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- یادگار عبدالله علی، بایەخی جیوپۆلۆتیکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی ٤، ژ ١، ٢٠٢١، ل١١.

٢- هێمن احمد شریف، گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە، ٢٠٢٢، ل٦٠-٦٢.

# بەشی سێیەم

## ئاسۆی پەیوەندییەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم

### باسی یەکەم: ئاسۆی پەیوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا

### باسی دووەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆی ئایندەی

#### تەوەری یەکەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

#### تەوەری دووەم: ئاسۆی ئایندەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان

**بەشی سێیەم: ئاسۆی پەیوەندییەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم**

لەم بەشەدا تیشک دەخرێتە سەر ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ڕەهەندی ئەمنی و ئابووری و سیاسییەوە وە پاشان وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆی ئایندەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێم بە دوو سیناریۆ دەخرێتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە دابەش دەبێت بەسەر دوو باسدا:-

**باسی یەکەم: ئاسۆی پەیوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا**

هەرێمی کوردستان لە چەندین ڕوانگەوە پێگەیەکی دەگمەن و ستراتیجی هەیە بۆ دۆخی جیوپۆلەتیکی ئێستا و داهاتووی تورکیا، بەبێ سامانی سروشتی هەرێم تورکیا ناتوانێت لە گەشەکردن بەردەوام بێت، بە بێ بازاڕی کۆنترۆڵکراوی هەرێم ئابووری تورکیا بێهێز دەبێت؛ بەبێ پەیوەندی لەگەڵ هەرێم کێشەی بێکاری لە ناوچە کوردییەکانی زیاتر دەبێت و پەکەکە چالاکی زیاتر دەبێت، کەواتە هەرێم بۆ تورکیا ئەو دەرفەتەیە کە تورکیا لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێز دەکات، ئەگەر جاران مەترسی تورکیا لەوە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا ڕەنگە ببێتە هۆی دابەشکردنی تورکیا(١)، ئەوا لە داهاتوودا ترسەکە جودایە، بەوەی ئەم دەستکەوتانەی ئێستا هەیەتی لەم پەیوەندییەی لەگەڵ هەرێمدا لە کیسی بچێت.

چەند هۆکارێک کاریگەری هەبووە لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بەم پارچەیەی کوردستان، لە داهاتووشدا ئەو هۆکارانە ئاسۆی پەیوەندییەکانیان دیاری دەکات گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:-

**١- هۆکاری ئەمنی (پەکەکە):**

هۆکاری ئەمنی لای تورکیا هێڵی سوورە، چونکە بەبێ ئارامی و ئاسایش بەرژەوەندیەکانی لە هەرێم و ناوچەکە دەکەونە مەترسییەوە، لەم پێناوەشدا هەموو هێز و کارتێکی فشار و دیبلۆماسییەتی خۆی بەکار دەهێنێ بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی پەکەکە و چەندین ساڵە هەوڵی لەناوبردنی دەدات؛ هەرچەندە لە قۆناغی پرۆسەی ئاشتی پارتی داد و گەشەپێدان گەشتە ئەو بڕوایەی ڕێگە چارەی ئاشتی بگرێتە بەر، بەڵام کە درکی کرد بە زیانی خواستە فراوانخوازیەکانی دەشکێتەوە و سەقفی داواکاریەکانی کورد لە ماف و ئازادی زیاتر دەکات لە ناخۆی تورکیا، سەرباری ئەوەش بۆ ڕازیکردنی پارتی نەتەوە پەرست (مەهەپە (MHP))ی

---

(١)- سەردار عەزیز، تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەک؟، چ١، ژووری توێژینەوەی ڕامیاری بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢١٠.

هاوپەیمانی، دیسان ڕێگە چارەی سەربازی گرتە بەر لەگەڵ پەکەکە؛ بۆیە بەهۆی هاوپەیمانی پارتی داد و گەشەپێدان و مەهەپە (MHP) زەحمەتە لە سایەی ئەم هاوپەیمانیەتییەی ئێستا ئاشتی بەرقەرار بێت، دوورنییە بەنەمانی هاوپەیمانیەتییەکە یان هاتنەسەرکاری پارتەکانی ئۆپۆزسیون، بەتایبەت جەهەپە (CHP) هاوکێیشەکە بگۆڕدرێ و چارەسەری ئاشتییانە زاڵ بێتەوە[1].

بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا، کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا مەترسی ئەمنی بۆ دروست دەکات، پەکەکە دەتوانێت هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی لەدژی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بەکار بهێنێت، تورکیا بۆ ئەوەی نەهێڵێت پەکەکە لە هەرێمی کوردستانەوە هێرش بکاتە سەری، پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، لەڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە کەمکردنەوەی مەترسییە ئەمنییەکانی پەکەکە و سنووردار کردنی چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستان؛ ئەمە جگە لەوەی کە چەند جارێک پارتی و یەکێتی ناچارکردووە کە هاوکاری دەزگای هەواڵگری و سوپای تورکیا لە دژی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بکەن[2]؛ هەروەها بە جێگیربوونی پەکەکە لەنێو خاکی هەرێم و ناوچە سنوورییەکان سەرباری ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی تورکیا دروست دەکات، هاوکات کاریگەری لەسەر پەیوەندییە ئابووری و ڕامیارییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم دەبێت[3]؛ بەردەوامبوونی ئەم ململانێ بێکۆتاییەی تورکیا و پەکەکە چەندەها هێرشی فراوانی بە خۆیەوە بینیوە و لە یەکلای نەکردنەوەشی، هەرێمی کوردستان تیایدا زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت؛ توکیا بۆ سەرکەوتنی لە داگیرکردنی ناوچەکە و نەهێشتنی چەکدارانی پەکەکە تێیدا هەوڵی دروستکردنی پشتینەیەکی ئاسایش بە قوڵایی (٢٠-٤٠)کم دەدات[4]، بۆ ئەمەش پێویستی بە هاوکاری حکومەتی هەرێم بەتایبەت (پ.د.ک) دەبێت، پارتی زۆر قەڵسە بە خەباتی چەکداری پەکەکە و بوونی چالاکی و بوونی سەربازی پەکەکە لە بەشێک لەناوچە سنوورییەکانی زۆنی زەرد بەتایبەت لە ناوچەکانی بادینان، ناتوانێت بە هێزی چەکداری ململانێی لەگەڵ بکات، بۆیە باشترین بژاردە لەبەردەمی هەماهەنگیە لەگەڵ ئەنقەرە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە تورکیا بیکات پارتی لێی سودمەند بێت، لەبەر ئەوە هەماهەنگی و نەرمی نواندن لەگەڵ تورکیا زۆر ئەهوەنترە لەوەی چوونە جەنگێکی

---

(١)- یوسف گۆران و ئەوانی تر، جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٦، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٧.

(٢)- قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم: ئایندەی پەیوەندیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٣)- سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

٤- یوسف گۆران و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

ڕاستەخۆی سەربازییەوە لەگەڵ پەکەکە[1]، لەم ڕووەشەوە تورکیا تا ئاستێکی زۆر پشتی بەستووە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر زیاتر لە فاکتەرێک لەوانە[2]:-

١- لەبەر ئەوەی پارتی و پەکەکە مێژوویەکی درێژی ناکۆکی ڕامیارییان هەیە لەگەڵ یەکتر.

٢- جومگە سەرەکییەکانی بڕیاردان لە حکومەتی هەرێم لەبەردەستی پارتیدان.

٣- پارتی هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا بە جۆرێک بەبێ هەماهەنگی پارتی لەگەڵ تورکیا ئەستەمە سنوورەکانی تورکیا ئارامی ببینن.

تورکیا وایدەبینێت پەیوەندی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی خۆی تا ئاستێکی باش کاریگەرە بە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، کە مەبەستی ئەوەیە کێشەی کورد لە تورکیادا لە پەکەکە جیابکاتەوە و بڵێت تورکیا دژی کورد نییە بەڵکو دژی پەکەکەیە، لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت پەیامێک بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پەکەکە نوێنەرایەتی کێشەی کورد ناکات لە تورکیا، مەبەستییەتی سەرکردایەتی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا لەدەست قەندیل دەربهێنێت و بیداتە دەست هەولێر[3].

ئەگەر هەرێمی کوردستان هاوکاری لۆجستی تورکیا بکات لەسەر پرسی پەکەکە، چاوپۆشی بکات لە هاتنەناوەوە و سنوربەزاندنەکانی تورکیا چ وەک ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئاسمانی یان دامەزراندنی بنکەی سەربازی یان وەک پێدانی زانیاری لەسەر جموجۆڵ و دەستنیشانکردنی شوێنەکانیان، ڕێگەدان بە دەزگای هەواڵگری تورکی (M.I.T) ڕەدوی لایەنگرانی پەکەکە بکەوێت، هەروەها ئەو حیزبە بە مەترسی بزانێت لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە بەرەی تورکیا بێت دژی پەکەکە و ئێران ئەوا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە توندوتۆڵی و بەهێزی دەمێنێتەوە؛ بەڵام بە پێچەوانەوە حکومەتی هەرێم پەکەکە بە حیزبێکی خەباتگێڕی نەتەوەی کورد بناسێنێت و یارمەتیدەر و هاوکاری بێت لە ڕووی سەربازی و ڕێگە بدات لە هەرێمی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی هەبێت و چالاکی مەدەنی ئەنجام بدات لە دژی تورکیا، لەبری دژایەتی پەکەکە و پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان دژایەتی تورکیا بکات لە هەمبەر پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق، لەگەڵ عێراق هاوهەڵوێست بن بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا لەڕێی فشاری ناوخۆی بێت یان پەنابردن بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا سکاڵاکردن لە مانەوەی ئەو هێزانە لەناو خاکی

---

١- فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەژموونی داگیرکاری تورکیا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ئاپاری ٢٠١٨، ل٩.

٢- زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.

هەرێم، بە نایاسـایی ناسـاندنی بنکە و بارەگاکـانی تورکیـا بە بیـانووی هەبـوونی پەکەکە، بەوەی پرسی پەکەکە بە پرسێکی ناوخۆی تورکیا لەقەڵەم بدات و پشـتگیری ئەو حیزبە بکات لە هەرێمی کوردستان وەک لایەنێکی ئۆپۆزسـیونی تورکیـا، لەگەڵ ئەوەشـدا پاڵپشـتی لە دەسـەڵاتی خۆسـەری ڕۆژئاوا بکات، لە بەرەی پەکەکە و ئێراندا بێت لە دژی تورکیا ئەوا پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا بە بارێکی گرژی و ئاڵۆزیدا هەنگاو دەنێت، دوور نییە پەلامـاری ئەم قەوارەیە نەدات گەر ڕێگری نێودەوڵەتی نەبێت.

**٢- هۆکاری وزە و ئابووری**

لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە نەوت بوو بە بەشێک لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا، هۆکاری ئەم بایەخەی تورکیا بە وزە لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکیا وڵاتێکی بەکاربەری وزەیە و لە لایەکی ترەوە ئەیەوێت لە ڕێگەی بەیەکگەیاندنی فرۆشیار و کڕیارەکانی وزە پێگەی خۆی لەناوچەکە بەهێز بکات(١)؛ تورکیا گەشەکردنێکی خێرای بە خۆیەوە بینی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٧) هاتە ڕیزبەندی ئەو بیست وڵاتەی خاوەن ئابووری گەورەن لەسەر ئاستی جیهان، یەدەگی نەوتی تورکیا لە ساڵی (٢٠١٨)دا بە (٣٦٦) ملیۆن بەرمیل خەمڵێنراوە، بە پێی ڕێژەی بەکارهێنانی ساڵانەی پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ١٨ ساڵدا بە کۆتا بێت و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕێژەی هاوردەی نەوتی بریتی بووە لە (٩١,٢%)، واتە (٨,٨%) لە پێویستی خۆی بەرهەم هێناوە، هەروەها بە گوێرەی ئەو دیاریکردنەی گازی سروشتی لە ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی یەدەگی دەگاتە (١٣٤,١٩) ملیار پێ[٣]، بە گوێرەی بەکارهێنانی ڕێژەی ساڵانەی ناوخۆ پێشبینی دەکرێت لەماوەی ٩ ساڵدا بە کۆتا بێت، بۆ دابینکردنی گازی سروشتی (٩٨,٩%) پشت بە دەرەوە دەبەستی، لە کاتێکدا بۆ خۆی دەتوانێ (١,١%)ی گازی سروشتی بەرهەم بهێنێت(٢)، لەبەرئەوەی تورکیا وڵاتێکی هەژارە لە سەرچاوەی گەرمە وزە و نەوت و گازی بەشی پێداویستییە ناوخۆییەکانی ناکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستای عێراق ڕێژەیەکی زۆر یەدەکی نەوت و گازی سروشتی بوونی هەیە، بەمەرجی هەبوونی پەیوەندی ڕامیاری و ئابووری پتەو لەنێوان هەولێر و ئەنقەرە، تورکیا دەتوانێت هەم پێداویستییە ناوخۆیەکانی پێ دابین بکات، هەم بەمەبەستی سوودی ئابووری و

(١)- قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم، ئایندەی پەیوەندیەکان سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٢.

(٢)- زلفو داغدەڤیرەن، پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق، و. ڕەنجە عەبدوڵا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ١٢، ئازاری ٢٠٢٢، سلێمانی، ل٦٩.

بازرگانی کەڵک لەو سەرچاوانە وەربگریێت[١]، ئەم فاکتەرە زیاتر دوای وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هاتە پێشەوە واتە لە نێوان سالانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧)، کە گرنگی خۆی لە دیدگای قوڵای ستراتیجی داود ئۆغڵو وەردەگرت، تایبەت بوو بە ڕوانینی ئیمپراتۆریانە بۆ پەیوەندی تورکیا و دەوروبەر[٢]؛ ئەحمەد داود ئۆغڵو لە بڕوایە دایە کە زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان لەسەر سنوورەکان بە تەنها ناتوانن ئاسایشی سنوورەکان بپارێزن، بەڵکو بوونی پەیوەندیەکی بازرگانی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەشداری دەکات لە بەهێزبوونی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان؛ بەمەش تورکیا دەیەوێ لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی کار بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی بدۆزێتەوە بە تێچوویەکی کەمیش بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی وزە پڕ بکاتەوە؛ هەرێمی کوردستانیش بکات بە بژاردەیەکی تر لەگەڵ ڕووسیا و ئێران کە دابینکەری وزەی تورکیان، تورکیا دەیەوێ لە ڕێگەی پەیوەندی ئابوورییەوە پەیوەندییە ئەمنی و ڕامیارییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا باشتر و بەهێزتر بکات[٣]. سەرەڕای ئەوەی لەم پەیوەندیەدا قازانجێکی زۆری ئابووری و سەرمایەگوزاری دەکات دەتوانێت ببێتە پرد بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا، هەروەک خۆشی سودمەند دەبێت لە ڕێژەیەک لە ئەو گاز و نەوتەی بەخاکەکەیدا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا تورکیا لە ڕێگەیەکی دوورەوە سوتەمەنی دەکڕێ، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێت ئەو پێداویستییانە لە هەرێمی کوردستان بکڕێت، تورکیا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، هەر بۆیە گەشەکردنی پەیوەندیەکانی لە کەرتی وزەدا هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز و ئاماژەی گرنگە[٤]، هیوا و چاوەڕوانییەکانی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ئەوەیە، لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراقدا بەهێز بێت، دەیەوێت بونیادە ئابووریەکە لەکاتی قەیراندا کەمترین زیانی بەرکەوێت و نەڕوخێت، بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی زیادکردنی داهاتەکەی دەدات و دەیەوێت لە سایەی ئەمەوە دەستی لە هاوکێشە و ململانێ ڕامیارییەکان بەهێز بێت؛ خواستی زیادکردنی پەیوەندی وزەی نێوان تورکیا و هەرێمی

---

(١)- پەروێز ڕەحیم قادر و نەجات عەلی صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

(٢)- زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

(٣)- قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم: ئایندەی پەیوەندیەکان سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٢

(٤)- شوان تاڤینگ، پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردستان زەرورەتێکی مێژووی، گۆڤاری تورکیاناسی، ساڵی یەکەم، ژ١، کانونی یەکەمی ٢٠٠٩، ل٣.

کوردستان لەم چواچیوە شێوەی گرتووە[1]؛ لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا مەحاڵە کارێکی وەها بکات کە سەرەپا پێداویستییەکانی لە تەنها یەک سەرچاوەوە وەرگرێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و ڕامیاری، ئەگەر بێتو کارێکی وەها ڕووبدات ئەوا تورکیا دەبێت بەتەواوی لە ڕووی ئاسایشەوە لە کوردستان دڵنیا بێت، ئەم خواستە بۆ تورکیا بە ئاسانی فەراهەم نابێت چونکە یاریکەری تر هەن لە ناوچەکەدا[2]، هەروەها پشتبەستنی تورکیا بە کوردستان وەک تاکە سەرچاوەی دابینکردنی وزە ئەوا دووری دەخاتەوە لە بەشەکانی تری عێراق، ئەمەش پێشهاتێکە تورکیا نایەوێت ڕووبدات[3]، ئەمە جگە لەوەی تورکیا نایەوێ ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە لەلایەن هەرێمەوە بقۆزرێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ سەربەخۆی؛ هەر وەک لێکۆڵەری ئەمریکی هێنری بارکی لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی حورپەتی تورکی دەڵێ "ئەگەر هاتوو ڕۆژێک شەڕی کورد و عەرەب ڕوویدا، ئەگەر شەڕەکە لەسەر نەوت بوو ئەوا تورکیا لایەنگری هەولێر دەبێت، ئەگەر هاتوو شەڕەکە لەسەر کێشەی ئیتنی بوو ئەوا تورکیا لایەنی عەرەب دەگرێت بەڵام بە شێوەیەکی لاواز[4]".

لە سۆنگەی فاکتەری ئابوورییەوە ئەگەر جارێک حکومەتی هەرێم لە تورکیا سودمەند بێت تورکیا چەندین جار لە هەرێمی کورستان سودمەند دەبێت، جارێک وەک دابینکەری وزە بۆ پێداویستی ناوخۆی وڵات و وەک پردیش بۆ گەیاندنی سەرچاوەی نەوت و گاز بە وڵاتانی ئەوروپا، جارێک وەک بازاڕێک بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەلەکانی و خستنەگەڕی کۆمپانیاکانی لە هەرێمی کوردستان بەمەش ئەو داهاتەی کە هەرێمی کوردستان لەو سامانە سروشتییە دەستی کەتووە دیسانەوە دەگەڕێتەوە تورکیا، بۆیە پەیوەندی نێوانیان بەردەوام دەبێت و پەرەدەسێنێت ئەگەر بێتو حکومەتی ناوەندی عێراق کێشەی ناسایبوونی فرۆشتنی نەوت گاز بۆ هەرێم دروست نەکات و بگەنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ هەرێمی کوردستان سکاڵاکانی بکشێنێتەوە دژی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان ئەنجامی داوە، بەڵام لە حاڵەتی سووربوونی حکومەتی عێراق لەسەر ئەم دۆسیە و بردنەوەی بە ڕادەستکردنەوەی دۆسیەی نەوت و گازی هەرێم، ئەو کات ئاراستەیەکی ئەم پەیوەندییە ئابوورییانەی تورکیا لە حکومەتی هەرێمەوە بەرەو حکومەتی عێراق دەگۆڕێت.

---

(١)- زولفو داغدەڤیرەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٢)- سەردار عەزیز، تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندیەک ؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

(٣)- هەمان سەرچاوە، ل٢٢١.

(٤)- سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە کوردستان، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، ٢٠١٣، ل١١.

سەبارەت بە بازرگانی کە تا ئێستا دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تاکە ڕێڕەوی وشکانییە بۆ گواستنەوەی ئەو شمەک و کالایانەی لە تورکیاوە بۆ هەموو عێراق دێت کە لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمە سالانە قەبارەی ئالوگۆڕ تێیدا زیاد دەکات و داهاتێکی زۆری لێبەدەست دەخرێت؛ بە کردنەوەی خالی سنووری ئۆڤاکۆی لە زۆر ڕووەوە کاریگەری دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتری پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو ولات، جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە لەچەندین لاوە قازانجی هەیە و دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەردوو ولات، بە پێی ئەو پلانەی دایانناوە دەبێتە دەروازەیەکی سنووری نوێ لە ژێر دەستی حکومەتی عێراقدا، بەلام جێبەجێکردنی کارێکی ئاسان نییە کۆمەلێک ڕێکاری قورسی پێویستە[١]، لەکاتی ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان تورکیا و عێراق ئەم پرۆژەیان خستەبەر باس گەر جێبەجێ بکرێت لە داهاتوودا ئەوا بە زیانی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە، ئەو سەنگە بازرگانییەی هەیەتی لەنێوان تورکیا و عێراق بەم شێوەیە نامێنێتەوە چیتر وەک تاکە ڕێڕەوی بازرگانی بەڕێگەی وشکانی لەنێوان ئەو دوو ولاتە نامێنێتەوە، بەلکو دەرگایەکی تری پەیوەندی بازرگانی بە ڕووی هەردوو ولات دەکرێتەوە بەدەر لە هەرێمی کوردستان.

### ٣- هۆکاری ڕامیاری

سەرەڕای باشی پەیوەندی نێوان ئێران و تورکیا لە هەموو ئاستەکاندا، کێبڕکێی بەهێز لە نێوان هەردوو ولاتدا هەیە لەسەر عێراق، هەروەها هەژمونی ئێران لە عێراقدا کە تورکیا بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەیبینێت، پێویستی بە هەژموون و کاریگەی خۆی لە عێراق هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، تا هەنوکە نە تورکمانەکان و نە سونەکانی عێراق نەیانتوانیوە ببینە بە دیلی هەرێمی کوردستان؛ تورکمانەکان بە هۆی کەمی ڕێژە و نەبوونی کاریگەریان لە پرۆسەی ڕامیاری عێراقدا و سونەکانیش بەهۆی پەرتەوازەی نەبوونی مەرجەعێک بتوانێت لەژێر چەترێکدا کۆیان کاتەوە تا تورکیا بتوانێت وەک هاوپەیمانێک لە ململانێی شیعەکاندا لە عێراقدا پشتی پێ ببەستێت، بەلام هەرێمی کوردستان بەتایبەت (پ.د.ک) سەرەڕای بیروڕای جیاوازیان، کە ناوبەناو بووەتە هۆی ساردبوونەوە و بچڕانی پەیوەندیان بەشێوەیەکی کاتی لە هەندێک پرسدا لەوانە

---

(١)- فاتیح مەسلو، پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە چوارچێوەی خالی سنووری ئۆڤاکۆی، و. هێمن محەمەد قادر، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٢، تەموزی ٢٠٢٠، ل٦-٧.

پرسی نەتەوایەتی، بەڵام بە باشترین بژاردەی تورکیا بووە بۆ بەدیهێنانی خواستە ڕامیاری و ئابووری و ئەمنییەکانی لە عێراقدا.

پەیوەندی قەیراناوی نێوان تورکیا و عێراق بەهۆی ململانێی هەرێمی بەتایبەت ناکۆکییەکان سەبارەت بە شۆڕشی سووریا، هەروەها ململانێ و کێشە تائیفییەکان، کە تورکیا تێدا پشتیوانی سونەکان دەکات وایکرد حکومەتی ئۆردۆغان پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پتەو بکات وەکو ڕێگەیەک بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق[1]، جگە لەوەش پەیوەندی بەهێز و هاوپەیمانییەتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لەڕێگەی چەندین ڕێککەوتننامەوە بە سودی هەردوولا، دەتوانێت کاریگەری لەسەر چارەسەری مەسەلەی کوردیش دابنێت لە تورکیا، کەساڵانێکی زۆرە ئەو وڵاتە بە دەستییەوە دەناڵێنێت، بەڵام گەورەترین نیگەرانی تورکیا ئەوەیە کوردەکانی باکوور جیاببنەوە یاخود هەرێمی کوردستان سەربەخۆی ڕاگەیاند دوای ماوەیەک داوای خاکی کوردستان بکاتەوە لە تورکیا[2]. تورکیا نە لەگەڵ عێراقێکی بەهێزدایە بەهێزدایە شیعە دەسەڵاتی ڕەهای تێدا هەبێت وە نە لەگەڵ بەهێزی هەرێمی کوردستانە لە داهاتوودا کە بەرەو سەربەخۆی هەنگاو بنێت؛ پرۆسەی گەشەسەندن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بەرەو دەوڵەتبوون کاریگەری لەسەر دانیشتوانی کورد لە تورکیا دەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیەی ئەم دەسەڵاتە خۆجێیە دەتوانێت لە ئایندەدا کوردی باکوور یان ڕۆژئاوا بە خۆیەوە گرێبدات، لە لایەکی ترەوە تورکیا لە ڕێگای بەکارهێنانی فەکتەرەکانی هێزی ئابووری و پەیوەندی مێژوویی هاوبەشەوە، دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا ئەم دەسەڵاتە خۆجێییە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەم قەوارەیە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی ڕۆژانەی لەڕێگای دەوڵەتێکی هەناردەکاری وەک تورکیاوە دابین دەکات، لەهەمان کاتدا یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ کردنەوەی دەرگای بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بە ڕووی سەرچاوەکانی وزەی بەرهەمهێنراویدا بریتییە لەدەروازەکانی تورکیا، ئەم پەیوەستبوونە هۆکاریکی کاریگەر دەبێت لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ یەکگرتن لەگەڵ تورکیادا، دەبێت ئەو ڕووداوانەش لەبەرچاو بگیرێن کە ڕەنگە لە ئایندەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی تورکیا ڕووبدەن، لەوانە: گۆرانی هاوسەنگیی هێز، گەر بێتو هەرێمی کورردستان؛ کەرکووک بخاتە سەر قەڵەمڕەوی

---

(١)- خورشید دلی، گۆڤاری دۆسەی تورکیا، داعش و نەوت لەستراتیجی تورکیا لەناوچەکەدا، ژ١٠، ئەیلولی ٢٠١٤، ل٥٧-٥٨.

(٢)- زریان ڕۆژهەڵاتی، ڕۆڵی فاکتەری وزە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژ٦، ئابی ٢٠٠٧، ل٣١.

ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت دایبمەزرێنێت، یاخود دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دۆخی پارچە پارچە بوونی ئەو وڵاتەدا، ئەم دەسەڵاتە لە ئەگەری دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئیسرائیل یان لە ڕێگای کردنەوەی ڕێڕەویکەوە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، دەرفەتی کرانەوەی بە ڕووی دونیادا بۆ دەڕەخسیت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و نزیکبوونەوەی زیاتری لە ئیسرائیل، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیریت گەر بێتو ئەم دەوڵەتە بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئیسرایل، ئەوا هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئاوەژوو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی زیاتر لە ئاییندەدا[1].

**باسی دووەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و ئاسۆی ئاییندەی**

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا پاشان ئاسۆی ئاییندەی ئەم کەرتە لە دوو سیناریۆدا ڕوون دەکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە دابەشی دوو تەوەر کراوە:-

**تەوەری یەکەم: وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان**

زیاتر لە (٢٠) وڵاتی بیانی وەبەرهێنانیان لە کەرتەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بە بڕی جیاواز لە ژمارەی پرۆژە و قەبارەی سەرمایەی بەگەڕخراویان، تورکیا بە پلەی یەکەم دێت لە نێو دەوڵەتانی وەبەرهێن لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی ژمارەی پرۆژەوە، بە جۆرێک ژمارەی پرۆژەکانی بە سەربەخۆ و هاوبەشەوە (٢٢) پرۆژەیە؛ لەڕووی سەرمایەی بەگەڕخراویشەوە بە شێوەی سەربەخۆ لە دوای دەوڵەتی ئیماراتەوە بە پلەی دووەم دێت، وەبەرهێنانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەرێمدا لە ساڵی ٢٠٠٩ دەست پێدەکات تاوەکو ٢٠١٥، دوای ئەوە حکومەتی هەرێم توشی قەیرانی دارایی و ناسەقامگیری ئەمنی و سیاسی و ئابووری بوویەوە و ژینگەی وەبەرهێنان تێکچوو، پرۆژەکان ڕووی لە وەستان کرد.

لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥) زۆترین پرۆژەی وەبەرهێنان لە لایەن تورکیاوە لە ساڵی ٢٠١١ بووە، کە (٥) پرۆژەی ئەنجام داوە و کەمترین پرۆژەشی لە ساڵی ٢٠١٥ بووە، کە تەنها (١) پرۆژە بووە، سەبارەت بە سەرمایەی تورکیا لە بواری وەبەرهێناندا لەماوەی ساڵانی ناوبراودا لە هەرێمی کوردستان (١,٢٣٢,٧١٦,٦٧٣) دۆلار بووە، زۆرترین گوژمەی سەرمایەی تەرخانکراو لە ساڵی ٢٠١٢ بووە، کە (٢٦٥,٣٤٦,٦١٠) دۆلارە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢١%) کۆی سەرمایەی تورکیا

---

(١)- محەمەد بۆرا سان یورەک، سیاسەتی کاراکتەرە نێودەوڵەتی هەرێمایەتییەکان بەرامبەر هەرێمی کوردستان، و. هێمن محەمەد قادر، گۆڤاری ئاییندەناسی، ژ١، ئایاری ٢٠٢٠، ل٧٩.

له سەرجەم ساڵەکانی وەبەرهێنانی، کەمترین گوژمەش ساڵی ٢٠١٥ بووە تەنها بڕی (٣,٥٤٧,٧٠٠) دۆلار سەرمایەی بەگەڕ خستووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٠,٢٨%) سەرجەمی سەرمایەی ساڵەکان، وەک لە (خشتەی- ١٧) خراوەتە ڕوو؛ هۆی ئەمەش بۆ داگیرکردنی بەشێکی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن داعشەوە دەگەڕێتەوە، سەرەڕای قەیرانی دارایی هەرێم ئەمەش دیسانەوە تێکچوونی ژینگەی وەبەرهێنانی لێکەوتەوە.

(خشتەی- ١٧)

ژمارەی پرۆژە و بڕی سەرمایەی بەگەڕخراوی تورکیا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥)

| ساڵ | پارێزگا | ژ. پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | بەپێی سەرمایە% |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | هەولێر | ٢ | ٨٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٥٠ | ٦,٨٩ |
| ٢٠١٠ | هەولێر | ١ | ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٤٥,٦٢ | ١٢,١٦ |
| ٢٠١٠ | دهۆک | ١ | ٥٥٧,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٣٨,٧ | ٤٥,١٨ |
| ٢٠١١ | هەولێر | ٢ | ٨١,٧١١,٥٣٠ | ٥٢ | ٦,٦٢ |
| | دهۆک | ٣ | ٣٠,٠٦٥,٢٦٠ | ٦٨,٦٤ | ٢,٤٣ |
| ٢٠١٢ | هەولێر | ٢ | ٢٦٥,٣٤٦,٦١٠ | ١٩١ | ٢١,٥٢ |
| ٢٠١٣ | هەولێر | ٢ | ٣٣,٩٩٨,٢٠٠ | ٣,٠٢ | ٢,٧٥ |
| ٢٠١٤ | هەولێر | ١ | ٢٥,٤٣٠,١٧٤ | ٢٠ | ٢,٠٦٢ |
| | دهۆک | ١ | ٦١٧,١٩٩ | ٢,٤ | ٠,٠٥ |
| ٢٠١٥ | هەولێر | ١ | ٣,٥٤٧,٧٠٠ | ٨ | ٠,٢٨ |
| کۆ | هەولێر | ١١ | ٦٤٥,٠٣٤,٢١٤ | ٨٦٩,٦٤ | ٥٢,٣٢ |
| | دهۆک | ٥ | ٥٨٧,٦٨٢,٤٥٩ | ٥٠٩,٧٤ | ٤٧,٦٧ |
| | هەرێمی کوردستان | ١٦ | ١,٢٣٢,٧١٦,٦٧٣ | ١٣٧٩,٣٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

لەماوەی ساڵانی وەبەرهێنانی تورکیا لە ناوچەی توێژینەوە (١٦) پرۆژەی وەبەرهێنان بەشێوەی سەربەخۆ ئەنجامداوە بە بڕی (١,٢٣٢,٧١٦,٦٧٣) دۆلار، (١١) پرۆژەیان لە شاری هەولێر بووە لەسەر ڕووبەری (٨٦٩,٦٤) دۆنم، بە بڕی سەرمایەی (٦٤٥,٠٣٤,٢١٤) دۆلار، (٥) پرۆژەیان لە شاری دهۆک بووە لەسەر ڕووبەری (٥٠٩,٧٤) دۆنم بە بڕی سەرمایەی (٥٨٧,٦٨٢,٤٥٩) دۆلار؛ بەڵام پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی سەربەخۆی تورکیای تێدا

ئەنجام نەدراوە، بەهۆی ئەو دابەشبوونە کارگێڕی و ڕامیارییەی لە حکومەتی هەرێمدا هەیە، ئەو ناوچانە جێی هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەو دوو پارێزگایە زیاتر لەلایەن ئەو وڵاتەوە کراوە، واتە دابەشبوونی پەیوەندییە ڕامیارییەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر هەردوو وڵاتی دراوسێ ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانیش، هەر بۆیە (٥٢,٣٣%)ی کۆی سەرمایەی بەگەڕخراوی تورکیا بەشێوەی وەبەرهێنانی سەربەخۆ بەر پارێزگای هەولێر و (٤٧,٦٧ %) بەر پارێزگای دهۆک کەوتووە. وەک لە (نەخشەی -١٣) دیارە.

(نەخشەی-١٣)

ڕێژەی سەرمایەی بەگەڕخراوی تورکیا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: (خشتەی- ١٧).

سەبارەت بە وەبەرهێنانی هاوبەشی تورکیا و عیراق (٦) پرۆژەی وەبەرهێنانیان لە ناوچەی توێژینەوە ئەنجامداوە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٦)، بە بڕی سەرمایەی (٢٥١,٤٥٠,٥٢٠) دۆلار، لەسەر ڕووبەری (٦١٧,٦٢) دۆنم، وەک لە (خشتەی-١٨) دیارە. سەرجەمی ئەم پرۆژە

هاوبەشانەش دەکەونە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکەوە، لەمەوە دەردەکەوێت تەنانەت لە پرۆژە هاوبەشەکانیشدا تورکیا هەر لەو دوو پارێزگایە هەنگاوی ناوە و تێپەڕی نەکردووە بە ئاراستەی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونە کارگێڕی و ڕامیارییەی حکومەتی هەرێم بەسەر هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێراندا، هەر یەکێکیان جێ هەژموونی خۆی لە بەشێکی هەرێمی کوردستان قایم کردووە.

(خشتەی- ١٨)

ژمارەی پرۆژە و بڕی سەرمایەی بەگەڕخراوی هاوبەشی (تورکیا-عێراق) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٦)

| ساڵ | پارێزگا | ژ. پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | ڕەگەزی وەبەرهێن | بەپێی سەرمایە% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٨ | هەولێر | ١ | ٨٤,٦٣٤,٥٠٧ | ٢٧,٥٥ | تورکیا-عێراق | ٣٣,٧ |
| ٢٠٠٩ | دهۆک | ١ | ٥٤,٠١٦,٠١٣ | ٥٠٠ | تورکیا-عێراق | ٢١,٥ |
| ٢٠١٠ | دهۆک | ١ | ٩,٠٥٠,٠٠٠ | ٥,٧ | تورکیا-عێراق | ٣,٦ |
| ٢٠١١ | دهۆک | ١ | ٢,٠٠٠,٠٠٠ | ٢,٣٢ | تورکیا-عێراق | ٠,٨ |
| ٢٠١٤ | هەولێر | ١ | ١,٧٥٠,٠٠٠ | ٠,٨ | تورکیا-عێراق | ٠,٧ |
| ٢٠١٦ | دهۆک | ١ | ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٨١,٢٥ | تورکیا-عێراق | ٣٩,٧٧ |
| کۆ | هەولێر | ٢ | ٨٦,٣٨٤,٥٠٧ | ٢٨,٣٥ | تورکیا-عێراق | ٣٤,٣٦ |
| | دهۆک | ٤ | ١٦٥,٠٦٦,٠١٣ | ٥٨٩,٢٧ | تورکیا-عێراق | ٦٥,٦٤ |
| | هەرێمی کوردستان | ٦ | ٢٥١,٤٥٠,٥٢٠ | ٦١٧,٦٢ | تورکیا-عێراق | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

لە کۆی گشتی پرۆژە هاوبەشەکان (٤) پرۆژەیان دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە، لەسەر ڕووبەری (٥٨٩,٢٧) دۆنم و بڕی سەرمایەی (١٦٥,٠٦٦,٠١٣) دۆلاری تێدا خەرج کراوە، بەڵام پارێزگای هەولێر (٢) پرۆژەی بە بڕی سەرمایەی (٨٦,٣٨٤,٥٠٧) دۆلار، لەسەر ڕووبەری (٢٨,٣٥) دۆنم تێدا ئەنجامدراوە. وەبەرهێنانی سەربەخۆی تورکیا و وەبەرهێنانی هاوبەشی تورکیا-عێراق لەو ڕووەوە لەیەک دەچن، کە تەنها پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی گرتووەتەوە، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە جیاوازن بەوەی لە جۆری یەکەمیان پارێزگای هەولێر لە پێشەوەیە بۆ ژمارە و سەرمایەی

پرۆژەکان سەرەڕای پێویستبوون و خواست لەسەری، هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان ئـارامترین و بـێ مەترسـیترین شـوێنە بـۆ وەبەرهـێنـەرە تورکییەکـان، بەڵام لە جـۆری دووەمـدا پارێزگـای دهـۆک پـێش هەولێـر کەوتـووە، جـگە لەوەی پارێزگـای دهـۆک (٢) پـرۆژەی زیـاترە پارێزگـای هەولێـر، بەوەی (٦٥،٦٤%)ی کـۆی سـەرمایەی بەگەڕخـراوی بەشـێوەی هـاوبەش بەرکەوتووە لە کاتێکدا پارێزگای هەولێر (٣٤،٣٦%)ی بەرکەوتووە، وەک (لە نەخشەی-١٤) دیارە. هۆکاری دابەشبوونی سەرمایەی وەبەرهێنانی هاوبەش لە نێوان بەدەر لەخواست و پێویستی بەو پرۆژانە، بوونی پەکەکە لەو ناوچە سنوورییانە، جێگەی دڵنیای تەواو نییە بۆ وەبەرهێنەرە تورکییەکان، بۆیە زیاتر بە هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا لە دهۆک پرۆژەیان ئەنجامداوە.

(نەخشەی- ١٤)

ڕێژەی سەرمایەی بەگەڕخراوی هاوبەش (تورکیا-عێراق) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: (خشتەی- ١٨).

به مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاشتی درێژخایەن لە ناوچەکەدا، تورکیا ڕێبازێکی گرتەبەر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارێکدا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێت بێمتمانەیی یەکتر و بەربەستە دەروونییەکان تێپەڕێنرێت، ئاماژە بەوە کرا کە دەتوانرێت گرژییەکان و کێشە ناوچەییەکان بە ڕێگەی ئابووری چارەسەر بکرێن[١]؛ هەر بۆیە پەیوەندییە ڕامیارییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە بنیاتنانەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا، لەم ڕووەوە ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە، ئەنجامی کاریگەری ئەو پەیوەندییانەیە بووە هۆی هاتنی کۆمپانیایەکی زۆری تورکی بۆ هەرێمی کوردستان بە گشتی هەولێر بە تایبەتی، بەڵام زۆر پرۆژەی وەک فڕۆکەخانەی دهۆک و چەندین پرۆژەی تر لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠١٤) وەستاون بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەتی هەرێم لەژێر ئەم قەیرانی داراییەدا کاریگەری لەسەر کۆمپانیا تورکییەکانیش هەبووە، چونکە توانای دابینکردنی داواکارییەکانیانی نییە[٢].

ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١٣) هەرێمی کوردستان بەهێزترین ناوەندی چالاکی بازرگانی و وەبەرهێنان بووە لە ناوچەکەدا، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ٤٨٥ کۆمپانیا تورکی تێدا تۆمارکراوە، لە ساڵی ٢٠١٣ بەرزبووەتەوە بۆ ١٥٠٠ کۆمپانیا، کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان و بازرگانییان کردووە، وەک لە (شێوەی- ٤) خراوەتەڕوو. زۆربەی ئەم کۆمپانیانە لە کەرتەکانی وزە و بیناسازیدا کاردەکەن[٣]. لە کاتێکدا کۆی گشتی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان کە تۆمارکراون (٣٣١٤) کۆمپانیایە، کۆمپانیا تورکییەکان بە بەراورد بە کۆمپانیا بیانییەکان لە ڕیزبەندی یەکەمدان، ڕێژەی (٤٥%)ی کۆی گشتی کۆمپانیا بیانییەکان پێکدەهێنن، دوای ئەویش

---

(١)- Zülfü DAĞDEVİREN, TÜRKİYE İLE IRAK KÜRDİSTAN BÖLGESEL YÖNETİMİ (IKBY) ARASINDAKİ TİCARİ İLİŞKİLER ÜZERİNE BİR ANALİZ, İktisadi ve İdari Araştırmalar Dergisi, C. 4, S. 2, 2021, S. 122.

(٢)- Halgr N. Tairo & Prof. Dr. Celal Nazım Irem, The Impact of (KRG) on the Relations between Turkey and Iraq Since 2010, International Journal of Contemporary Research and Review, May 2018, V 9, Issue 05, P. 20467.

(٣)- Muhsin Baran ve Muzaffer Ercan Yilmaz, Türkiye-Irak Kürt Bölgesel Yönetimi (IKBY) İlişkilerinde Güvenliksizleştirmeler: 2008-2016 Arası, ÇOMÜ Uluslararası Sosyal Bilimler Dergisi 3 (2), 341-361, 2018, S. 360.

کۆمپانیا ئێرانییەکان بە پلەی دووەم دێن بە هەبوونی (٣٦١) کۆمپانیا ڕێژەی (١١%)کۆی گشتی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان پێکدێنن[١].

(شێوەی- ٤)

ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان لە ناوچەی توێژینەوە لەنیوان سالانی (٢٠٠٩-٢٠١٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- جەواد سەعید، بۆچی ئابووری کوردستان هەرەسی هێنا، گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ ١٦، پایزی ٢٠١٦، ل١٦٩.

٢- Muhsin Baran & Muzaffer Ercan Yilmaz, Türkiye-Irak Kürt Bölgesel Yönetimi (IKBY), İlişkilerinde Güvenliksizleştirmeler: 2008-2016 Arası Dönem, COMU International Journal of Social Sciences 3 (2), 341-361, 2018, S 351.

سەبارەت بەو سێکتەرانەی هەرێمی کوردستان کە تورکیا وەبەرهێنان و سەرمایە گوزاری تێدا کردووە بە شێوەیەکی گشتی (٥) سێکتەرە، زۆرترینی سەرمایەش بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون

---

(١)- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، ٢٠١٩.

تەرخان کردووە، کە ژمارەیان (٦) پرۆژەیە بە کۆژمەی (٧٨٢,٠٦٥,٢٦٠) دۆلار، ڕێژەی (٦٣%) کۆی گشتی سەرمایەی سەرجەم سێکتەرەکانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی یەکەی نیشتەجێبوون و خواستی زۆر لەسەری لەلایەن هاوڵاتیانەوە و کڕینی بە قیستی درێژخایەن، جگە لەوەی سێکتەرێکی بە قازانجە کۆمپانیا تورکییەکان لەم بوارەدا ئەزموون و شارەزای و پسپۆڕی باشیان هەیە؛ کەمترین سێکتەریش کە وەبەرهێنانی تێدا کردووە کەرتی تەندروستییە، تەنها (١) پرۆژەی ئەنجامداوە بە کۆژمەی (٢,٣٠٠,٠٠٠) دۆلار، دەکاتە ڕێژەی (٠,١٩%) سەرجەمی سەرمایەی بەگەڕخراو، لە (خشتەی- ١٩) و (شێوەی- ٥) دیارە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم کەرتە زیاتر وەبەرهێنانی خۆماڵی پرۆژەی تێدا ئەنجامداوە و پێویستییەکانی تا ڕادەیەک پڕکردوەتەوە.

(خشتەی- ١٩)

ژمارە و ڕێژەی وەبەرهێنانی کۆماری تورکیا لە سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالانی (٢٠٠٩-٢٠١٥)

| سێکتەر | ژ. پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | سێکتەر بۆ سەرمایە % |
|---|---|---|---|---|
| تەندروستی | ١ | ٢,٣٠٠,٠٠٠ | ١,١ | ٠,١٩ |
| پیشەسازی | ٦ | ٢٩٧,٨١٧,٦٨٣ | ٢٢٢,٠ | ٢٤,١٦ |
| گەشتیاری | ١ | ٣١,١٢٢,٢٠٠ | ١,٠ | ٢,٥٢ |
| فێرکردن | ٢ | ١١٩,٤١١,٥٣٠ | ٣٥٢,٠ | ٩,٦٩ |
| نیشتەجێبوون | ٦ | ٧٨٢,٠٦٥,٢٦٠ | ٨٠٠,٩ | ٦٣,٤٤ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١,٢٣٢,٧١٦,٦٧٣ | ١,٣٧٧ | ١٠٠,٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

(شێوەی- ٥)

ڕێژەی وەبەرهێنانی تورکیا لە سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان، ٢٠٢١.

**تەوەری دووەم: ئاسۆی ئایندەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان**

وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا بە هەردوو جۆرەکەی (سەربەخۆ وهاوبەش) لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٦) بووە، واتە تەمەنی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە (٨) ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا، سەبارەت بە ئاسۆی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەردولایان وە دۆخی لەباری ژینگەی وەبەرهێنانەوە، کە خۆی لە ڕەگەزەکانی (سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، دۆخی ئابووری، یاساکانی وەبەرهێنان و ژێرخان لە خزمەتگوزاری) دەبینێتەوە؛ ئەگەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوان هەردوولا وە ژینگەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا لەبار بێت ئەوا وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێم ئاسۆیەکی گەشی دەبێت، بەڵام لە دۆخی خراپبوونی پەیوەندییە ڕامیارییەکان و نا لەباری ژینگەی وەبەرهێنان ئەوا وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کورستاندا ئاسۆیەکی باشی نابێت، بۆ زیاترڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دوو سیناریۆ دەیخەینەڕوو ئەوانیش بریتین لە:-

- سیناریۆی یەکەم: پێشهاتە سیاسی و ئەمنییە ناوخۆی و دەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر ئایندەی وەبەرهێنان بە گشتی و وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، گەر هاتوو هەرێم بە دۆخێکی سیاسی سەقامگیردا تێپەڕببێت، چاکسازی سیاسی زیاتر بکات چ لەسەر ئاستی ناوخۆی پەیوەندییە سیاسییەکانی حیزب و لایەنەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەقینە و بەشداری سیاسی و پێکەوە سازان بێت و هەروەها پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و لێتێگەشتن بێت، لەسەر ئاستی دەرەکیش پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ دەرەوە و وڵاتانی دراوسێیدا، بە تایبەت تورکیا بەهێز بێت ئەوا دەبێتە هۆی ڕاکێشانی زیاتری وەبەرهێن و کۆمپانیا تورکییەکان و خستەگەڕی زیاتری سەرمایەکانیان لە پرۆژەکاندا، لەگەڵ هەبوونی سەقامگیری سیاسی و بەرجەستەبوونی سەقامگیری ئەمنیش وا دەکات وەبەرهێن و سەرمایەگوزارە تورکییەکان زیاتر هەست بە دڵنیایی و گرەنتی بکەن سەبارەت بەو سەرمایەیەی دەیخاتە گەڕ لە پرۆژەکاندا وە چاویان لە قازانجەکەی دەبێت داهاتوودا، هەر بۆیە زۆرترین پرۆژەی وەبەرهێنان و خستنەگەڕی سەرمایەی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا لەو ساڵانەدا بووە کەوا سەقامگیری سیاسی و ئەمنی بوونی هەبووە؛ هەروەها ئەگەر دۆخی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باش بێت و قەرزە کەڵەکەبووەکانی لەسەر سوک بێت، ئەو کات دەستکراوەتر دەبێت وە بواری باشتر بۆ دەرەخسێت لە ڕێککەوتن لەگەڵ وەبەرهێن و کۆمپانیا تورکییەکان و توانای ئەوەی دەبێت داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات و شایستە داراییەکانییان پێبدات لە کاتی خۆیدا، بە نموونە هاتنی بەشە بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە یارمەتیدەرێکی باش بوو لەم ڕووەوە؛ تەنها لە ساڵانی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان حکومەتی ناوەندی عێراق بڕی (٧٥,٠٢٠) ملیار دۆلاری وەک بەشە بودجە ناردوە بۆ هەرێمی کوردستان[1]، ئەمەش ڕۆڵی پۆزەتیڤی بینی لە بوژانەوەی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و چڕبوونەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەو ماوەیەدا.

- سیناریووی دووەم: لە ئەگەری هەر شەڕێکی نەخوازراو لە داهاتودا کە دووچاری هەرێمی کوردستان ببێتەوە دۆخی ئاسایشی تێکدەچێت، بەمەش جێی بە وەبەرهێنان بەگشتی و لەنێوانیشیاندا وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێم تەنگ دەکاتەوە، هەر وەک چۆن لە ڕابردودا شەڕی داعش ژینگەی وەبەرهێنانی تێکدا و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تورکیا وەستا، گەر لە داهاتودا هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچە سنوورییەکانی،

---

(١)- محەمەد ڕەئوف، بودجە و کارتێکەرەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچانە و ناوچەکانی تری هەرێم پەرە بسێنێت جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی لای وەبەرهێنەرانی تورکیا دروست دەکات لەوەی کاری سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن؛ بۆ ناسەقامگیری سیاسیش بە هەمان شێوەیە، تانانەت ئەو دابەشبوونە کارگێڕی و سیاسییەی لە ناوخۆی هەرێمدا هەیە بەردەوام بێت کاریگەری دەبێت لە ئەنجامدانی شوێنی پرۆژەکان و دابەشبوونیان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا بەشێوەیەکی نایەکسان وەک چۆن لە ڕابردوودا هەموو سەرمایە و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تورکیا لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک بوون، هەروەها لە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و بەردەوامبوونی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، وەک پرسی گرێبەستە نەوتییەکان کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەنجامدراون و لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە پەسەندنەکراون، سکاڵاکانی دادگای فیدراڵی لەسەر ئەو گرێبەستانەی کۆمپانیا تورکییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆیان کردووە چارەسەر نەکرێت چیتر تورکیا ناتوانێت گرێبەستی تر لە داهاتودا ئەنجام بدات؛ ئەمەش لەبەر بوونی دوو یاسای نەوت و گاز و دوو یاسای وەبەرهێنان یەکێکیان لە عێراق و ئەویتر لە هەرێمی کوردستان، بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆخی وەبەرهێنان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا، لە پێناو ئەوەی ژینگەی یاسایی هاندەر بێت بۆ وەبەرهێنان ئەبێت چەند بنەمایەکی تێدا بێت، وەک بوونی یاسایەکی یەکگرتوو کە ڕۆشن و جێگیر بێت پێچەوانە نەبێت لەگەڵ یاساکانی تری پەیوەندیدار پێوەی، لەگەڵ بوونی گرەنتی پێویست بۆ پاراستنی مافی وەبەرهێن و بوونی سیستەمێکی ڕاپەڕاندن کە بتوانێت یاسا و پابەندییەکان جێبەجێ بکات لەگەڵ چارەسەری ئەو کێشانەی لەنێوان وەبەرهێن و دەوڵەتی خانەخوێدا دێنە کایەوە[1]، ئەمە جگە لەوەی ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ئەمنی وادەکات گەندەڵی ئیداری بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بێمتمانەیی و زیادبوونی تێچووی وەبەرهێنان[2]، بە تێکچوونی دۆخی ئەمنی هەرێم لە داهاتوودا نەک هەر ئەگەرێکی زۆر لاوازە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە تورکییەکان کاری وەبەرهێنان بکەن بەڵکو ئەو کۆمپانیا و کارمەندانەشی ئێستا ماونەتەوە، دەکرێت لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان جێبهێڵن، بۆ دۆخە سیاسییەکەش بەهەمان شێوە گەر حکومەتی هەرێم پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ تورکیا

---

(١)- پەیام محەمەد تاهیر، لەمپەر و ڕێگرییەکانی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢، سلێمانی، ئایاری٢٠١٦، ل١٢٩.

(٢)- نبيل جعفر عبد الرضا و عدنان فرحان الجوارين، واقع البيئة الاستثمارية في اقليم كردستان و سبل تطويرها، بحث مقدم الي المؤتمر العلمي الاول لجامعة نوروز، ٢٠١٢/٣/٢٩، ص١٣.

بەرەو پاشەکشە و گرژی بڕوات بە هەر هۆکارێک بێت، ئەوا وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو داکشان دەڕوات و بە ڕاوەستاوی دەمێنێتەوە.

زۆربوونی دانیشتوان یەکێکە لەو ڕەگەزانەی وا دەکات پرۆژەکانی وەبەرهێنان زیاتر بێت چونکە دانیشتوان پێویستییان بە خزمەتگوزاری و شوێنی نیشتەجێبوونە ئەمەش بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە پێداویستییەکانیان فەراهەم بێت، وەک لە بەشەکانی پێشتر خستمانەڕوو ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، پێکهاتبوو لە (٦,١٧١) ملیۆن کەس، بە پێی خەمڵاندن و مەزەندەکارییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم لە ساڵی (٢٠٣٠)دا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم دەگاتە (٧,٥٠١) ملیۆن کەس و ساڵی (٢٠٤٠) ئەم ژمارەیە دەگات بە (٨,٨٤٧) ملیۆن کەس[(١)]، واتە لە ماوەی (٢٠) ساڵی داهاتوودا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (٢,٦٧٦) ملیۆن زیاد دەکات، بێگومان ئەمەش پێوستی دانیشتوان لە خزمەتگوزاری و هەلی کار زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی هەڵکشانی ژمارە و قەبارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە سێکتەرە جیاوازەکاندا، گەر بێت و ژینگەی وەبەرهێنان لە هەرێم فەراهەم بێت، لەم نێوەندەدا وەبەرهێنانی بیانی بەتایبەت وەبەرهێنانی تورکیا پشکی شێری بەردەکەوێت گەر هاتوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کورستان وەک ساڵانی وەبەرهێنانی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دوای وڵاتی ئیمارات دووەم وڵات بووە زۆرترین سەرمایەی لە هەرێمی کوردستان خستوتەگەڕ.

---

(١)- ماجد عوسمان، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، شوباتی ٢٠٢١، ل٣٢.

# دەرئەنجامەکان

## دەرئەنجامەکان

لە ژێـر ڕۆشـنایی نـاوەرۆکی ئەم تـوێژینەوە گەشـتین بەو دەرئەنجـامەی کە پەیوەنـدییە ڕامیارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کاریگەری هەبووە لە سەر ئابووری هەرێمی کوردستان، لە خوارەوەدا بە چەند خاڵێک ئاماژەی پێ دەدەین:

١- ناوچەی توێژینەوە شوێنێکی داخراوی کیشوەری هەیە، ناکەوێتە سەر سنورێکی ئاوی ئازادەوە، بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوە دەبێت لە ڕێگەی عێراق یان یەکێک لە دراوسێکانییەوە بێت، لە ئەگەری دروسـتبوونی هەر کێشـەیەی ڕامیـاری بەتـایبەت مەسـەلەی نەتەوایەتـی، لەگەڵ دراوسێکانیدا توشی قەیرانی ئابووری دەبێتەوە.

٢- لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەسەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و ئێرانەوە دێن، بەڵام بە هۆی ڕێژەی دابارین و هەبوونی چەندین بەنداوەوە هەرێم خاوەنی زیاتر لە (٤٠) ملیار م[٣] ئاوە، باش بەڕێوەنەبردنی ئەم دەرامەتە و نەبوونی سیاسەتێکی ئاوی گونجاو وایکردووە زۆرینەی بەفیڕۆ بڕوات، بە تەواوبوونی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا وئێران لە داهاتودا هەرێم توشی گرفتی کەمئاوی دەکاتەوە.

٣- ناوچەی توێژینەوە دەوڵەمەندە بە بوونی دەرامەتی سروشتی بەڵام نەوت و گازی لێ دەرچێت، نەیتوانیـوە ئەم دەرامەتـانە وەبەربهێنێـت و ئـابوورییەکی بەهێـزی پـێ بنیـات بنێـت، بەرهەمهێنانی نەوت و گازەکەشی گرفتی ڕامیاری، ئابووری، ستراتیجی، بۆ دروستکردووە.

٤- مێژووی ڕامیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قۆناغی شەڕ و ئاشتی و دابەشبوون و یەکگرتنەوە تێپەڕیوە و قۆناغی ئۆپۆزسیونبوونیشی بە خۆیەوە دیووە، لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتدا (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) زۆرینەی دەسەڵاتیان پێکهێناوە و بڕیاردەر و فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستان بوون.

٥- هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرمایەی مرۆیی و هێزی کارە، بەوەی تەمەن گەنجەکانی ڕێـژەی (٦٠%)ی کـۆی دانیشـتوان پێکـدەهێنن، بەڵام نەتـوانراوە بە تەواوی سـود لە تواناکانیـان وەرگـرن بـۆ بەرەوپێشـبردنی کەرتـی ئـابووری، سـاڵی ٢٠١٥ ڕێـژەی بێکـاری لە هەرێـم گەشتووەتە(١٣%)، ئەمەش وایکردووە کۆچ بۆدەرەوە بکەن.

٦- بەتایبەت لەگەڵ (پ.د.ک)، لەبەر ئەوەی ئەم حیزبە جومگە سەرەکییەکانی حکومەتی بە دەستەوەیە و لە ڕووی جوگرافیاوە هاوسنووری تورکیایە، پاڵنەرەکانی ئەم پەیوەندییەشیان ئەمنی و ئابووری و ڕامیارین.

٧- بۆردومـــان و لەشکرکێشـــییەکانی تورکیـــا بـــۆ ســـەر چەکـــدارانی پەکەکە لە هەرێمـــی کوردستان دۆخێکی نا ئارامی بۆ گوندنشینان دروستکردوە، بەجۆرێک تەنها لە پارێزگای دهۆک بـووەتە هـۆی چـۆڵکردنی نـزیکەی (٣٨٠) گونـد؛ لە پارێزگـای هەولێـریش جگە لە بۆردومانەکـانی تورکیا بەر تۆپبارانکردنی ئێران کەوتووە بەوهـۆیەوە نزیکەی (١٨٤) گونـد چۆڵکراوە، سـەرەڕای سـوتانی چەنـدین دۆنـم زەوی کشـتوکاڵی و ڕەز و بـاخی جوتیـاران؛ هاوتەریـب لەگەڵ ئەمەش هەبوونی ئەو دۆخە نا ئارامە لەو ناوچانە بووەتە هۆکار بۆ لە دەستدانی دەیان شوێن و ناوچەی گەشتیاری، چونکە مەترسی لەسەر گەشتیاران هەیە.

٨- پرۆژە پیشەسازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کەمن لە ئاست ئەو هەژمونەیدا نییە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی، ئەو پرۆژانە ڕۆڵێکی وەهـای نەبووە لە بەرەپێشـچوونی کەرتی پیشەسازی هەرێم.

٩- دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن عێراق، حکومەتی هەرێم ئابووری سەربەخۆی ڕاگەیانـد، بـۆ ئەو مەبەسـت پشـتی لە عێـراق و ڕووی لە تورکیـا کـرد، بەهـۆی ئەم هەنگـاوە و ڕووداوەکانی ترەوە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانی ئـابووری بـوو، توشـی قەرزێکی زۆر هات، بەڵام تورکیا قازانجێکی زۆری لێ بەدەست کەوتووە.

١٠- هەرێمی کوردستان خاوەن بونیادێکی ئابووری لاوازە، نەوتی لێ دەرچێت بەرهەمێکی وەهای نییە هەناردەی دەرەوەی بکات؛ بەشی زۆرینەی پێداویستییەکانی خۆی لە دەرەوی وڵاتەوە دەهێنێ تەرازووی بازرگانی لاسەنگ کردووە، بووە بە پاشکۆی ئابووری کۆماری تورکیا و ئێران و بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بەجۆرێک ساڵی (٢٠١٣)دا، سێیەم بـازاڕی هەنـاردەی تورکیا بووە.

١١- ئیبراهیم خەلیل تاکە دەروازەی وشکانی نێوان تورکیا و عێراقە بە مەبەستی بازرگـانی سەنگێکی ئابووری بەهێزی هەیە بۆ هەرێم، تێکڕای سـاڵانەی قەبـارەی ئـاڵوگۆڕی بازرگانی تێیدا زیاتر لە (٧) ملیار دۆلار بووە، بە کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکۆی لە نێوان تورکیـا و عێراق وەک جێگرەوەیەک بۆی، هەمان ئەو سەنگە و بەهایەی ئێستای نامێنێت.

١٢- تورکیا تاکە ڕێڕەوی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بووە بە ڕێگەی بۆری، لە سـاڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) ئەوەی هەنـاردەی کردووە بە بۆری و تەنکەر بۆ بەنـدەری جەیهانی تـورکی زیـاتر لە (١) ملیار بەرمیل بووە، بە بڕی (٤٥,٩) ملیار دۆلار فرۆشتویەتی و (١٥,٥) ملیار دۆلاری بۆ ماوەتەوە.

١٣- هەرێمی کوردستان لە بەرهەمهێنانی گازدا پێشینەیەکی وەهای نییە لەچاو بەرهەمهێنانی نەوتدا، نیازی هەیە لە داهاتوودا ڕێگەی تورکیاوە گـاز هەنـاردەی بازاڕەکـانی جیهانی بکات، بەڵام بەهۆی کەمی بەرهەمەوە هێشتا پێداویستی ناوخۆی پڕنەکردوەتەوە.

١٤- لەنێو هەموو وڵاتانی بیانی وەبەرهێن لە هەرێمی کوردستاندا تورکیا لە دوای ئیمارات بە پلەی دووەم دێت، کە زۆرترین پرۆژە و سەرمایەگوزاری کردووە لە کەرتە جیاوازەکاندا، بە شێوەی سەربەخۆ و هاوبەش؛ لەماوەی سالانی (٢٠٠٨-٢٠١٦)، (٢٢) پرۆژەی بە شێوەی سەربەخۆ و هاوبەش بە گوژمەی (١,٤٨٤) ملیار دۆلار ئەنجامداوە؛ زۆرترینی سەرمایەی بەشێوەی سەربەخۆ بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون تەرخان کردووە، بە گوژمەی (٧٨٢,٠٦٥) هەزار دۆلار، ئەمەش ڕێژەی (٦٣%) کۆی گشتی سەرمایەی سەرجەم سێکتەرەکان بووە.

١٥- ئاسۆی پەیوەندییەکانی هەرێم تورکیا دەوەستێتە سەر ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریە دەرەکی و ناوخۆیانەی لەناوچەکە ڕوو دەدەن، هۆکارە ئەمنی و سیاسی و ئابووریەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ئاراستەکردنی ئەم پەیوەندیانە لە نێوان هەرێم و تورکیا.

١٦- ئاسۆی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەوەستێتە سەر پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا و ژینگەی وەبەرهێنانەوە، گەر پەیوەندییە ڕامیارییەکانی نێوانیان بەرەوپێشەوە بچێت و ژینگەی وەبەرهێنان لە دۆخێکی باشدا بێت وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێم ئاسۆیەکی گەشی دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە درووستە.

# ڕاسپاردەکان

## ڕاسپاردەکان

پاڵپشت بەو دەرئەنجامەی لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا پێی گەشتوین کۆمەڵێک پێشنیاز لەسەر ئەو بنەمایە دەخەینەڕوو:-

١- ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا لەسەر بنەمای یاسا و دەستوور وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، بەجۆرێک ئەم پەیوەندییە خزمەت بە تەواوی گەلی کوردستان بکات نەک تەنها لە بەرژوەندی حیزب و لایەنێک بێت.

٢- نێوەندگیریکردنی حکومەتی هەرێم لە چارەسەرەکردنی کێشەی پەکەکە بە ڕێگەی ئاشتییانە و زیندوکردنەوەی پرۆسەی ئاگربەستی نێوان پەکەکە و تورکیا، تا چیتر هەرێمی کوردستان نەکەوێتە بەر داگیرکاری و شاڵاو و لەشکرکێشیەکانی سوپای تورکیا بە بیانووی هەبوونی پەکەکە لەو ناوچانەدا.

٣- پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاو بنێت بۆ فرەچەشنکردنی ئابووریەکەی، بە برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و پیشەسازی، هەلومەرج گونجاوە بۆ پیشخستنیان، بەڵام پێوستی بە سیاسەتی حکومەت هەیە ستراتجی کارەکانی بەرە و ئەم کەرتانە ئاراستە بکات، وەک ئاشکرایە هەرێمی زۆرینەی دەرامەتە سروشتییەکانی تێدایە، بەڵام زۆری بودجەکەی پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، لەم ڕووەوە کەرتەکانی تر پشتگوێ خراون، بۆیە لە حاڵەتی هاتنە پێشی هەر کێشەیەک بۆ کەرتی وزەکەی، توشی گرفتی دارایی دەبێتەوە.

٤- پێویستە هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە تەنها پشت بە تورکیا نەبەستێت و هەموو سێوەکان نەخاتە سەبەی تورکیاوە، بەڵکو هەوڵ بدات هاوسەنگیەک ڕابگرێت لە پەیوەندیەکانی لەنێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێیدا، بۆ ئەوەی لە دۆخی پشت تێکردن و فشار هێنانی وڵاتێکیان بۆ سەری، بژادەی تری لەبەردەستدا بێت لە ئەگەر خنکان و گەمارۆی ئابووری کەم بکاتەوە.

٥- گرنگیدان بە بەرهەمی ناخۆی بە پەیرەوکردنی سیاسەتی خۆبژێوی، دانانی سنوورێک بۆ کەلوپەلی هاوردە لە تورکیاوە، تا بەرهەمە ناخۆییەکان دەکەوێتە سەرپێی خۆی و بتوانێت پێداویستییەکانی دانیشتوان تا ڕادەیەکی باش پڕبکاتەوە، ئەمەش تەرازووی بازرگانی هاوسەنگ دەکاتەوە.

٦- پێویستە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی بکات لە ڕێگەی یاسا و دەستوور، بەتایبەت لە بابەتی وزە (نەوت و گاز) تا کۆمپانیا

نێودەوڵەتیەکان دڵنیای تەواویان هەبێ لەسەرمایە گوزاری کردن و وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنیدا.

٧- هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی باشتری ژینگەی وەبەرهێنان و کارکردن بۆ دەسپێکردنەوەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەو پرۆژانەی کە ستراتیجین و دەبنە هۆی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریەکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: قورئانی پیرۆز**

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**أ- پەرتووک**


١- أحمد، گەرمیان محمد، وزە و چەکی ئەتۆم لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢- ئەحمەد، سەروەر حەمە، کوردستان لە ستراتیجی ڕۆژئاوادا، چ١، دەزگای فام بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠.

٣- بازگر، ئەنوەر حسێن، داعش و میلیشیاکان (سەرهەڵدان و کاریگەریان لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان)، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦.

٤- بازگر، ئەنوەر حسێن، هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان لەنێوان دوو زۆن و دوو جەمسەردا، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.

٥- پیربال، خەسرەو، ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق، و. ئیسماعیل خەلیل ئیسماعیل، چ٢، بێ ناوی چاپ، هەولێر، ٢٠٠٢.

٦- حاجی پیرە، سەرکەوت عەبدوڵا، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد، چاپخانەی یاد، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧.

٧- حەسەن، عیمادەدین عومەر، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

٨- حەسۆ، مراد خۆشەڤی، گۆڕانکاریەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق(١٩٩٠-٢٠٠٥)، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

٩- حەمە کریم، هێرش عەبدوڵلا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا) ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٣.

١٠- حەمە کەریم، هێرش عەبدوڵا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا (١٩٩١-١٩٩٨)، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١١- ڕۆستی، نادر، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوورییەکی بەهێز، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.

١٢- ڕەشید، سەلاح، شەڕی ناوخۆی کورد (بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرەنجام)، چ١، لە بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٣- ڕەوف، محەمەد، هەڵبژاردن لە کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٠)، چ١، چاپخانەی ئارۆ، سلێمانی، ٢٠١١.

١٤- ڕەئوف، محەمەد، بودجە و کارتێکەرەکانی ((شیکاری گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم (٢٠٠٤-٢٠١٤))، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٥- ڕەئووف، پێشەوا شێخ، زیان و مەترسییەکانی سوتاندنی غاز، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٩.

١٦- زەڵمی، ساری ئەبو بەکر، فرەچەشنکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٧- ستانسفیلد، گەراس ئاڕ. ڤی، کوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسیی)، و. یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٨- سەعید، کامەران تاهیر، جوگرافیای عێراق سروشتی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

١٩- سۆفی، ڕێبین محمد، مافی گەلی کورد لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٠- سەنگاوی، نجم، باشوری کوردستان ڕووداو و دەستکەوتەکان لە (١٩٠٠ تا ٢٠١٦)ز، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی٢٠١٧.

٢١- سەنگاوی، نجم، کوردستان و سەرکردە و دەستەڵات و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٤)، چ١، بێ ناوی چاپخانە، ٢٠١٤.

٢٢- عبدالله، بایەزید حسن، سامانی نەوت و گازی عێراق و پشکی کورد لە بەڕێوەبردنیدا، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٣- عەزیز، سەردار، تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەک؟، چ١، ژووری توێژینەوەی ڕامیاری بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢٤- عەزیز، سەردار، حکومەت و سامانی سروشتی لە کوردستان، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، ٢٠١٣.

٢٥- عەقراوی، محمد ساڵح، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧.

٢٦- غانم، علی ئەحمەد، جوگرافیای ئاوهەوا، و. گۆران ڕەشید ئیمامی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، ٢٠٠٩.

٢٧- غەفور، عەبدوڵڵا، جوگرافیای باشووری کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٨- فتح الله، سفين جلال، بنچينە و بنەماكانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٣.
٢٩- قادر، پەروێز ڕەحیم و صالح، نەجات عەلی، كاریگەرییەكانی توركیا لەسەر هەرێمی كوردستان، چ١، چاپخانەی موكریانی، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٠- گەلاڵی، كەوسەر عەزیز، باشووری كوردستان لە ١٩٥٨وە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی كاروان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣١- محمد، شاڵاو عبدالخالق، دیبلۆماسییەتی خوێنی ڕەش، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٧.
٣٢- نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین، لێكۆڵینەوە كوردستانییەكان، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.
٣٣- محەمەد، هاوڕێ یاسین، لێكۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی كوردستان، چ٣، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.
٣٤- هۆف، ڕوود و ئەوانی تر، هەڵبژاردنەكانی كوردستانی عێراق (١٩ی مایسی ١٩٩٢)، و. صفوەت رشید صدقی، چ١، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠١٣.

**ب- نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا**

١- حەسەن، گوڵبەند مستەفا، گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمی كوردستان-عێراق (٢٠٠٦-٢٠١٢)، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكان، ٢٠١٤.
٢- ڕەسوڵ، ڕێبین ڕۆستەم، بایەخی توخمە سروشتییەكانی هەرێمی كوردستان، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی كۆیە، فاكەڵتی پەروەردە، بەشی جوگرافیا، ٢٠٠٤.
٣- شریف، هێمن احمد شریف، گازی سروشتی هەرێمی كوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی كۆیە، فاكەڵتیی پەروەردە، ٢٠٢٢.
٤- طە، ڕزگار خضر، ئاسایشی ئاو لە هەرێمی كوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی ڕاپەڕین، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، ٢٠١٧.
٥- عبدالرحمن، كاوە محمود، پاشكۆیەتی خۆراک و كاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی ڕاپەڕین، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، ٢٠٢١.

٦- عەبدوڵڵا، سەلام عەبدولکەریم، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیوەندیە هەرێمییەکانی تورکیا (١٩٨٠-١٩٩٩)، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٧.
٧- گەردی، گەنجۆ خەسرەو محمد ، بایەخی جیوپۆلەتیکی ڕووبەر و شێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠١٦.
٨- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٩.
٩- محمد، چنار بابەکر، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، ٢٠١٥.
١٠- هەمەوەندی، یادگار عبدالله علی، ڕەهەندە سیاسییەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠٠٨.

**ت- ڕاپۆرت و توێژینەوەی ئەکادیمی**

١- محەمەد، ئاڵا ڕەفیق، کاریگەرییەکانی شەڕی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، ٢٠١٦.
٢- حسێن، محمد، ناوەندی نالیا بۆ سیاسەتە گشتییەکان (NCPP)، غازی سروشتی کوردستان (بازاڕ و هیوا و مەترسییەکانی)، بێ ژمارەی چاپ و چاپخانە، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٣- عەباس، گەیلان، هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان (لێکەوتە و سیناریۆکان)، ژووری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ئابی ٢٠٢٠.
٤- عبدالله، فەرهاد حەسەن، کوردستان هەرێمی خاوەن نەوت لە قەیراندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٥- عەبدوڵا، فەرهاد حەسەن، هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەژموونی داگیرکاری تورکیا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ئایاری ٢٠١٨.
٦- عوسمان، ماجد، ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، شوباتی ٢٠٢١.
٧- محەمەد، قارەمان نادر، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر (توێژینەوەیەکی مێژووی ڕامیارییە)، دەزگای ستاندەر بۆ ڕاگەیاندن و توێژینەوە، ژ ٢٣، هەولێر، کانونی یەکەمی ٢٠١٨.

٨- سەعیدی، فاتح، قوتابخانە گولەنییەکانی باشوری کوردستان (ئایدیولۆژی و مەنهەجی خوێندن)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، و. نزار سابیر، سلێمانی، ٢٠١٨.

**ث- گۆڤار**

١- ئەحمەد، زوبێر ڕەسوڵ، تورکیا و هەرێمی کوردستان ئابووری یان ئاسایش تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێ، گۆڤاری توێژەر، بەرگی٣، ژ ٢، بەهاری ٢٠٢٠.
٢- أحمد، ئامانج حسن، ڕۆڵی سیاسی و ئابووری تورگوت ئۆزاڵ لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆی، بەرگی ٤، ژ ٣، سلێمانی، ٢٠١٨.
٣- باجێ، کریستینا، پشت بەیەکبەستنی ئابووری هاوبەش یان ناهاوسەنگی ئابووری: بوونی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، و. بێستون حسێن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ ٣٩، سلێمانی، ئابی ٢٠١٩.
٤- بێ ناوی نووسەر، بلۆکەکانی نەوتی هەرێم بەپێی دابەشکردنی کۆمپانیاکان، ڕاپۆرت لێکۆڵینەوەی وزە، گۆڤاری وزە، ژ١، هەولێر، شوباتی ٢٠١٥.
٥- بێ ناوی نووسەر، ڕاپۆرتی تورکیناسی لەبارەی هەوڵەکانی ئۆزاڵ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، گۆڤاری تورکیاناسی بۆ دیالۆگ و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ساڵی یەکەم، ژ ١، هەولێر، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩.
٦- بێ ناوی نووسەر، ڕیفراندۆم ئەزمونێک بۆ ئایندە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢٨، سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١٨.
٧- بێ ناوی نووسەر، کوردستان بەهەشتی هاوردەکاران و دۆزەخی هەناردەکاران، ڕاپۆرتی گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ١٦، سلێمانی، پایزی ٢٠١٦.
٨- تاڤینگ، شوان، پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردستان زەرورەتێکی مێژووی، گۆڤاری تورکیاناسی، ساڵی یەکەم، ژ ١، هەولێر، کانونی یەکەمی ٢٠٠٩.
٩- تالیب، جەزا تۆفیق و حمە، سروە جلال، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئابووری دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٧-٢٠١٢)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ١، ٢٠١٩.
١٠- تالیب، جەزا تۆفیق، پێکاتەی ئابووری دانیشتوان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ ١، ساڵی حەوتەم، سلێمانی، شوباتی ١٩٩٩.
١١- تالیب، جەزا تۆفیق، جیوپۆلەتیک و دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ١، ساڵی هەشتەم، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٠.

١٢- تاليب، جەزا تۆفیق، داهاتی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٣، ساڵی چوارەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.
١٣- تاهیر، پەیام محەمەد، لەمپەر و ڕێگرییەکانی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢، سلێمانی، ئایاری٢٠١٦.
١٤- حسێن، محەمەد، ئاڵنگارییەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژ٤٠، سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١٩.
١٥- حەمە، هاوڕێ حەسەن، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە دوای لە دەستدانی ناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ١٨-١٩، تشرینی یەکەمی ٢٠١٧.
١٦- خدر، ئەحمەد عەبدوڵلا، کورتەیەک لەسەر کورد و هەڵبژاردن لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ ١٥، ساڵی سێیەم، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٠.
١٧- دلی، خورشید، گۆڤاری دۆسەی تورکیا، داعش و نەوت لەستراتیجی تورکیا لەناوچەکەدا، ژ١٠، ئەیلولی ٢٠١٤.
١٨- داغدەڤیرەن، زلفو، پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق، و. ڕەنجە عەبدوڵا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ ١٢، سلێمانی، ئازاری ٢٠٢٢.
١٩- زریان ڕۆژهەڵاتی، ڕۆڵی فاکتەری وزە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژ٦، ئابی ٢٠٠٧.
٢٠- ڕۆژهەڵاتی، زریان، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٦)، دۆسێی تورکیا، ژ ٥، سلێمانی، ئازاری ٢٠٠٧.
٢١- ڕۆژهەڵاتی، زریان، قۆناغی چوارەم لە پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقی دوای سەدام، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژ١١، سلێمانی کانونی دووەمی ٢٠١٥.
٢٢- ڕۆستم، شیلان احمد، ڕەوشی ئۆپۆزسیون لە هەرێمی کورددستان دا (بزوتنەوەی گۆڕان وەک نموونە)، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، بەرگی٢، ژ٣، حوزەیرانی ٢٠١٩.
٢٣- سەعید، جەواد، بۆچی ئابووری کوردستان هەرەسی هێنا؟ گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ١٦، سلێمانی، پایزی ٢٠١٦.
٢٤- شیراوی، دڵشاد سیامەند، ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بونیاتنانی پەرلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٦)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٨، ژ٢، ٢٠٢١.
٢٥- عبدالرحمن، کارزان حسن، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژ١، زستانی ٢٠١٩.

٢٦- علي، احمد ياسين و علي، يادگار عبدالله، التوزيع الجغرافي لحقول نفط في كوردستان العراق، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژ ٨، تشرینی یەکەمی ٢٠١٦.
٢٧- علی، یادگار عبدالله، بایەخی جیوپۆلۆتیکی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی ٤، ژ ١، ٢٠٢١.
٢٨- عەبدول، کریم ساڵح، بۆچی کشتوکاڵ نەبووەتە سەرچاوەی سەرەکی داهات و خۆبژێوی وڵات، گۆڤای گوڵان، ژ٩٥١، هەولێر، ٢٠١٣.
٢٩- عەبدوڵا، فەرهاد حەسەن، پاڵنەر و لێکەوتەکانی ئۆپەراسیونی داگیرکاری تورکیا لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٩، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٢٠.
٣٠- عەبدوڵا، فەرهاد حەسەن، پەیوەندییەکانی تورکیا-یەکێتی: ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی باشووری کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٣٤، سلێمانی، ئازاری ٢٠١٩.
٣١- عەبدوڵڵا، فەرهاد حەسەن، پرۆژەی ئۆپۆزسیونی سیاسی لە کوردستان و لەمپەرەکان و هۆکارەکانی شکستی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٣٨، سلێمانی، تەموزی ٢٠١٩.
٣٢- عەزیز، سامان، ئەفسانەی سەربەخۆی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژ ١٥، سلێمانی، بەهاری ٢٠١٦.
٣٣- عەلی، قارەمان، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم: ئایندەی پەیوەندیەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٢١-٢٢، سلێمانی، شوبات-ئازاری ٢٠١٨.
٣٤- غەریب، مەریوان، بنەماکانی ئابووری کوردستان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا، گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژ ٧، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣٥- غەفور، عەبدوڵلا، دانیشتوانی کوردستان (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتواندا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ ٣، ٢٠١٦.
٣٦- فتح الله، سفین جەلال و ڕەسوڵ، ڕێبین ڕۆستەم، بایەخی جیوپۆلەتیکی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ٤٣، ٢٠١٧.
٣٧- قادر، هێمن محەمەد، کاریگەی وزە لە پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا (١٩٩١-٢٠٢١)، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٧، سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٢١.
٣٨- گۆران، یوسف و ئەوانی تر، جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژ٦، سلێمانی، ٢٠٢٠.
